



# هەستمکرد لە لوبنان دابەزیوم



**رووداو-هەولێر**

هونەرمەندی لوبنانی ئەلیسا دوای سازدانی کۆنسێرتێک لە شاری هەولێر، وەڵامی چەند پرسیارێکی (رووداو)ی دایەوەو هەستی خۆی بەرامبەر شاری هەولێرو دانیشتووانەکەی دەربڕی و گوتی "هەرچەندە کاتم نەبوو زۆر بگەڕێم، بەڵام هەستمکرد لە لوبنان دابەزیوم"، گوتیشی "خەڵکەکە زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکردم"، ئەلیسا بەگەیشتنی بۆ هەولێر لە فڕۆکەخانە رایگەیاند " ئەمە یەکەمجارە مامەڵە لەگەڵ کورد دەکەم، هیچ لەبارەی کوردەوە نازانم، بەڵام کاتێک پێیانڕاگەیاندم کە ئاسایش سەقامگیرە، خۆم یەکلایی کردەوە و بڕیارمدا کۆنسێرت لە هەولێر بکەم". لەو ئاهەنگەدا چەندین بنەماڵەی دەوڵەمەندی هەرێمی کوردستان و خەڵکی بیانی و ژمارەیەکی زۆری لوبنانی کە لە کوردستان دەژین، ئامادەی کۆنسێرتەکەی بوون.

8

# هەژار خدر لە کوێیە



**رووداو- کۆیە**

کەسوکاری پێشمەرگەیەک لە نامەیەکی کراوەدا کە بۆ (رووداو)یان ناردووە، داوای دیاریکردنی چارەنووسی کوڕە ونبووەکەیان دەکەن. کەسوکاری ئەو پێشمەرگەیە لە نامەکەدا دەڵێن هەژار خدر، تەمەن 35 ساڵ، کە دانیشتووی گەڕەکی ئیسکانی کۆیەیە و پێشمەرگەی فەرماندەیی یەکێتییە، کاژێر 9ی شەوی 2010/5/6 چەند چەکدارێک هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵەکەی و بردوویانە. هەژار، کە خاوەنی 2 جگەرگۆشەیە (خۆشی و خۆزگە) تا ئێستا بێسەرو شوێنە و خێزانەکەی هیچ شتێک لەبارەی چارەنووسی نازانن. وەک لە نامەکەشدا ئاماژەیان پێداوە "هەرچەندە ئێمە باش دەزانین هەژار لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتی بەندکراوە، بەڵام بەداخەوە کەس ئەو راستییەمان پێ ناڵێت". هەروەها لەنامەکەدا هاتووە کە ئەوان بڕیاریانداوە چیتر لەبەر خاتری دوو جگەرگۆشەکەی لە ونکردنی هەژار بێدەنگ نەبن.

10


Rûdaw
روداو

ژمارە (100)

دووشەممە 2010/2/22

3ی رەشەمێ 2709

(750) دینار

www.rudaw.net

چاپی کوردستان

خوێنەری رو و زۆر دەزانێت


# کۆمەڵ و یەکگرتوو دەڵێن گۆڕان سلێمانی دەباتەوە



## عیماد ئەحمەد: گێمی دووەم بۆ یەکێتی قورسە بەڵام دەیبەینەوە



تێکەڵبوونێکی بە رکەبەرانەی نێوان لایەنگرانی یەکێتی و گۆڕان لە شەقامی سەهۆڵەکە لە سلێمانی (فۆتۆ: رووداو)

**رووداو-سلێمانی**

عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی بۆ حیزبەکەی بە "ئیمتیحانێکی قورس" ناوبرد و راشیگەیاند کە "گێمی دووەمی یارییەکە قورسە"، بەڵام لە ئامادەکارییەکانی یەکێتی رازییە و گوتی "بەپێی ئەو بەرنامەیەی داماننناوە سەرکەوتن بەدەستدێنین". ئەو پێشبینییە لەکاتێکدایە کە نەک هەر لیستی گۆڕان، بەڵکو لیستەکانی دیکەش لە سلێمانی دەڵێن براوەی یەکەم لەسلێمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەبێت.

هەریەک لەکۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی، کە دوو لایەنی رکابەری سەر گۆڕەپانە گەرمەکەی سلێمانین و لەکۆی 17 کورسییەکەی ئەو پارێزگایە لانیکەم چاویان بڕیوەتە 5 کورسی، لەو بڕوایەدان کە هێشتا گۆڕان لایەنە بەهێزەکەی پارێزگای سلێمانییە و ئەمجارەش وەک هەڵبژاردنەکانی 25ی تەمموز دەیباتەوە.

بەکر حەمە سدیق، سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لە سلێمانی کە پێشبینی 3 تاوەکو 4 کورسی دەکات بۆ لیستەکەی، بە (رووداو)ی راگەیاند"ئەوەی لەسلێمانی دەبینرێت ئەوەیە کە هێشتا گۆڕان بەهێزترە لە یەکێتی".

هەرچەندە بەرپرسانی یەکێتی وا رادەگەیێنن کە بزووتنەوەی گۆڕان هێزی جاری پێشووی لە سلێمانیدا نەماوە، بەڵام بەبڕوای یاسین حەسەن، پاڵێوراوی ژمارە یەکی کۆمەڵی ئیسلامی لە پارێزگای سلێمانی" گۆڕان هەمان هێزو توانای جاری پێشووی بۆ ململانێکردنی یەکێتی هەیە و لەسلێمانی دەیباتەوە". یاسین حەسەن هەروەها راشیگەیاند کە لەسنووری پارێزگای سلێمانی پێشبینی 2 کورسی بۆ کۆمەڵی ئیسلامی دەکات.

لەکاتێکدا بەرپرسانی گۆڕان چەندین جار رایانگەیاندووە کە لەکۆی کورسییەکانی سلێمانی چاوەڕێی 7 کورسی دەکەن، ئەگەر پێشبینییەکانی کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی کەمێک راست بن و پێنج کورسی ببەن، ئەوا تەنیا 5 کورسی بۆ یەکێتی و پارتی دەمێنێتەوە کە سەلام عەبدوڵڵای بەرپرسی لقی 4ی پارتی لە سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند "هەرچەندە پێشبینیکردن لە سلێمانی ئەستەمە، بەڵام پارتی 4 کورسی دەباتەوە". بەڵام لە هەمانکاتدا گوتی ئەمجارە لیستی هاوپەیمانی لە سلێمانی یەکەم دەبێت نەک گۆڕان.

عیماد ئەحمەد لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)، لەبارەی چاوەڕوانییەکانی خۆیانەوە هیچ ژمارەیەکی نەدا، بەڵام گوتی "لیستی هاوپەیمانی یەکەم دەبێت لە کوردستان و سلێمانیش".

وەک ئاماژەیەکیش بۆ سەرنەکەوتنی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکەی مانگی تەمموزی رابردوو، هەڵبژاردنی ئەمجارەی بە "گێمی دووەم" ناوبردو گوتی "گێمی دووەمی یارییەکە قورسە، بەڵام لە ئامادەکارییەکانی یەکێتی رازیم، هەرچەندە هەڵبژاردنەکە ئیمتیحانێکی قورسە".

7،4،3

# پارتی 19 کورسی و یەکێتی 2 کورسی
# یەکێتی زانایانی ئایینی بردەوە

**تایبەت بەرووداو**

لەکۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، پارتی 19 کورسی، یەکگرتوو 5 کورسی، یەکێتی 2 کورسی، کۆمەڵی ئیسلامی 2 کورسی و بێلایەنەکانیش سێ کورسی سەرکردایەتی یەکێتییەکەیان بەدەستهێنا. یەکێتیش رەخنە لە هەڵبژاردنەکە دەگرێ و داوای دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکە دەکات و پارتیش رەتیکردەوە.

کۆنگرەکە رۆژی 2010/2/15 بە بەشداری 276 ئەندام لەژێر ناوی کۆنگرەی یەکگرتنەوە بەسترا، لە رۆژی دووەمی کۆنگرەکەدا هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی زانایان کراو 101 کەس خۆیان پالاوت و 31 ئەندام هەڵبژێردران.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ئەندامانی کۆنگرە دەست (رووداو) کەوتوون، پێشتر پارتی و یەکێتی رێکەوتبوون 16 ئەندامی پارتی و 15ی یەکێتی خۆیان بپالێون، بەڵام کاتێک دەرگەی خۆپالاوتنی کراوەتەوە 52 ئەندام لە هەردوولا خۆیان پالاوتووە، بەمەش رێککەوتنی نێوانیان تێکچووەو لە ئەنجامدا 19 ئەندامی پارتی و تەنیا 2 ئەندامی یەکێتی دەرچوون.

د.محەممەد گەزنەیی، سەرۆکی پێشووی یەکێتی زانایان (سلێمانی) هۆکاری شکستی یەکێتی لەو کۆنگرەیە بۆ رێکخستنەکانی یەکێتی گەڕاندەوەو گوتی "ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی یەکێتی خۆیان پالاوت بۆیە شکستی هێنا".

بەپێی زانیاری یەکێک لە ئەندامانی کۆنگرە "یەکێتی داوای لە مەکتەبی سیاسی پارتی کردووە، کە هەڵبژاردنەکە دووبارە بکرێتەوە، بەڵام مەکتەبی سیاسی ئەو داوایەی رەتکردووەتەوە"، گوتیشی "2 ئەندامەکەی یەکێتی، بە نیازن لە یەکێتی زانایان بکشێنەوە". هەمان سەرچاوە ئەوەشیگووت "یەکگرتوو 3 ئەندامی بۆ سەرکردایەتی دەرچووبوو، بەڵام دوو ئەندامی یەکێتی دوای دەرچوونیان رایانگەیاند کە ئەوان یەکگرتوون".

بڕیاریشە لە چەند رۆژی داهاتوودا لەو 31 ئەندامە 11 ئەندام بۆ مەکتەبی تەنفیزی هەڵدەبژێردرێن، لەنێو ئەو 11 کەسەشدا سەرۆک و جێگرەکەی هەڵدەبژێردرێن.

4

# گەورەترین پرۆژەی وەبەرهێنانی کوردستان هەڵدەوەشێندرێتەوە

**تایبەت بەرووداو**

لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ ئیمارات سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان گەورەترین پرۆژەی وەبەرهێنانی کوردستانیان هەڵوەشاندەوە، کە سەرمایەکەی 6 ملیار دۆلار بوو.

پرۆژەی گەشتیاری تارین هێڵز، کە پرۆژەیەکی گەشتیاری بوو و لە 2008/5/25 لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانی کوردستانەوە مۆڵەتی پێدراوەو سەرمایەی پرۆژەکەش 6 ملیار دۆلاربوو لەسەر رێگەی هەولێر- بەستۆڕە 6520 دۆنم زەوی بۆ تەرخانکرابوو، کە کۆمپانیای داماکی ئیماراتی بیکاتە پرۆژەی گەشتیاری و نیشتەجێبوون، بەهۆی زیانمەندبوونی داماک لەچەند پرۆژەیەکدا بەهۆی تەنگژەی ئابووری جیهانەوە نەیتوانی جێبەجێیبکات.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست (رووداو) کەوتوون"لەسەردانی هەفتەی رابردووی شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی د.بەرهەم سەرۆکی حکومەت، کە سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانیشی لەگەڵدابووە، نەیانتوانیوە لەگەڵ کۆمپانیای داماکدا بگەنە رێککەوتن بۆ ئەوەی کۆمپانیاکە دەست بەجێبەجێکردنی پرۆژەکە بکات". هێرش موحەرەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، هەواڵی هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەکەی بۆ (رووداو) پشتڕاستکردەوەو گوتی " کۆمپانیای داماک بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی جیهانی گرتووەتەوە کێشەی بۆ دروستبووەو نەیتوانیوە دەست بکات بە پرۆژەکە بۆیە مۆڵەتی پرۆژەکە هەڵوەشێندرایەوە".






## سەرۆکی لیستی بەرژەوەندیی نەتەوەکان:
# مام جەلال بوونی لیستەکەمانی پێ باش بوو

**رووداو- سلێمانی**

مامۆستا جەعفەر بەرپرسی مەکتەبی بیرو هۆشیاریی یەکێتی کە بۆ ئەم هەڵبژاردنە سەرۆکایەتی لیستێک دەکات بەناوی (لیستی بەرژەوەندیی نەتەوەکان)، رەتیکردەوە کە لەسەر داوای سەرکردایەتی یەکێتی لیستەکەی هەڵوەشاندبێتەوە، بەڵام گوتی یەک فلسیان نییە بانگەشەی پێ بکەن. هاوکات راشیگەیاند کە ئەو بۆ دروستکردنی ئەو لیستە پرسی بە مام جەلال و مەکتەبی سیاسی یەکێتی کردو ئەوانیش پێیان باش بوو لەسەرەتادا.

فازڵ کەریم، ناسراو بە مامۆستا جەعفەر، کە ئێستا لە گەرمەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بێدەنگ دانیشتووەو بانگەشە بۆخۆی و لیستەکەی ناکات، هۆیەکەی بۆ (رووداو) روونکردەوەو گوتی "پارەمان نییە بانگەشەی پێبکەین". مامۆستا جەعفەر پێداگیری دەکات کە لیستەکەی رانەگیراوە، بەڵکو گوتی کە لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەردەوامن لە بانگەشە "لەهەندێ ناوچە، هێزە کوردستانییەکان کە راستەوخۆ بەخۆشمانیان نەگوتووە، پێیان باش نییە پروپاگەندە بکەین، چونکە وا دەزانن زیان بە دەنگەکانی ئەوان دەگەیێنین".

مامۆستا جەعفەر رەخنەی لە مەلا بەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش گرت کە داوای هەڵوەشاندنەوەی لیستەکەی کردووە "مەلا بەختیار گوتبووی لیستی ئێمە قاچە کورسییەکی پێ مسۆگەر ناکرێ"، گوتیشی "ئەی کەواتە بۆچی ئەو هەموو حیسابەی بۆ دەکەن؟".

سەرۆکی لیستی بەرژەوەندیی نەتەوەکان باس لەوەش دەکات کە بۆ بەشداریکردنی لیستەکەی لەم هەڵبژاردنەدا پرسی بە مام جەلال، د. فوئاد مەعسوم، مەلا بەختیار و عومەر فەتاحیش کردووە، دەشڵێت "مام جەلال سەرەتا زۆری پێ باش بوو. هاوکاری خەرجی و پارەو پولمان کرا، بەڵام زۆر کەمبوو، ئەو پارەیەی کە پێیاندین بەشی سێ تا چوار رۆژ خەرجیی کرد".

عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لەبارەی ئەو لیستەوە بۆ (رووداو) گوتی "مامۆستا جەعفەر بەرپرسی مەکتەبێکی ئێمەیەو ئەو کادرانەی لەگەڵ ئەون کادری ئێمەن و هەر دەنگێک کۆبکەنەوە دەبێت بۆ لیستەکەی ئێمەبێت"، گوتیشی "رەنگە پێشتر قسەمان لەگەڵ مامۆستا جەعفەر کردبێت بۆ ئەوەی لیست ئامادە بکات، بەڵام نەماندەزانی کە هەڵبژاردن بەشێوەی لیستی کراوە دەبێت".

3

## بەرەی تورکمانی:
# 50 هەزار دەنگ لە هەولێر دێنین

**تایبەت بە رووداو**

سەرۆکی لیستی بەرەی تورکمانی لە هەولێر دەڵێ، 50 هەزار دەنگ دێنن و، لەهەمانکاتدا رایگەیاند لەرێگەی نەتەوەیەکگرتووەکان و تورکیا و مام جەلالەوە داوایانکردووە پارتی رێگە بە بەرەی تورکمانی بدات بگەڕێتەوە هەولێر " ئەگەر پارتی رێگەمان بدات بگەڕێینەوە هەولێر سیاسەتەکەمان دەگۆڕین".

ئایدن مەعروف سەلیم، سەرۆکی لیستی بەرەی تورکمانی لەهەولێر و نوێنەری بەرەی تورکمانی لە سوریا، کە بۆ هەڵبژاردن گەراوەتەوە هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند"بەرەی تورکمانی داوای لە تورکیا و نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی و مام جەلالیش کردووە بۆ ئەوەی داوا لە پارتی بکەن رێگە بدات بەرە بگەڕێتەوە هەولێر و چالاکیی سیاسیی دەست پێبکاتەوە". گوتی ئەگەر پارتی رازیبێت بەو داوایە " سیاسەتێکی جیاوازتری دەبێت لە رابردوو، سیاسەتێکی واقعییانەتر دەگرێتە بەر".

بەرەی تورکمانی کە لە چەند شارێکدا هاوپەیمانی لیستی عێراقیەی ئەیاد عەللاویە و لە هەولێر و سلێمانیش لیستی سەربەخۆی هەیە پێشبینی دەکەن لە کەرکووک دوو کاندیدیان دەربچن و دەڵێ "بەمسۆگەری" لە هەولێر 50 هەزار دەنگ و لە سلێمانیش 2 هەزار دەنگ دێنین " پێشبینی بەدەستهێنانی دەنگێکی زۆر لەناوەوەو دەرەوەی هەولێر دەکەین، لە شەقڵاوەش دەنگ دەهێنین".

4

# راپۆرتە هەواڵ



## سەدام، بەنێوبانگترین گێزەرە لە تورکیا

رووداو -اخبار العالم

ناوی سەدام حوسێن سەرۆکی لەسێدارەدراوی عێراق، بووەتە یەکێک لە بەنێوبانگترین مارکەکانی گێزەر کە کۆمپانیایەکی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە شاری کۆنیای تورکیا. مستەفا ئاریجی دامەزرێنەری کۆمپانیاکە دەڵێت" رکابەرەکانمان داگیرکردنی ئێمەیان بۆ بازارەکە بە داگیرکردنی سەدام بۆ کوێت لە 1990 شوبهاندووە، ئەمەش ئەو ساڵەیە دەستمان بە بەرهەمهێنان کرد"، گوتیشی " ئێمە دژی کارەکانی سەدامبووین، رازی نەبووین بە کەسایەتی و شێوازی بەڕێوەبردنی، بەڵام بەکارهێنانی ناوەکەی قازانجی زۆری هەیە و بووەتە هێمایەکی بازرگانیی بەرهەمەکەمان". ئاریج گوتی کۆمپانیاکەیان ساڵانە 10هەزار تەن گێزەر دەفرۆشێ و گۆڕینی ناوی گێزەرەکەیان بەکارێکی قورس زانی.

# لە خانەقین ئەندامی یەکێتی پۆستەرەکانی پارتی دەدڕێنن

نەوزاد مەحموود
رووداو-سلێمانی

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو)کەوتوون، لەناوچە جێناکۆکەکان بانگەشەی هاوپەیمانی وەک شارەکانی سلێمانی و هەولێر بەڕێوەناچێت، لەخانەقین پارتی و یەکێتی پۆستەری یەک دەدڕێنن و لەکەرکووکیش بەهەمانشێوە. رۆژی 19ی ئەو مانگەش شەڕ لەنێوان پاسەوانی عەقیدێکی پارتی و کەسێکی سەر بەسکرتاریەتی تاڵەبانی روویداوە. بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی گوتی "ناوی دوو کەسمان داوەتە مەڵبەند کە پۆستەری کاندیدەکانی پارتیان دڕاندووە".

لەناوچەی ساڵح ئاغاو قۆرەتوی سەر بە خانەقین، پارتی و یەکێتی ژمارەیەک پۆستەری کاندیدەکانی یەکتریان دڕاندووە، سەردار ئەحمەد عەباس، کاندیدی پارتی لەخانەقین دڕاندنی پۆستەرەکانی بۆ (رووداو) پشتڕاست کردەوەو گوتی "بەداخەوە ئەمە دیاردەیەکی زۆر ناشیرینە و ئێمە لێرە زۆر نارێکین و تەبا نین پێکەوە". سەردار گوتیشی "هەندێک ئاژاوەچیش هەن دەیانەوێ نێوانی پارتی و یەکێتی تێکبدەن".

بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەکی ئاگادار لەخانەقین، هەوادارانی هەردوولا لەهەندێک شوێنی خانەقین بەشێوەیەک بانگەشە دەکەن، وەک ئەوەی ئەو دوولایەنە هاوپەیمان نەبن. ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "ململانێ لەخانەقین، ململانێی گەرمی نێوان یەکێتی و پارتی و گۆڕانە، نەک هاوپەیمانی و گۆڕان".

بەڵام سەلاح کوێخا، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە خانەقین بوونی ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی لە خانەقین رەتکردەوەو گوتی"نێوانمان زۆر بەهێزو پتەوەو بەردەوام کۆبوونەوەو دیدارمان هەن".



پۆستەر دڕاندن لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە نێوان پارتی و یەکێتیش دا هەیە (فۆتۆ:رووداو)

کەچی دیاری حوسێن، بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی دەڵێت پۆستەری کاندیدەکانیان لەلایەن هەوادارانی یەکێتییەوە دڕێندراون "ناوی دووکەسمان داوەتە مەڵبەند کە یەکێتین و پۆستەری کاندیدی ئێمەیان دڕاندووە". دیاری حوسێن گوتیشی "ململانێی نێوانمان شەریفانەیەو نەگەیشتووەتە ئاستی رووبەڕووبونەوەو گرژی، بەڵام خەڵکانێکی نامەسئول هەن، نازانن شێوازی هاوپەیمانی چۆنەو هەڵە دەکەن".

هەمان ململانێی نێوان یەکێتی و پارتی لەکەرکوک و دەوروبەریشی هەیە، رۆژی 2010/2/19 شەڕێکی بچووک لەنێوان پاسەوانێکی عەقید عەبدوڵڵا کە پارتییەو چەند کەسێکی سەر بە سکرتاریەتی تاڵەبانی روویداوە، بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی کەرکووکی یەکێتی رەتیکردەوە ململانێیان لەگەڵ پارتی هەبێ لە کەرکووک "ئەو شەڕانەی لەکەرکوک روویانداوە، وەک یەکێتی و پارتی نەبوون، بەڵکو تەنیا وەک دووکەس بوون". حەمە سوور دووشیوانی گوتیشی "لەم شەوانە ئێمە دوو برادەری خۆشمان عاجز بوون و تەقەیان لەیەکتر کرد، خۆ ئەوە ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی نییە".

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک رایگەیاند بانگەشەکردن لەکەرکوک تائێستا بەشێوەیەکی رێکوپێک بەڕێوەدەچێت و گوتی "لەسەرەتا بانگەشەکە دوو بریندارو کوژراوێک هەبووە، ئەگەرنا هیچ حاڵەتێکی شەڕو ئاژاوە لەکەرکووکدا نییە". عەمید سەرحەد قادر گوتیشی "لەکەرکووک هەڵمەتێکی سەرکەوتووانەی قەدەخەکردنی چەک هەڵگرتنمان ئەنجامداوەو ئەوەش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کەمکردنەوەی دیاردەی شەڕو تەقە کردن".

# بەپێچەوانەی رای چاودێران گۆڕان و هاوپەیمانی دەڵێن کورسی لە بەغدا دێنن




هێمن بابان رەحیم
رووداو-هەولێر

سەرۆکی لیستی گۆڕان لەبەغدا رایگەیاند لەژێر گوشاری یەکێتی 10 پاڵێوراویان لە بەغدا کشاونەتەوە، پێشبینی دەکات گۆڕان 80%ی دەنگی کوردانی بەغدا بێنێ و پاڵێوراوێکی هاوپەیمانیش دەڵێ "خۆ چەند ساڵە لەبەغدا پیاز پاک ناکەینەوە، پێشبینی دەکەین 3 کورسی بەدەستبێنین".

بەڵام چاودێرانی سیاسی پێشبینی ئەوە دەکەن کە ئەوجارەش هیچ لیستێکی کوردی دەنگ نەهێنێ، چونکە زۆر لە فەیلییەکان دەنگ دەدەنە لیستە شیعەکان کە پاڵێوراوی ئەوانیان تێدان.

لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنەکانی بەغدا 132 کاندیدی هەیە، لیستی گۆڕانیش 40 کاندیدی هەیە. سەعدون یەدوڵڵا فەیلی، پاڵێوراوی لیستی

## 3 کورسی لە بەغدا دێنین

پاڵێوراوێکی هاوپەیمانیی کوردستان لە بەغدا

ماجید عەلوان، سەرۆکی لیستی گۆڕان لەبەغدا لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "پێشتر 50 پاڵێوراومان لەبەغدا هەبوو، بەڵام لەژێر گوشاری یەکێتی 10یان کشانەوە"، پێداگیریش دەکات لەوەی "گۆڕان 10% دەنگی زۆر زیاتر لە لیستی هاوپەیمانی دێنێ، چونکە پێشتر پارتی و یەکێتی هیچ بایەخێکیان بە کوردانی بەغدا نەدەدا".

هەرچەندە کورد لەو هەڵبژاردنانەی لە رابردوودا کراون هیچ کورسییەکیان لە بەغدا بەدەستنەهێناوە، بەڵام هەر یەک لە لیستی گۆڕان و هاوپەیمانیی کوردستان ئەمجارە پێشبینی بەدەستهێنانی کورسی دەکەن، سەرۆکی لیستی گۆڕان گوتی " پێشبینی بەدەستهێنانی 2 تاوەکو 4 کورسی دەکەین، 2 کورسیمان مسۆگەرە، چونکە دەنگی 80%ی کوردانی بەغدا بۆ گۆڕانە"، گوتیشی "پێشتر یەکێتی و پارتی دەیانگوت ئەوانە دەنگ بۆ مەزهەب دەدەن، ئەمە راست نییە، بەڵکو بەهۆی سیاسەتی یەکێتی و پارتی کوردەکان دەنگیان بەکورد نەدەدا"، هاوکات رەتیشیکردەوە بەعسییەکان دەنگ بۆ گۆڕان بدەن "بەعسییەکان چۆن دەنگ بە لیستی چەوساوەکان دەدەن".

هەرچەندە پێشبینی بەدەستهێنانی کورسی بەگەرمی لە کاندیدەکانی هاوپەیمانیی کوردستان و گۆڕان دەبیسترێ،

## 2–4 کورسی لە بەغدا دێنین

سەرۆکی لیستی گۆڕان لە بەغدا

هاوپەیمانیی کوردستان لە بەغدا گەشبینیی خۆی بە بەدەستهێنانی دەنگی باش دەربڕی و گوتی " لەبەغدا وەزعمان زۆر باشە، تەنانەت لەنێو گەڕەکە عەرەبنشینەکانیش دەنگی زۆر دێنین"، ئەو هۆکاری کەمیی دەنگی کورد لە بەغدا لە هەڵبژاردنەکانی پێشووشدا دەگەڕێنێتەوە بۆ "پێشتر کوردەکانی بەغدا مەزهەبی بوون، بەدوای مەزهەبدا دەچوون، بۆیە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو بەشێکیان دەنگیان بۆ لایەن و حیزبە سونییەکان و بەشێکیشیان بۆ لایەنە شیعییەکاندا"، جیاوازیی ئەم هەڵبژاردنەش روونده‌کاتەوە"لەم هەڵبژاردنەدا کوردەکان بەدوای بەرنامەی نەتەوەیی و کوردستانیدا دەگەڕێن، زۆرینەی پێکهاتەکانی عێراقیش ئێستا بەرنامەیان بەلاوە گرنگە، نەوەک مەزهەب".

سەعدون یەدوڵڵا، کە هاوکات بەرپرسی مەڵبەندی بەغدای یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، قسەکانی سەرۆکی لیستی گۆڕانی رەتکردەوە کە گوایە لە بەغدا یەکەم دەبن لەسەر ئاستی لیستە کوردستانییەکان و لەمبارەیەوە دەڵێت "دیارە ئێمە چەند ساڵە لە بەغدا پیاز پاک دەکەینەوە، هیچ لیستێکی کوردستانی لەغدا بە موونافیسی خۆمان نازانین، گۆڕان پاڵێوراوەکانیشیان زۆر بەناوبانگ نین"، گوتیشی "لەبەغدا پێشبینی بەدەستهێنانی سێ کورسی دەکەین".

# 6 بریندارو زیاتر لە10حاڵەتی شەڕ بانگەشەی شەوانەی سلێمانی راگرت

## بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی: دیاردەی چەک هەڵگرتن لەسلێمانی بەرفراوانە

نەوزاد مەحموود
رووداو-سلێمانی

لەکاتێکدا هێشتا دوو هەفتەی ماوە بۆ دەنگدان، لیژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانی داوای لەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد، کاتەکانی بانگەشەکردن لەو پارێزگایە سنووردار بکات و بانگەشەکردن لەکاژێر 9ی شەو تاوەکو 6ی بەیانی لەشوێنە گشتییەکان قەدەخە بکرێ. بزووتنەوەی گۆڕانیش داوای روونکردنەوەی لە کۆمسیۆن کرد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنیش دەڵێ پێویستە لیژنەی کۆمیسیاران لەبەغدا وەڵام بداتەوە.

### داواکاری بوو یان گوشار لەسەر کۆمسیۆن

بەڕێوەبەری پۆلیس لە سلێمانی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند کە ئەوان پێشتر داوایان لە ئۆفیسی کۆمسیۆن و پارێزگاری سلێمانی کردبوو کە کاتی بانگەشەکردن لەشەودا کەمبکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئارامی بۆ خەڵک دابین بکەن و شار کۆنترۆل بکەن، بەڵام هەردوولا گوتبوویان ئەوە لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە . تاهیر محەممەد ئەمین، بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان گوتی "لیژنەی ئەمنی داوای سنورداركردنی کاتەکانی بانگەشەیان کردووەو گوتیان ئێمە ناتوانین کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەین و لیژنەی کۆمیسیارانی کۆمسیۆن لەبەغداوە ئەو بڕیارەیان دەرکردووە، نەک ئێمە".

گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێتی بە پێشێلکردنی بڕیارەکەی کۆمسیۆن تۆمەتبار کرد و گوتی "ئێمەش لەمەودوا بەهەموو شێوەیەک بانگەشەی خۆمان دەکەین و گوێ بەو بڕیارە نادەین". محەممەد تۆفیق رەحیم گوتیشی "بڕیاری سنووردارکردنی کاتەکانی بانگەشە، فێڵێک بوو لەگۆڕان کرا، ئەوە داوای یەکێتی بووە لە کۆمسیۆن".

بەڵام زانا محەممەد ساڵح، وتەبێژی لیژنەی ئەمنی سلێمانی رەتیکردەوە ئەوان گوشاریان کردبێ بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارەو گوتی "لیژنەی باڵای ئەمنی لە هەولێر کە پارێزگاری سلێمانیش بەشداربووە لەو کۆبونەوەیەدا، داوای لەکۆمسیۆن کردووەو کۆمسیۆنیش قبوڵی کردووە". گوتیشی " گوشاری یەکێتی نییە، چونکە یەکێتیش یەکێکە لەو لایەنانەی داوای روونکردنەوەی زیاتر لەبارەی بڕیارەکە دەکات".

عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی رەتیکردەوە ئەوان گوشاریان لەکۆمسیۆن کردبێت و گوتی "ئێمەش بەوە نیگەرانین و لەگەڵ سنووردارکردنی بانگەشە نین، بەڵام رێز لەبڕیاری کۆمسیۆن دەگرین".

### شەش بریندارو زیاتر لە10شەڕ

رووداوەکانی ماوەی 9رۆژی بانگەشەی هەڵبژاردن لەسلێمانی، 6 بریندارو زیاتر لە10 حاڵەتی شەڕکردنی نێوان لایەنگرانی هاوپەیمانیی کوردستان و گۆڕانی لێکەوتەوە، جگە لەشکاندنی چەندین ئۆتۆمبیل لەلایەن ئەو هەوادارە تورانەوە. شەڕەکانی نێوان ئەو دوولیستە رکابەرە چوونە دەرەوەی سلێمانی و شەوی 2010/2/19 لەشارۆچکەی تەوێڵەی هەورامان شەڕەچەقۆ هاووڵاتییەکی بەناوی (هەیاس) بریندارکرد.

زۆریی تەقەکردنی کە لە سلێمانی هەیە وزۆربوونی ئەوانەی چەکیان پێیە هەروەک بەڕێوەبەری پۆلیس باسیکرد، وایکرد، لەبەرنامەی گەرماوگەرمی کەناڵی گەلی کوردستان دا، پێشکەشکاری بەرنامەکە لەبەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی بپرسێ "سلێمانی تێکساسە". ئەویش بڵێ "وایێدەچێ".

عەمید نەجمەدین قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی تەقەکردنەکانی شەوی 16ی مانگ پەیوەندی بەوانەوە نەبووە تاروونکردنەوە بۆ خەڵک بدەن، گوتیشی "تەنها 5 کەس بەپێی ماددەی 26ی سزادان (هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت) دەستگیرکراون، دیاردەی چەک هەڵگرتن لەسلێمانی بەرفراوانەو وەک چۆن بەیاسا رێگەیان پێدراوە چەک هەڵبگرن، دەبێت بە یاساش لێیان وەربگرینەوە". عەمید نەجمەدین دەڵێ لەچەند لاوە مۆڵەت بەچەک هەڵگرتن دراوە "پارێزگار مۆڵەتی داوەو وەزارەت مۆڵەتی داوە، لەدوای هەڵبژاردن هەڵمەتی قەدەخەکردنی چەک هەڵگرتن لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەست پێدەکەین".

بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی پێیوابوو بڕیاری سنوردارکردنی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن، هاوکاری ئەوان دەکات لەپاراستنی ئەمنیەتدا و رەتیشیکردەوە ئەوان وەک پۆلیس داواکاری لەو جۆرەیان کردبێ "ئەوە لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییە داواکاری لەو جۆرە بکەین". گوتیشی "زیاتر لە10 حاڵەتی شەڕکردن هەبووە".

### لیژنەی ئەمنی بێلایەن نین

پارێزگاری پێشووی سلێمانی پێشبینی ئەوەی کردووە بانگەشەکانی هەڵبژاردن، دۆخی ئەمنی سلێمانی بەو ئاقارەی ئێستادا ببات و گوتی "بەداخەوە زۆربەی بەرپرسە ئەمنیەکانی سلێمانی بێلایەن نین". دانا ئەحمەد مەجید، پارێزگاری پێشووی سلێمانی دەڵێت یەکێک لەهۆکارەکانی دەست لەکارکێشانەوەکەی ئەوەبوو، کە حیزب دەستی لەکارەکان وەردەدا "بەڵام ئێمە لە هەڵبژاردنی رابردوو بواری دەستتێوەردانمان نەداو دەرفەتمان بەهەموو لایەکدا ئازادانە بانگەشە بکەن".



# کوردستانی و گۆڕان لەسەر بودجە رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە

تایبەت بە رووداو

پەرلەمانتارێکی گۆڕان پەسەندکردنی پرۆژە بودجەی 2010 بە خیانەت دادەنێت. سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیش دەڵێ لیژنەی دارایی راپۆرتی خۆی ئامادەکردووەو، دوای لەبەرچاوگرتنی راپۆرتەکە پرۆژەی بودجەی 2010 پەسەند دەکرێ.

بڕیارە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆ لەسەر پەسەندکردنی پرۆژەی بودجەی 2010ی کوردستان بکات، فراکسیۆنی گۆڕانیش لەپەرلەمانی کوردستان هەر لە ئێستاوە دژی پەسەندکردنی بودجەن. عەبدوڵڵای مەلانوری، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان دژایەتیکردنی فراکسیۆنەکەی بۆ پەسەندکردنی بودجەی 2010 بۆ سێ خاڵ گەڕاندەوەو گوتی "بەشێکی داهاتەکان نەهاتووەتە ناو بودجە لەوانە 5 ملیار دۆلاری گرێبەستە نەوتییەکان، بەشێکیشی بەخراپی دابەشکراوە بۆ نموونە وەزارەتی پیشەسازی داوای پارەی کردووە بۆ 3 کارگەی پێست، دەکرا لەبری ئەو 3 کارگەیە یەکیان هی پێست بووایە، هەروەها لەبودجەی هەولێر و لەچوارچێوەی پرۆژە بەردەوامەکاندا 4 ملیار و 800 ملیۆن تەرخانکراوە بۆ یاریگەی شەعب لە بەغدا".

خالێکی دیکەی پرۆژەی بودجە کە جێگەی تێبینی فراکسیۆنی گۆڕانە، ئەنجامدانی پرۆژەی حیزبییە بەپارەی حکومەت، وەک عەبدوڵڵای مەلا نوری گوتی "زیاتر لە 500 ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ چاککردنی ئاوەڕۆی سکرتارییەتی مام جەلال لە قەلاچوڵان، 300 ملیۆن دینار بۆ دروستکردنی میوانخانەی مەڵبەندی 12ی یەکێتی و 120 ملیۆن بۆ هۆڵی کۆبوونەوەکانی لقی 2ی پارتی لە هەولێر".

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان، زانیاری دیکە بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێت "چەندین پرۆژە لە بنەڕەتدا تەواوکراون و ئێستا بودجەیان بۆ تەرخانکراوە، بۆ نمونە جادەی دوو سایدی عەربەت-سلێمانی، جادەی کەلار-دەربەندیخان، بینای شارەوانی کەلار کە زیاتر لە ساڵێکە دەوامی تێدا دەکرێ، هەروەها بینایەی خانەی داد لە سلێمانی کە ساڵی رابردوو بە رەسمی کرایەوە".

هەر بۆیە پەرلەمانتارەکەی گۆڕان داوا لەپەرلەمانتاران دەکات بودجەکە پەسەند نەکەن و دەڵێت "پەسەندکردنی بودجە بەو شێوەیەی ئێستا خیانەتە لە میللەت".

سۆزان شەهاب سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند بەشێکی لەو پرۆژانەی کە پارەیان بۆ تەرخانکراوەتەوە پرۆژە بەردەوامەکانن واتە هێشتا کارکردن تێیاندا بەردەوامە، بۆ نمونە خانەی دادی سلێمانی لە پشتەوە بینای داواکاری گشتی بۆ دروستدەکرێ و بینای پۆلیسی تایبەت بە خانەکەی بۆ دروستدەکرێ و چەندین پێویستی دیکەی ماوە.

سەبارەت بەوەش کە لە پارەی گشتی، پرۆژە بۆ حیزب جێبەجێدەکرێ، سۆزان گوتی "ئێمەش وەکو لیستی کوردستانی قبوڵ ناکەین پارەی حکومەت لەهیچ پرۆژەیەکی حیزبی خەرج بکرێ، لێژنەی داراییش کە سەرۆکی لیژنەکە و 6 ئەندامی لە لیستی کوردستانین لە راپۆرتەکەی خۆیاندا ئاماژەیان بەوەداوە کە نابێ پارەی حکومەت بۆ هیچ تاقم و گروپێک بەکاربهێنرێ".

# کەمپینێک لە دژی پەرلەمانتارێک و پاڵێوراوێکی گۆڕان دەکرێتەوە

رووداو-هەولێر

بە تۆمەتی ئەوەی پێشمەرگەیان بە "میلیشیا" ناوبردووە کەمپینێک لە دژی پەرلەمانتارێک و پاڵێوراوێکی بزوتنەوەی گۆڕان دەکرێتەوەو بڕیاریشە ئەمڕۆ کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی رێپێوانێک لە دژی ئەو دوو کەسە بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان ساز بکات.

دوای ئەوەی فراکسیۆنی گۆڕان لە بەیاننامەیەکدا هێزی دژە تیرۆری بە "میلیشیا" ناوبردبوو و، تۆمەتباری کردبوو بە هێرشکردنە سەر بانگەشەکارانی بزووتنەوەکە. عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری گۆڕان و حاکم شێخ لەتیف، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە سلێمانی لە دوو لێدوانی جیادا جارێکی دیکە ئەو هێزەیان بە "میلیشیا". ناوبردبوو.

کەمپینەکە کە لە رێگەی سایتی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی کراوەتەوە لە پێشەکییەکەیدا هاتووە "ئەندام پەرلەمانێکی کوردستان سەر بە لیستەکەی کۆمپانیای وشە بەناوی عەدنان عوسمان و حاکم شێخ لەتیف سەرۆکی لیستی سلێمانی هەمان کۆمپانیا بۆ پەرلەمانی بەغدا، لەچەندین لێدوانیاندا ناوی پێشمەرگەیان پیس کردووە بە (میلیشیا)و (چەتە) ناوی دەبەن". لە بەشێکی دیکەی کەمپینەکەدا هاتووە "ئەو ئەندام پەرلەمانە پشت ئەستوورە بە حەسانەی پەرلەمانی بۆیە کفری وا گەورەو ئیهانەی موقەدەساتی میللەتێک دەکات، بەڵام ئەی حەسانە چۆن لە رقی پیرۆزی گەل و پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان و منداڵانی شەهید و بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان دەیپارێزێت؟ چۆن لە قینی میللەت قوتار دەبێت؟".

بەپێی هەواڵێکی سایتی PUKmedia بڕیارە ئەمڕۆ پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی رێپێوانێک بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان رێکبخەن. فاتیح مەلاقەرە، سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان بە سایتی ناوبراوی راگەیاندووە "ئەو لێدوانەی پەرلەمانتارانی گۆڕان تەواوی خەڵکی کوردستان بەتایبەتیش پێشمەرگە دێرینەکانی نیگەران کردووەو بۆ بەرگرتن لە ناشرینکردنی ناوی پێشمەرگە رێپوان دەکەین و یاداشتێکی نارەزایی و ریسواکردنی ئەو لێدوانانە دەدەینە پەرلەمان".

حاکم شێخ لەتیف، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە شاری سلێمانی لە لێدوانێکی بۆ (رووداو) دووپاتیکردەوە "ئێستاش دەڵێم هەر حیزبێک هێزی چەکداری هەبێ و بۆ مەبەست و مەرامی خۆی بەکاری بێنێ میلیشیایە و پێشمەرگە نییە، لەڕووی یاساییەوە حیزب نابێ هێزی چەکداری هەبێ، ئەگەر حیزب هێزی چەکداری هەبوو پێیدەگوترێ میلیشیا".

هەر لەو بارەیەوە عەدنان عوسمان، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان گوتی "من بەو هێزە نا یاساییەم گوتووە میلیشیا کە لە دەرەوەی یاسایە و هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی نییە ئەویش هێزی دژە تیرۆرە".




### ئەگەر راستبێ سزا دەدرێ

ڕووداو- موسڵ

عەبدولخالق دەباغ، بەڕێوەبەری ئۆفیسی موسڵی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نابێ بە هیچ جۆرێک وێنەی کەسێک لە پۆستەرێک بدرێت و ناوی پاڵێوراوێکی دیکە بنووسرێت". بەپێی وێنەیەک کە لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت دا بڵاوکراوەتەوە، کەسێک بەناوی ئەحمەد شێخ جاسم کنانی، وێنەی خۆی لەجیاتی ژنەکەی (شەزا ڕەزاق نەعمان سولتانی) داناوە، لە لیستی نەزاهەو بینا لە موسڵ. بۆ ئەوەی وێنەی ژنەکەی بڵاونەبێتەوە. هیچ سەرچاوەیەک بوونی ئەو حالەتەی بۆ (ڕووداو) پشت ڕاستنەکردەوە، بەڵام بەڕێوەبەری ئۆفیسی کۆمسیۆن لە موسڵ ڕایگەیاند " ئەگەر ئەوە راستبێ پاڵێوراوەکە سزا دەدەین". دەباغ گوتیشی تائێستا 54 سەرپێچی هەڵبژاردن لە موسڵ تۆمارکراون.



## ماموستا جەعفەر بەرپرسی مەکتەبی بیرو هۆشیاریی یەکێتی:

# ئەگەر 10 هەزار کەس وازی لە گۆڕان هێنابێ 70هەزاری دیکە بوونەتە لایەنگری

**کاوە شێخ عەبدوڵلا**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە گەرمەی هەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردندا، فازڵ کەریم ئەحمەد ناسراو بە ماموستا جەعفەر، بەرپرسی مەکتەبی بیرو هۆشیاریی یەکێتی کە سەرۆکایەتی لیستی (بەرژەوەندی نەتەوەکان) دەکات، لە سلێمانی لە ژوورێکی بێدەنگی بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپوور دانیشتووەو ئامادە نییە بەشداری بانگەشەو ریکلامکردن بۆ خۆی و لیستەکەی بکات. کاتێک لەبارەی هۆیەکەی پرسیاری لێدەکەی، وەڵامێکی روونت دەستناکەوێ، ئایا لەبەرئەوەیە کە سەرکردایەتی یەکێتی داوایان لێکردووە هەڵمەتی پروپاگەندە لەناوچەکانی ئەواندا نەکات، یان ئەوەی کە خۆی دەڵێت "لای زۆرینەی خەڵکی کوردستان ناسراوم و پێویست بە بانگەشەو هەڵواسینی وێنەو پۆستەر ناکات"، یانیش ئەوەیە کە دەڵێت یەک دیناری عێراقییان نییە بانگەشەی پێ بکەن؟

وەڵامی ئەو پرسیارە هەرکامیان بێت، ئەوە راستە کە ماموستا جەعفەر لەسەر داوای مام جەلال پەشیمانکرایەوە لەبەڕێوەبردنی بانگەشە بۆ پاڵێوراوەکانی، بەتایبەتیش لەسنووری خانەقین و هەرێمی کوردستان بەگشتی. هەرچەندە ئەو هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی کە هیچ کەس ناتوانێ لیستەکەی رابگرێ "لیستی بەرژەوەندی نەتەوەکان وەک خۆی ماوەو بەردەوامە"، وا دەڵێت. ئینجا روونیدەکاتەوە "پاڵێوراوەکانی

### مام جەلال سەرەتا زۆری پێ باشبوو لیست دابنێین و هەندێک هاوکاری کراین

بەخۆمانیان نەگوتووە، پێیان باش نییە کاری بانگەشە بکەین. ئەوان وا دەزانن ئێمە زیان بەدەنگەکانی ئەوان دەگەیێنین".

#### "یەک فلسی عێراقیمان نییە"

پێشتر وا راگەیێندرا کە لەژێر گوشاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، مام جەلال داوای لێکردووە لیستەکەی رابگرێ. یەکێک لە کاندیدەکانی لیستەکەشی دەڵێت، کۆسرەت رەسوڵ راستەوخۆ پێیگوتووە لیستەکەتان راگیراوە، بەڵام ماموستا جەعفەر، لەدایکبووی ساڵی 1952ی خانەقین کە ساڵی 1978 ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەران بووەو ساڵی 1982 چووەتە ئەڵمانیاو لەساڵی 2004یشەوە بەرپرسی مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتییە، گوتی "لیستەکە راناگیرێ، ئاگام لەو قسەیەی کاک کۆسرەت نییەو نازانم بەکێ گوتراوە، بەڵام مەبەستی داواکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئەو شوێنانەیە کە بەناوچەکانی جێی ناکۆکی ناودەبرێن".

ئەو بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت "پێم سەیرە لەنێو ئەو هەموو قەوارانەی بەشدارییان کردووە، تەنیا پاڵێوراوانی ئێمە بەمەترسیی دادەنێن. مەلا بەختیار، لەوباوەڕەدایە کە لیستەکەی ئێمە قاچە کورسییەکی پێ مسۆگەر ناکرێ، جا کە قەوارەیەک نەتوانێ لاقە کورسییەک بهێنێ، بۆچی ئەو هەموو حیسابەی بۆ دەکەن؟ من ئەگەر دڵنیابم هێزێک لاقە کورسییەکی پێ مسۆگەر ناکرێ، سەری خۆمی پێوەنایێشێنم".

ئەو لەبارەی ئەوەی کە لە گەرمەی ئەم هەڵمەتەدا، بێ کار دانیشتوون و پروپاگەندە بۆخۆیان ناکەن، دەڵێت "لەبەرئەوەیە یەک فلسی عێراقیمان بەدەستەوە نییە لەهەڵمەتی بانگەشەدا خەرجی بکەین، لەلایەکی دیکەشەوە دڵنیام کە ئەگەر بەشداریش نەکەم لەهەڵمەتەکە، ئەوا لای زۆرینەی خەڵکی کوردستان ناسراوم، ئیدی

### گۆڕان لە هەولێر و سلێمانی و موسڵ و کەرکووک دەنگێکی باش دێنێ

ئێمە ئێستا لەشارەکانی بەغدا، کەربەلا، نەجەف، پارێزگای سەلاحەدین بەردەوام کاری خۆیان دەکەن. هیچ کەسیش دژیان نەوەستاوەتەوە، بەڵام لەهێندێ ناوچە، هێزە کوردستانییەکان کە راستەوخۆ

پێویست بەهەڵواسینی وێنەو پۆستەر ناکات".

لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا لە خانەقین یەکێک لە پاڵێوراوەکانی لیستەکەی بۆخۆی دەستی بە هەڵمەتی پروپاگەندە کردووە، ماموستا جەعفەر دەڵێت "نایشارمەوە لەخانەقین، ئەوانەی کە دەنگ بەحیزبە کوردییەکان دەدەن زۆر زۆر کەمن، لەپەنجا تا شەست هەزار دەنگ تێناپەڕێ". بەدڵنیاییشەوە دەڵێت "دوو کاندیدەکەی ئێمە لەوێ، کە یەکێکیان خێزانی کاک جەبار فەرمانەو بڕیاریدا لەسەر قسەی مام جەلال بەشداریی هەڵمەتی بانگەشە نەکات، لەلایەن خەڵکی شارەکەوە مایەی قبووڵن و دەنگێکی زۆریان دەهێنا. ئەوی دیکەمان کە ئێستا وا بانگەشە بۆخۆی و لیستەکە دەکات، چالاکییەکانی لەدەرەوەی خانەقینە".

ماموستا جەعفەر هەروەها باس لەوەش

### مەلا بەختیار دەڵێ لیستی بەرژەوەندی نەتەوەکان قاچە کورسییەکی پێ مسۆگەر ناکرێ، کەواتە بۆچی ئەو هەموو حیسابەی بۆ دەکەن؟

دەکات کە بۆ بەشداریکردنی لیستەکەی لەم هەڵبژاردنەدا پرسی بە مام جەلال، د. فوئاد مەعسوم، مەلا بەختیار و عومەر فەتاحیش کردووە، دەشڵێت "مام جەلال سەرەتا زۆری پێ باشبوو، تەنیا پێی باشبوو. ئەگەرنا پاڵپشتی دیکەی نەبوو، هاوکاری خەرجی و پارەو پولمان کرا، بەڵام زۆر کەمبوو، ئەو پارەیەی کە پێیاندابن بەشی سێ تا چوار رۆژ خەرجیی کرد".

عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ ئەوان لە سەرەتادا کە وایانزانیوە هەڵبژاردن بە لیستی داخراو دەبێ پشتیوانی لیستەکەیان کردووە لەلایەن ماموستا جەعفەرەوە، بەڵام دواتر کە پەرلەمانی عێراق بڕیاری لەسەر لیستی گراوە دا، بۆ زیان نەگەیاندن بە پاڵێوراوانی یەکێتی داوای راگرتنی لیستەکەیان کرد.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ماموستا جەعفەر هێشتا ئەندامێکی یەکێتییە، حیزبەکەی ئەو کە لە کێبڕکێیەکی سەخت و چارەنووسسازدایە بۆ ئەوەی 25ی تەمموزی لێ نەبێتە واقیعێکی نەگۆڕو لانیکەم بە خانەقین و کەرکووک قەرەبووی شکستی چاوەڕوانکراوی سلێمانی بکاتەوە، چۆن رێگە دەدات لەو ناوچانەدا لیستێک لەخۆی دەنگەکانی پەرت و بڵاوبکات؟

ماموستا جەعفەر لەوبارەوە دەڵێت "ئەو لیستەی ئێمە زیانی بۆ هیچ حیزبێکی کوردستانی نییە، گریمان ئێمە چوار پاڵێوراومان دەچنە پەرلەمانی عێراق، دووانی کوردی فەیلی و دووانی دیکەی عەرەب، ئایا ئەمە چ زیانێکی هەیە؟". ئەو دەشڵێت کە دەنگی نارازیی هەیە نایەوێ دەنگ بداتە فلانە لیست، ئەگەر فلانە لیست هەبێ دەنگدەدات بەو، "ئێستا زۆر هەن دوای ئەزموونی 25ی تەمموزی رابردوو، لایان وایە گۆڕان ناتوانێ لەسلێمانی یەک کورسیش بەدەست بێنێتەوە، ئایا ئەوە پێشبینیکردنی خەڵکی سیاسییە؟ تۆ وەک سەرکردەیەک ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە نەبینی کە لە25 ی تەمموز پێشهات، دوای سێ مانگ بێیت و بڵێی فلانە هێز لاقە کورسییەک و فلانە دوو لاقە کورسی ناهێنێ، ئەوە کەی لۆجیکە تا سیاسەتی پێ بکەی؟".

#### 25 ی تەمموز دووبارە دەبێتەوە

ماموستا جەعفەر بەپێچەوانەی لێدوانی بەرپرسانی یەکێتی کە باس لەگەڕانەوەی بەلێشاوی جەماوەری گۆڕان بۆ نێو یەکێتی دەکەن، پێیوایە "ئەگەر 10 هەزار کەس وازی لەگۆڕان هێنابێت، ئەوا 70 هەزاری دیکە بوونەتە لایەنگری ئەو هێزە"، دەشڵێت "ئەوە خوێندنەوەیەکی هەڵەیە کە پێیوایە بەگەڕانەوەی 10 هەزار کەس ئیدی هەمووی وازی هێناوە. من پێموایە ئەمجارەش گۆڕان دەنگێکی باش دێنێ".

هەروەها گوتی "دەمەوێ راشکاوانەو واقیعبینیانە قسە بکەم، ئەنجامی قسەکانیشم هەرچی بن گوێی نادەمێ. من نەخۆم و نە بەرامبەرەکەم ناخەڵەتێنم. پێموایە گۆڕان لەهەولێر وموسڵ و کەرکووک و سلێمانیش دەنگی باش دێنێ، دەبێ ئەوەش بەئاسایی بزانین، من دروشمی یان ئێمە یان گۆڕان بەشیاو نازانم، بەڵکو بڕوام بەوەیە پێکەوە هەڵبکەین، ئێستا چارەکێکی ئەم بەشەی کوردستان لایەنگری بزووتنەوەی گۆڕانە. با بکەوینە گفتۆیەکی ژیرانە، نەک ململانێیەکی بێ ئەنجام".

#### "تا کۆنگرە ئەندامی یەکێتی دەبم"

ماموستا جەعفەر دەڵێت "جاری دیکەیش گوتوومە تاوەکو بەستنی کۆنگرە ئەندامی یەکێتی دەبم، گریمان ئێستا وازیشم هێنا، بەڵام پەیوەندیم لەگەڵی بەردەوام دەبێ تا ئەو رۆژەی کۆنگرە دەبەستێ، لەکۆنگرەدا هەرچی لام راستی بێت دەیڵێم و ئەگەر بڕیاری وازهێنان بدەم لەوێ دەیدەم. چونکە بەراستی من یەکێکم لەوانەی ئەوپەڕی غەدرم لێکراوە لەنێو ئەو حیزبەدا".

بەبڕوای ماموستا جەعفەر، "تەنیا یەک دووانێکن" ئەو بەرپرسە باڵایانەی یەکێتی کە دژی ئەوەن پەیوەندییەکی زۆر ئاسایی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەبێ "من پێموایە هەر ئێستا مام جەلال داوای گفتوگۆو دانیشتن لەگەڵ کاک نەوشیروان بکات، ئەوە شتێکی زۆر زۆر ئاساییە گەورەیی خۆی بنوێنێ و دەستپێشخەریی بکات لەوەدا". ئەو دەڵێت "رەنگە هێندێ شت کرابن بەناوی مام جەلالەوە، بەڵام ئەو رقی لەسەرکردایەتی گۆڕان نییە".

### ئەوە کەی لوجیکی سیاسەتکردنە بڵێی گۆڕان یەک کورسی ناهێنێ لە سلێمانی و فلانە لیست یەک قاچە کورسی ناهێنێ

### من یەکێکم لەوانەی ئەوپەڕی غەدرم لێکراوە لەناو یەکێتی

## بەرپرسی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان لەسلێمانی:

# پێشبینی لە سلێمانی ئەستەمە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەلام عەبدوڵلا بەرپرسی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی، پێشبینی کرد لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەشدا دووبارە کێبڕکێی سەرەکی لەسلێمانیدا وەک جاری پێشوو لەنێوان گۆڕان و هاوپەیمانیی کوردستان بێت. هاوکات بەدووریشی زانی بزووتنەوەی گۆڕان هێندەی جاری پێشوو دەنگ بهێنێ و گوتیشی "بەدەنگ هاتنی سکرتێری گشتیی یەکێتی کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی جەماوەری گۆڕان دەبێت".

سەلام عەبدوڵلا کە لەلایەن پارتییەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن لە سلێمانی دەستنیشانکراوە، لەبارەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ (ڕووداو) دواو رایگەیاند کە لەو 17 کورسییەی بۆ سلێمانی تەرخانکراوە ئەوان وەکو پارتی پێشبینی بردنەوەی چوار کورسی دەکەن. لەبارەی ئەوەشەوە کە ئاخۆ کێ زۆرینەی کورسییەکانی سلێمانی دەبات، گوتی "ئەمجارە گۆڕان ئەوەندە دەنگ ناهێنێ، چونکە جاری پێشوو شتێکی تازەبوو، خەڵکیش لەرۆڵ و توانای ئۆپۆزسیۆن نەگەیشتبوون و وایاندەزانی کە دەنگیان دا بەو لیستە ئیتر دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەڵام وەک دەرکەوت ئەوان ئێستا ئۆپۆزسیۆنن و دەسەڵاتیان نییەو دەبێ ئەو چوار ساڵە ئۆپۆزسیۆن بن". گوتیشی "کار بۆ خەڵک دۆزینەوەو باشترکردنی بژێوی خەڵک و بڕیارە ئیدارییەکان بەدەست دەسەڵاتەوەیە، لەبەرئەوە ئەمجارە دەنگەکانی گۆڕان کەمتر دەبنەوە".

بەرپرسی لقی چواری پارتی ئاماژەی بەهەندێ فاکتەری دیکەش کرد کە وەک ئەو گوتی دەبنە هۆی کەمبوونەوەی دەنگەکانی گۆڕان "ئەو هەڵوێستەی ئێستا یەکێتی هەیەتی بەرامبەر گۆڕان، جیاوازە لەهەڵوێستی پێش 25ی تەمموز، چونکە پێشتر بەهیچ شێوەیەک یەکێتی و بەڕێز سکرتێری گشتی یەکێتی بە وشەیەکیش باسی گۆڕانیان نەکرد، بەڵام ئێستا رۆژانە قسەی لەسەر دەکەن و بەدەنگ هاتوون و ئێستا خەڵکەکە بەجۆرێکی دیکە لەدۆخەکە تێدەگات".

ئەو وەک ئاماژەیەک بەو راپۆرتەی کە سکرتێری گشتی یەکێتی لەکاتی بەستنی پلینیۆمدا دژی نەوشیروان مستەفا خوێندییەوە، بەدەنگهاتنی مام جەلالی بەفاکتەرێکی دیکە زانی و گوتی "بەدەنگهاتنی تاڵەبانی کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی جەماوەری گۆڕان هەبووە". هەر لەو چوارچێوەیەشدا گوتی "جاری پێشوو خەڵک تاکاتی دەنگدانیش گومانی لەوەدەکرد هەردوولا هەر یەک لیست بن. ئەوان تا ئەم دواییانەش خۆیان ناونابوو ریفۆرمخوازانی ناو یەکێتی و زۆر باسی مێژوو و سەروەرییەکانی یەکێتییان دەکرد، بەڵام لەهەڵبژاردنی ئەمجارەدا دەبێت باسی خۆیان و دەستکەوتەکانی خۆیان بکەن".


لایەنگرانی پارتی لە سلێمانی بە کەمی دێنە سەر شەقامەکان (فۆتۆ:ڕووداو)

سەلام عەبدوڵلا دوورکەوتنەوەی پتر لە 10 ساڵی پارتی لەدەڤەری سلێمانی و دیارنەبوونیان لەسەر ئەو گۆڕەپانە، بەیەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکان دەزانێت بۆئەوەی کە بردنەوەی زیاتر لە چوار کورسی پێشبینی نەکەن. لەو باوەڕەشدا نییە کە لەهەڵبژاردنەکانی هاوینی رابردووی پەرلەمانی کوردستاندا، لایەنگرانی پارتی بەتایبەتی لەسنووری لقی چوار دەنگیان بەگۆڕان دابێت. سەلام عەبدوڵلا لەوبارەوە گوتی "خەڵکێکی یەکجار کەم لەناو پارتییەوە چووبوونە ناو گۆڕان، ئەوانەی لە لقی چوارەوە چووبونە ناو گۆڕان لەپەنجەی دەست تێنەدەپەڕین، زۆربەشیان ئەوانە بوون کە تازە پەیوەندییان بە پارتییەوە کردبوو یان پاڵێوراو بوون نەک ئەندام". هەروەها گوتیشی "تاک و تەرا گەڕانەوە لە گۆڕانەوە بۆ ناو پارتی هەیە، بەڵام ژمارەکە لەپەنجەی دەست تێناپەڕێت".

بەرپرسی لقی چوار هیوایشی خواست کە ململانێ و پروپاگەندەی هەڵبژاردن بە هێوری و ئارامی بەڕێوەبچێ "چونکە لەدەرەوە سەیرمان دەکەن و چاویان لەسەرمانە". بەدووریشی زانی کە ئەمە دوایین جاربێت پارتی و یەکێتی پێکەوەو بەلیستی هاوبەش بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو بەلایەوە باشتربوو هەریەک لەو دوو لایەنە بەلیستی سەربەخۆ دابەزێ "وەک خۆم پێم باشبوو هەرلایەک بەتەنیا دابەزێ، بۆئەوەی بزانین تواناو جەماوەری هەریەکەمان چەندەو شایستەی چەند کورسین لەناو پەرلەماندا" بەڵام گوتیشی "ئەوە سەرکردایەتی سیاسی بڕیاری لێدەدات و ئەوان دەتوانن ئەوە یەکلایی بکەنەوە. هێشتا بارودۆخێک لەئارادایە کەپێویستە بەیەکەوە دابەزین".

سەلام عەبدوڵلا لەبارەی تواناو لێهاتوویی کاندیدەکانی خۆیانەوە، دڵنیایی پێشان دا کە کەسایەتییەکانیان بەباشی دەستنیشان کردووە "یەکێک لەوانە کچە شەهیدەو باوکی سەرکردەیەکی ئەو حیزبە بووە کە ئەویش خاتوو لانە حەمەسەعید حافزە. هەروەها دکتۆر شوان کە دکتۆرای هەیە لەبواری دەرمانخانە و لەعەشیرەتی جافەو کەسێکی هەڵسوڕاوە لەپەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە بیانییەکانداو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی زۆر بەباشی دەزانێ و کەسایەتیەکانی دیکەش هەر لەو ئاستەدان". سەرباری ئەوەش، پێشبینیکردنی ئەوەی کە هاوپەیمانیی کوردستان لەسنووری پارێزگای سلێمانی چەند کورسی دەبات، بەکارێکی ئەستەم دەزانێ "ناتوانین پێشبینی بکەین، چونکە دەنگدەر هەموو پێشبینییەک دەگۆڕێت، ئێمە جاری پێشوو هەرگیز پێشبینیمان نەدەکرد گۆڕان ئەوەندە دەنگ بەدەستبهێنێ، لەبەر ئەوە پێشبینی ئەستەمە".

### پارتی چوار کورسی دەباتەوە

سەلام عەبدوڵلا

# ریپۆرتاژ

## لیستی مالیکی 250 ملیۆن دۆلاری لە وڵاتێکی ئەورووپی وەرگرتووە



رووداو-العربیە

حەیدەر عەبادی، یەکێک لە سەرکردەکانی لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات گوتی لیستەکەیان 250 ملیۆن دۆلاری لە یەکێک لە وڵاتە ئەورووپییەکان وەرگرتووە. عەبادی کە دەنگۆی پاڵاوتنی بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی داهاتوو لەبری مالیکی هەبوو، لە بەرنامەی (رۆژی هەڵبژاردن)ی کەناڵی العربیەدا رایگەیاند "لیستەکەمان 250 ملیۆن دیناری لە وڵاتێکی ئەورووپی وەرگرتووە و ئەو پارەیەی داوەتە یەکێک لە کۆمپانیاکانی ریکلام بۆ ریکلامکردن و بەڕێوەبردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستەکەمان".

### لەنێوان یەکێتی و گۆڕان دا

# ناسنامەی سیاسی سلێمانی گەورەترین ململانێی لەسەرە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو –سلێمانی**

لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، گێمی دووەمی ململانێکانی بەتاقیکردنەوەیەکی قورس ناوبرد، بەڵام گوتی "بەپێی بەرنامەیەک کە مەکتەبی سیاسی دایناوە، ئەمجارە سلێمانی دەبەینەوە".

عیماد ئەحمەد بۆ جەختکردنەوە لە سەرکەوتنی یەکێتی گوتیشی " ئەو شپرزەییەی کە یەکێتی پێشتر تێیکەوتبوو نەماوەو ئەو جارە سەردەکەوین". بەڵام وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان سەرکەوتنی یەکێتی لەسلێمانی رەتدەکاتەوەو دەڵێ " گۆڕان جارێکتریش براوەی سلێمانییە ". محەممەد تۆفیق رەحیم دەڵێ " ئەو بەرنامەیەی ئەوان باسیدەکەن، تەنها بۆ بەرزکردنەوەی وورەی رووخاوی لایەنگرانیانەو هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نییە".

هەر یەک لەکۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامیش، کە دوو ململانێکاری نێو گۆڕەپانەکەی سلێمانین و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی رێژەیەکی زۆری کورسییەکان دەدەن لەو پارێزگایەدا، لەو بڕوایەدان کە هێشتا گۆڕان لایەنە بەهێزەکەی شاری سلێمانییە.

بەکر حەمەسدیق، سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لە سلێمانی کەپێشبینی 3تاوەکو 4 کورسی دەکات بۆ یەکگرتوو لەسلێمانی، دەڵێ " بەهۆی هەڵبژاردن بە لیستی کراوە گۆڕانێک روویداوەو پێشبینیکردنی تارادەیەک قورس کردووە، بەڵام ئەوەی دەبینرێت، ئەوەیە کە هێشتا گۆڕان بەهێزترە لە یەکێتی لە سلێمانی ". بەکر حەمەسدیق گوتیشی " هەندێک جار دەتوانی بڵێی لەڕووی ململانێوە لەئاستی یەکدان، بەڵام بەگشتی ئەوەیە کە گۆڕان بەهێزترە".

هەرچەندە بەرپرسانی یەکێتی دەڵێن، بزووتنەوەی گۆڕان هێزی جاری پێشووی لە سلێمانی نەماوە. بەڵام بەبڕوای یاسین حەسەن، پاڵێوراوی ژمارە یەکی کۆمەڵی ئیسلامی لە پارێزگاری سلێمانی" گۆڕان هەمان هێزو توانای جاری پێشووی بۆ ململانێکردنی یەکێتی هەیە لەسلێمانی و دەیباتەوە". یاسین حەسەن کە پێشبینی 2 کورسی دەکات بۆ کۆمەڵی ئیسلامی لەپارێزگای سلێمانی، گوتیشی " 2

> **هەندێک جار دەتوانی بڵێی لەڕووی ململانێوە لەئاستی یەکدان، بەگشتی ئەوەیە کە گۆڕان بەهێزترە**
>
> سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لە سلێمانی

کورسی کەمترین ژمارەیە کەپێشبینی دەکەین و پێدەچێت 3 کورسی ببەینەوە".

پارێزگای سلێمانی 17کورسی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دیاریکراوە، گۆڕان دەڵێ 7تاوەکو 8 کورسی لە سلێمانی مسۆگەرە و یەکگرتوو 3کورسی و کۆمەڵ 2 کورسی و پارتیش دەڵێ کەمتر لە 3 کورسی ناهێنێ، بەپێی ئەو پێشبینیانە بێت تەنها دوو کورسی بۆ یەکێتی دەمێنێتەوە. بەڵام یەکێتی دەڵێ کەمتر لە7کورسی ناهێنێ لە سلێمانی.

بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی پێیوایە کەئەمجارە یەکێتی لەسلێمانی باشتر دەبێت و بەئەنجامێکی باشترەوە لەهەڵبژاردن دەچێتە دەرەوە. بەرزانی ئەحمەد کوردە، کە لەسەروەختی بەرپرسیارێتی ئەودا، یەکێتی لە سلێمانی سەرنەکەوت، گوتیشی " ئامارمان لەبەردەستدایە کە ئەمجارە یەکێتی

> **گۆڕان هەمان هێزو توانای جاری پێشووی ماوە لە سلێمانی**
>
> سەرۆکی لیستی کۆمەڵ لە سلێمانی

باشتر دەبێت لەسلێمانی و لەهەمانکاتیشدا ئەو گۆڕانکارییانەی لەمەڵبەند و کۆمیتەکاندا کراون کاریگەری هەیە".

**شەڕی قەزاو ناحیەکانی سلێمانیش توندە**

بەدەر لە ناوشاری سلێمانی، هەر یەک لە یەکێتی و گۆڕان بەچڕوپڕی چاویان بڕیوەتە قەزاو ناحیەکانی سلێمانی و وەک سەرچاوەیەکیش بە (رووداو)ی گوت" مام جەلال جەختی لەسەر بردنەوەی کۆیە کردووەتەوە، کە جاری پێشوو یەکێتی لەدەستیدا". هەر لەم چوارچێوەیەشدا، د.فوئاد مەعسوم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و یەکێک لە پاڵێوراوە بەهێزەکانی یەکێتی لە پارێزگای هەولێر، گوتی لەدەستپێکردنی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانەوە لە کۆیە سەرقاڵی دیدار و کۆبوونەوەی جەماوەرییە" کار بۆ ئەوە دەکەین کە ئەمجارە لە کۆیە براوەبین ". گوتیشی " ئومێدم وایە کە بتوانین کۆیە ببەینەوە". بەڵام مستەفای سەید قادر کە لەلایەن گۆڕانەوە سەرپەرشتیکردنی میحوەری رانیەو قەڵادزەی پێ سپێردراوە، بە (رووداو)ی راگەیاند یەکێتی ناتوانێ ئەو قەزاو ناحیانە لە دەست گۆڕان وەربگرێتەوە کە لەهەڵبژاردنی پێشوودا بردوونیەتیەوە "ئەمجارە لەقەزاو ناحیەکان بەهێزترین ". مستەفای سەید قادر گوتیشی "ئەگەر لەقەزاو ناحیەکان ببەینەوە، ئەوا شکستی یەکێتی لەسلێمانی قورستر دەبێت".

لەهەڵبژاردنی پێشوودا، کوردستانی هەریەک لە (هەڵەبجە، سەیدسادق، پێنجوێن، کەلار، هەڵەبجەی تازە، چەمچەماڵ)ی بردەوەو قەزاکانی (رانیە، قەڵادزە، دوکان، کۆیە، دەربەندیخان)یشی بەرامبەر گۆڕان دۆڕاند.

حەمەی حەمە سەعید، بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجەی یەکێتی کەپێیوایە ئەمجارەش هەڵەبجە بەدەست هاوپەیمانییەوە دەبێت بە جۆرێک لە دڵنیاییەوە گوتی" ئەگەر گۆڕان هەڵەبجەی بردەوە موبارەکیان بێت ". حەمەی حەمە سەعید گوتیشی " ئێمە زانیاریمان لەبەردەستە کە لەجاری پێشوو بەهێزترین لە هەڵەبجەدا ".



هەژاران لەنێو ململانێی لایەنە سیاسییەکاندا، باشبوونی بژێوی خۆیان بەلاوە گرنگە

(فۆتۆ:کاوە شێخ عەبدوڵڵا)

---

### یەکێتی هەڕەشەی کشانەوە دەکات لە یەکێتی زانایان

# پارتییەکان بردیانەوەو دوو یەکێتیش بوونە یەکگرتوو

**تایبەت بەرووداو**
**رووداو-هەولێر**

لە کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان، کە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی یەکێتییەکە بوو، پارتی 19 کورسی و یەکگرتوو 5 کورسی و هەریەکە لە یەکێتی و کۆمەڵ 2 کورسی و سەربەخۆکانیش سێ کورسی سەرکردایەتی یەکێتی زانایانیان بەدەستهێنا. لەسەر ئەوەی کە دەبووایە کورسییەکان وەک یەک بۆ پارتی و یەکێتی بووان، یەکێتی رەخنەی لە هەڵبژاردنەکە گرت و داوای دووبارەکردنەوەی کردەوە، بەڵام پارتی ئەوەی رەتکردەوە.

دوای تێپەڕبوونی 15 ساڵ بەسەر لەتبوونی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان و دوای هەوڵێکی زۆر بۆ یەکگرتنەوەی ئەو یەکێتییە، رۆژی 2010/2/15 یەکێتی زانایان بە بەشداری 276 ئەندام، کۆنگرەی یەکگرتنەوەی لە هەولێر سازکرد. لە رۆژی دووەمی کۆنگرەکەدا هەڵبژاردن بۆ سەرکردایەتی کراو 31 ئەندام هەڵبژێردران.

ئەنجوومەنی ناوەند کە سەرکردایەتی یەکێتی زانایانی ئایینی دەکات، لە 31 ئەندام پێکدێت، لەو 31 ئەندامە 11 ئەندام بۆ مەکتەبی تەنفیزی دیاریدەکرێن، لەنێو ئەو 11 کەسەشدا سەرۆک و جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی دیاریدەکرێن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، 101 ئەندامی کۆنگرە خۆیان پاڵاوت، کە پارتی 19 ئەندام و یەکگرتوو 5 ئەندام، کۆمەڵ 2 ئەندام و 3 ئەندامی بێلایەنیش بۆ ئەنجوومەنی ناوەندی دەرچوون، بەڵام یەکێتی تەنیا 2 ئەندامی دەرچووە. ئەو ئەنجامەش نیگەرانی لەلای یەکێتی دروستکردووە، بەڵام ئەندامانی خۆیان هۆکاری ئەو شکستە بۆ ئەوە دەگێرنەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانیان خۆیان پاڵاوت.

هەر بەپێی ئەو زانیاریانەی لە ئەندامانی کۆنگرەوە دەست (رووداو) کەوتوون، پێشتر پارتی و یەکێتی رێکەوتبوون کە 16 ئەندامی پارتی و 15ی یەکێتی بۆ ئەنجوومەنی ناوەندی هەڵبژێردرێن، بەڵام کاتێک دەرگەی خۆپاڵاوتن کراوەتەوە 52 ئەندام لە هەردوولا خۆیان پاڵاوتووە، بەمەش رێککەوتنی نێوانیان تێکچووەو لە ئەنجامدا 19 ئەندامی پارتی و تەنیا 2 ئەندامی یەکێتی بوونەتە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی زانایان.

د.محەممەد گەزنەیی، سەرۆکی پێشووی یەکێتی زانایان (سلێمانی) هۆکاری شکستی یەکێتی لەو کۆنگرەیە بۆ رێکخستنەکانی یەکێتی گەڕاندەوەو گوتی "ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی یەکێتی خۆیان بۆ ئەنجوومەنی ناوەند پاڵاوت، بۆیە شکستیان هێنا".



کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئاینی فیفتی فیفتی دەرنەچوو (فۆتۆ:رووداو)

گەزنەیی کە خۆشی لەو هەڵبژاردنە دەرنەچوو، لەو بارەیەوە گوتی "ویستم وەکو بێلایەنێک خۆم هەڵبژێرم، بۆ ئەوەی بزانم تاچەند دەنگ دێنم، بە کەسم نەگوتبوو خۆم دەپاڵێوم، وامدەزانی زۆربەیان دەمناسن و دەنگم پێدەدەن، بەڵام ناسین نەیخوارد و دەرنەچووم".

بەپێی زانیاری یەکێک لە ئەندامە پارتییەکانی کۆنگرەکە "یەکێتی داوای لە مەکتەبی سیاسی پارتی کرد، کە هەڵبژاردنەکە دووبارە بکرێتەوە، بەڵام مەکتەبی سیاسی پارتی ئەو داوایەی رەتکردووەتەوە، چونکە هیچ کێشەیەک نەبووە، تاوەکو هەڵبژاردن دووبارە بکرێتەوە، ئێمەش رازی نابین هەڵبژاردن دووبارە بکرێتەوە". ئەو ئەندامەی پارتی گوتیشی "2 ئەندامەکەی یەکێتی کە بۆ ئەنجوومەنی ناوەندی دەرچوون، بە نیازن لە یەکێتی زانایان بکشێنەوە". هەمان سەرچاوە ئەوەشیگووت کە لە بنچینەدا 5 کەس لەسەرەتادا بەناوی یەکێتییەوە دەرچوون "یەکگرتوو 3 ئەندامی بۆ ئەنجوومەنی ناوەند دەرچووبوون، بەڵام دوو ئەندامی یەکێتی دوای دەرچوونیان رایانگەیاند کە ئەوان یەکگرتوون، لە 19 ئەندامەکەی پارتیش سێیان بێلایەنن، بەڵام پشتگیری پارتی دەکەن".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کاروبارەکانی کۆنگرە، پارتی بە سەرکەوتوو، یەکێتی بە شکستخواردوو لەو کۆنگرەیە نابینێ و دەڵێت "ئەوەی لەو کۆنگرەیە سەرکەوتووبوو ئیسلامییەکان بوون، ئەوان خەڵکی زۆر توندڕەویان هێنایە نێو ئەنجوومەنی ناوەند. بۆیە من زۆر رەشبینم، چونکە ئێستا 7 کەسی زۆر توندڕەو لەنێو ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی زانایانن و کاریگەری جەماوەریشیان زۆرە لەلایەن کۆمەڵ و یەکگرتوو و پارتییەوە پشتیوانی دەکرێن و چوونی ئەوانە بۆ ناو یەکێتی زانایان مەترسیدارە".

تاوەکو ئێستا سەرۆکی یەکێتی زانایان هەڵنەبژێردراوە، بڕیارە ئەو هەفتەیە لەلایەن ئەنجوومەنی ناوەندییەوە سەرۆک هەڵبژێردرێ، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون هەر یەک لە مەلا محەممەد ئاکرەیی، سەرۆکی پێشووی یەکێتی زانایانی ئاینی (هەولێر) و مەلا عەبدوڵڵا سەعید وەیسی، بەرپرسی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان دوو رکابەری بەهێزن بۆ سەرۆکایەتی، سەرچاوەیەکی ئاگاداریش بە (رووداو)ی گوت "چانسی مەلا عەبدوڵڵا بەهێزترەو لە کۆنگرەشدا زیاترین دەنگی هێنا".

---

# بەرەی تورکمانی داوا لە UN دەکات پارتی رێگەی پێبدات بگەڕێتەوە هەولێر

**هێمن بابان رەحیم**
**رووداو-هەولێر**

سەرۆکی لیستی بەرەی تورکمانی لە هەولێر بە دووری نازانێ بەم نزیکانە بگەڕێنەوە هەولێر و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ئاسایی ببێتەوەو گوتی "سیاسەتێکی واقیعییانەتر دەگرینەبەر"، پێشبینیش دەکات لەو هەڵبژاردنەدا لە هەولێر بەلانیکەم کورسییەک بێنن.

> **ئەگەر پارتی رێگەمان بدات بگەڕێینەوە هەولێر سیاسەتەکەمان دەگۆڕین**

ئایدن مەعروف سەلیم، سەرۆکی لیستی بەرەی تورکمانی لەهەولێر، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند بۆ گەڕانەوەیان بۆ هەولێر و دەستپێکردنەوەی چالاکیی سیاسییان لەو شارەدا "بەرەی تورکمانی داوای لە تورکیا و نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی و مام جەلالیش کردووە بۆ ئەوەی داوا لە پارتی بکەن رێگە بدات بەرە بگەڕێتەوە هەولێر و چالاکیی سیاسیی دەست پێبکاتەوە".

سەبارەت بە سیاسەتی بەرەی تورکمانی دوای گەڕانەوەیان بۆ هەولێر، ئایدن مەعروف گوتی "ئەگەر بەرەی تورکمانی بگەڕێتەوە هەولێر، سیاسەتێکی جیاوازتری دەبێت لە رابردوو، سیاسەتێکی واقیعییانەتر دەگرێتە بەر"، هەروەها دەڵێت "فەرامۆشکردنی بەرەی تورکمانی لەلایەن پارتییەوە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەو سیاسەتەی پێشوو".

کاندیدەکەی بەرەی تورکمانی کە هاوکات جێگری بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی بەرەی تورکمانییە لە سوریا، بەشداریکردنی بەرەی تورکمانی لە هەڵبژاردنەکانی هەولێر و سلێمانی بە لیستی سەربەخۆ بە"پۆزەتیف" بۆ هەرێمی کوردستان دادەنێت و پێیوایە "دەبێ دەسەڵاتی کوردی پاڵپشتی ئەو دەستپێشخەرییەی بەرەی تورکمانی بکات لە هەولێر و سلێمانی، بەتایبەت لە هەولێر".

بەرەی تورکمانی لە هەولێرو سلێمانی بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنی کردووە، بەڵام لە شارەکانی موسڵ، دیالە، بەغدا و کەرکووک بە هاوپەیمانی لەگەڵ لیستی عێراقیەی ئەیاد عەللاوی. ئایدن هۆکاری ئەوەی روونکردەوەو گوتی "بۆ کۆکردنەوەی دەنگی تورکمانەکانی هەولێر و سلێمانی، بە لیستی سەربەخۆ دابەزین، جگە لەوەی بەشێک لە نا تورکمانەکانیش دەنگمان پێدەدەن، دەمانەوێ پەیوەندییەکانی نێوان کورد و تورکمان بەرەو باشی ببەین".

سەبارەت بە پێشبینی دەنگهێنانیش لەو دوو پارێزگایەی کوردستاندا، سەرۆکی لیستی بەرەی تورکمانی لەهەولێر گوتی "پێشبینی بەدەستهێنانی دەنگێکی زۆر لەناوەوەو دەرەوەی هەولێر دەکەین، لە شەقڵاوەش دەنگ دەهێنین، تاوەکو دیانا پۆستەری ئێمە لێدراون، ئەمە شتێکی مێژووییە بۆ ئێمە وەکو بەرەی تورکمانی و بۆ دەسەڵاتیش".

ئەوەش بە هەنگاوێکی گرنگ بۆ خۆیان دادەنێ " چونکە کەرکووک چەند بۆ کورد گرنگە، هەولێریش ئەوەندە بۆ تورکمان گرنگە".

ئایدن مەعروف، پێداگیری کرد کە "کار بۆ بەدەستهێنانی100 هەزار دەنگ دەکەین لە هەولێر، بەڵام بەلانیکەم 50 هەزار دەنگ دەهێنین، کورسییەک مسۆگەرە، لە سلێمانیش پێشبینی دەکەین 2 هەزار دەنگ بهێنین، لەوێ کورسی ناهێنین، بەگشتیش مونافەسەی کاندیدەکانی یەکێتی و پارتی و گۆڕان دەکەین لە هەولێر". بۆ هێنانی ئەو دەنگە پێشبینی کراوانە کاندیدەکەی بەرەی تورکمانی لەهەولێر دەڵێت "لە هەولێر بنکەیەکی جەماوەری تورکمانی باش و دەنگدەری نا تورکمانیش هەن کە دەنگمان پێدەدەن". سەبارەت بە کەرکووکیش، گوتی" 2 کورسی بەدەستدەهێنین".

ئایدن مەعروف، کە پێشتر سکرتێری رێکخراوی یەکێتی قوتابیانی بەرەی تورکمانی بووە و ماستەری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی غازی لە تورکیا بەدەستهێناوە، بەدووری دەزانێت کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر کار بکاتە سەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پارتی، بەڵام گوتی " هەرچەندە پارتی چەند حیزبێکی کارتۆنیی تورکمانی دروستکردووە، بەڵام کاردەکەین بۆ ئەوەی پەیوەندی بەرەی تورکمانی و پارتی باش بکەین"، گوتیشی "بۆ باشکردنی پەیوەندییەکان، پێشبینی دەکەین پاش هەڵبژاردنەکان کۆبوونەوە لە نێوان پارتی و بەرەی تورکمانی ئەنجامبدرێ".



> **سیاسەتی گۆڕان بەرامبەر تورکمان واقیعانەترە لە سیاسەتی یەکێتی و پارتی**

ئایدن دەڵێ سیاسەتی یەکێتی و پارتی هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی بەرەی تورکمانی لەمەسەلەی کەرکووک پێداگری بکات و، لەو بوارەشدا سیاسەتی بزووتنەوەی گۆڕانی لە سیاسەتی پارتی و یەکێتی پێ باشترو واقیعییانەترە " ئاڵای کوردستان و گۆڕان و بەرەی تورکمانییان پێکەوە بەرزکردووەتەوە لە کەرکووک، ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر تورکمانەکانی کەرکووک هەیە"، گوتیشی "ئێمە پاڵپشتی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان دەکەین".

لەنێو لیستە کوردییەکان چەند کاندیدێکی تورکمانی هەن، بەڵام ئایدن دەڵێت ئەوان وەکو بەرەی تورکمانی بەهیچ شێوەیەک پشتگیری لەو کاندیدانە ناکەن، "چونکە ناتوانن داکۆکی لە مافی تورکمانەکان بکەن"، هاوکات رای وایە ئەو حیزبە تورکمانییانەی لە هەولێر و سلێمانی هەن "کارتۆنین"، بۆیە "پەیوەندیی کورد و تورکمانیان باشترنەکردووە، کاریگەرنەبوون و بنکەیەکی جەماوەرییان نییە، چونکە دروستکراون".

## ئێران 4 پێشمەرگە دەکوژێت



**تایبەت بە ڕووداو**

لەئەنجامی شەڕ و پێکدادانێکی نێوان پێشمەرگەکانی لەشکری کوردستان لەگەڵ هێزی تایبەتی سەر بە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، 4 پێشمەرگەی ئەو هێزە کوژران. ئەو لەشکرە کە دەگوترێ سەر بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانن، شەوی شەممەی ڕابردوو لەناوچەی گانی زەردی سەر بە سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەنگاری هێزێکی تایبەتی سوپای پاسداران بوونەوە کە لەئاکامدا 4 پێشمەرگەی ئەو هێزە کوژران.ئارام مودەرسی، ئەندامی کۆمیتە ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە ڕایگەیاند تائێستا ڕوون نەبووەتەوە کە لەو تێکهەڵچوونە چەند چەکداری سەر بە سوپای پاسداران کوژراون.

# "250 حیزبی یاسایی لە ئێران هەن"



لە دوای خۆپیشاندانەکانی ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماریی لە ئێران مەیدانی کارکردنی سیاسی لە ئێران هێشتا تەسکتر بووە (فۆتۆ: AFP)



**سابیر قادری**
chuarchra@gmail.com

**تایبەت بە ڕووداو**

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەڵێن 250 حیزب و ڕێکخراوی سیاسی مۆڵەتپێدراو لە ئێران هەیە، بەڵام ئەندامانی هەندێک لە حیزبە خاوەن جەماوەرەکانی نێوخۆی ئێران، کاری حیزبایەتی لەو وڵاتە بە ئەزموونێکی شکستخواردوو دادەنێن و ئەو ژمارەیەش بە "خەیالی" ناودەبەن.

حەوتەمین دانیشتنی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرووەکان

### ئەو قسەیەی وەزارەتی دەرەوە ڕاست نییە و ئێمەش بە نیمچە نهێنی کاردەکەین

**جەبهەی موشارەکەت بۆ (ڕووداو):**

لە ژنێف تایبەت بوو بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و پێشێلکردنی لەلایەن ئێران، کە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بەسەرۆکایەتی محەممەد جەواد لاریجانی، سەرۆکی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی و عەباس زادە بەرپرسی کاروباری سیاسی لە وەزارەتی ناوخۆی ئێران بەشداری دانیشتنەکەیان کرد. لەو دانیشتنەدا نوێنەرانی فەرەنسا و بەریتانیا داوایانکرد لێکۆڵینەوە لەو پێشێلکاریانە بکرێ کە لە ماوەی هەشت مانگی ڕابردووی دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران ڕوویانداوە، داواشیان کرد ئێران ڕێگە بدات نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی ئەو وڵاتە بکات و ڕاپۆرتی تایبەت بەو پێشێلکارییانە پێشکەش بە وڵاتانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بکات.

زۆربەی وڵاتانی بەشدار لەو کۆبوونەوەیە ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر گوشارەکانی ئێران بۆ سەر چالاکڤانانی سیاسی دەربڕی و هەروەها ئیدانەی ئەو گوشارانایەن کرد کە ئێران خستوویەتە سەر ڕۆژنامەڤانان. مەحموود عەباس زادە، بەرپرسی کاروباری سیاسی لە وەزارەتی ناوخۆی ئێران لێدوانی بەشداربووانی کۆبوونەوەکەیبە "نا ڕاست" وەسفکردو گوتی "ئێران یەکێکە لەو وڵاتە دیموکراسیانەی لەسەر بنەمای بیری ئیسلامی بەڕێوەدەچێت و کاروباری ئەو وڵاتەش لەسەر بنەمای دەنگ و ڕای زۆرینەی خەڵک ڕادەپەڕێندرێ، مەسەلەی ئازادی ڕادەربڕین و کاری حیزبی لە ماددەکانی 24، 26 و 27ی دەستووری ئێراندا بەڕوونی ئاماژەیان پێکراوە".

ماددەی 26ی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی مۆڵەتدەدات فرە حیزبی لە ئێران هەبێت، بەمەرجێک سەربەخۆیی نیشتمانی، پێوەرە ئیسلامییەکان و بنەماکانی کۆماری ئیسلامی لەبەرچاو بگرن و پێشێلی نەکەن.

عەباس زادە ئاماژەی بەوەدا ساڵانە "بەگشتیی 5 هەزار ڕێپێوان لە ئێران دەکرێن و هەر ئێستا 250 حیزبی یاسایی بە بیروبۆچوونی جیاجیا لە ئێران تۆمار کراون و بەبێ هیچ بەربەرستێک کارو چالاکی خۆیان دەکەن".

قسەکانی عەباس زادە لەکاتێکدایە کە لە ماوەی هەشت مانگی ڕابردوودا، سەرکردەی چەندین حیزبی ئێران لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون لەوانەش ئیبراهیم یەزدی، سکرتێری حیزبی (نهچت ازادی) و موحسین میردامادی سکرتێری (جبهە مشارکت)، جگە لەوەی چەندین حیزبێکیش بە "دژە شۆڕش" و نا یاسایی لە قەڵەمدراون.

ئەندامانی حیزبە یاساییەکانی کۆماری ئیسلامی ئەزموونی کاری حیزبی لەو وڵاتە بە "ئەزموونێکی شکستخواردوو" نێودەبەن و ئەو ژمارەیەش کە عەباس زادە ڕایگەیاندووە ڕەتدەکەنەوە. حەمید ڕەزا جەلایی پور، ئەندامی ناوەندی (جبهە مشارکت) لەو بارەیەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەوەی عەباس زادە گوتوویەتی تەنیا دروشمە و دوورە لەڕاستی، لەچەند مانگی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبە یاساییەکان دەستگیرکراون"، ناوبراو گوتیشی "کاری حیزبی بە ڕادەیەک شکستی خواردووە کە سەرۆک کۆماری ئێران بڵێ حیزبمان بۆ چییە، ئێمە پەیڕەوی لەیاسای ئیسلامی دەکەین و کارەکانمان بەپێی ئیسلام و یاساکانی ئیسلامی بەڕێوە دەبەین". محەممەد ئەسعەد بێگی، بەرپرسی لقی کوردستانی جەبهەی موشارکەتیش پێیوایە تەنیا چوار حیزبی سەرەکی لەئێراندا هەن، ئەوانی دیکە تەنیا ناون، ئەسعەد بێیگی بە (ڕووداو)ی گوت "چوار یان پێنج حیزبی سەرەکی لەئێراندا خاوەن جەماوەرن کە ئەوانیشش نیوە داخراون و جگە لەحیزبی دەسەڵات (جمهوری ئیسلامی)"، ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد ئەو شێوازی کارکردنە حیزبییەی لەلایەن دەسەڵاتەوە پەیرەو دەکرێت مانای پێشێلکردنی یاسا بنەڕەتییەکانی کۆماری ئیسلامییە "لەیاسای بنەڕەتیدا ئاماژە بەوە کراوە کە چالاکی حیزبی مەسەلەیەکی ڕێگەپێدراوەو ئێمەش ڕەخنەی ئەوە دەگرین کە بۆچی کار بە یاساکان ناکرێت"، ئەسعەد بێیگی گوتیشی "گوشارەکان بە ڕادەیەکن کە ژمارەیەک لەئەندامانی حیزبەکەمان گیراون یان هەڕەشەی گیرانیان لێکراوە و ناچارین کۆبوونەوەکانمان بەنهێنی یا نیوە نهێنی بەڕێوە دەبەین".

### ئەگەر لە ئێران دەرفەتێک هەبووایە بۆ چالاکی حیزبی، لەشاخ نەدەبووین

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

چەندین حیزبی کوردی هەن، بەڵام سەرجەمیان لە دەرەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین و تائێستا هیچ حیزبێکی کوردی ڕێپێدراو لەو وڵاتەدا نییە، ئەو حیزبە کوردییانە کە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانن دەڵێن ئەگەر دەرفەتی کاری حیزبی هەبووایە ئێرانمان جێنەدەهێشت.

ساڵح شەریفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەڵێت لە ئێران هیچ دەرفەتێکی بۆ کاری حیزبی نییە "ئێستا زیاتر لەهەر کاتێک ئەوە ڕوون بووەتەوە کە کۆماری ئیسلامی دەرفەتی چالاکی حیزبی تەنانەت بە لایەنەکانی سەر بە خۆیشی نادات"، ناوبراو گوتیشی "ئەوان دەرفەت بە خاتەمی، کەڕووبی و مووسەی نادەن قسەی خۆیان بکەن، چۆن ئەو دەرفەتە بە کورد دەدەن کاری حیزبی بکەین و حیزب دابمەزرێنین، ئێمە هەر لەسەرەتاوە گوتوومانە ئەگەر دەرفەتێک هەبووایە بۆ چالاکی حیزبی، هیچ کاتێک لەشاخ و لەدەرەوەی ئێران نەدەبووین".



### بایرام بۆزیەل، سەرۆکی HAK-PAR:

# پێویستە AKP بۆ چارەسەری کێشەی کورد داوای یارمەتی لە ئێمە بکات

**ڕەشاد ئۆزکان**
**ڕووداو-ڤییەنا**

بایرام بۆزیەل، سەرۆکی پارتی ماف و ئازادی لە تورکیا HAK-PAR ڕایگەیاند کە دەوڵەتی تورکیا چیتر ناتوانێ کێشەی کورد بەبێ باری چارەسەر بهێڵێتەوە "تورکیا ئیتر ناتوانێ ئەو بارە قورسە هەڵبگرێ و لەگەڵ تێپەڕینی کات بێ هێزتر دەبێ".

بایرام بۆزیەل لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، پێشکەوتن و کرانەوەی تورکیا دەبەستێتەوە بە چارەسەری کێشەی کورد لەو وڵاتەداو دەڵێت "هەتا تورکیا مافە دیموکراتییەکانی کورد دابین نەکات و کێشەی کورد چارەسەر نەکات، داهاتووی داخراوتر دەبێ، ئابووریی دواکەوتووتر دەبێ و زۆرداری لەسەر کورد و هێزە دیموکراتییەکانی تورکیا درێژەی دەبێ".

HAK-PAR کە پارتێکی مۆڵەتداری تورکیایە و لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی پەرلەمانی تورکیادا 20 هەزار دەنگی هێنا، زیاتر لە پارتی قەدەخەکراو، پارتی سۆسیالیستی کوردستان PSK نزیکە.

سەبارەت بە ڕۆڵی پارتەکەی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەدا، بە تایبەتیش لە پرۆسەی کرانەوەو چارەسەری کێشەی کورددا، بایرام بۆزیەل سەرۆکی HAK-PAR گوتی "پارتەکەمان HAK-PAR، بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی کورد و پشتیوانی ڕەوتی دیموکراتیبوونی تورکیا دامەزراوە، ئێمە حیزبێکی کوردین و لەپێناو مافەکانی کورد تێدەکۆشین، بۆ ئەم مەبەستەش گەورەترین ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە پشتیوانی لەو هەنگاوانە بکەین کە بۆ دابینکردنی مافی کورد و دیموکراسی دەهاوێژرێن، ئێمە لەو باوەڕەداین کە سیاسەتی (کرانەوە) لەپێناو ئەو شتانەیە".

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا گوتیشی "لەپێناو ماف و ئازادییەکانی کورد، ئێمە ئامادەین لەگەڵ هەموو حیزب، بزووتنەوە و هێزێکی دیموکراتی هاوکاری بکەین، ئەگەر پارتی دەسەڵاتداری تورکیا (پارتی دادو گەشەپێدان AKP) لەم بوارەدا هەنگاو بنێت، پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دابینکردنی مافی گەلان و نەهێشتنی میلیتاریزم داوای یارمەتی لە ئێمەش بکات، ئێمەش دیسان دووپاتی دەکەینەوە بۆ (کرانەوەی دیموکراتی) ئامادەین".

## فەتحوڵڵا گیولەن بەر لەهەموو کەس دەستی پێکرد

# تەلەڤزیۆنێکی کوردی بەناوی Dunya TV دەکاتەوە

**دلبخوین دارا**
**تایبەت بە ڕووداو**

سەرمایەداری ئیسلامیی تورکیا، فەتحوڵڵا گیولەن کە لەسەرتاسەری جیهاندا خاوەن پرۆژە و دەزگای گەورەیە و یەکێک لەگەورەترین چاپخانەکان لەتورکیا لەدەستی گرووپەکەیدایە، بڕیاری کردنەوەی یەکەمین تەلەڤزیۆنی کوردی تایبەتیدا.

فەتحوڵڵا گیولەن، کە لەباشووری کوردستانیش زانکۆیەکی عیشقی کردووەتەوە، لەنزیکەوە خەریکی کارکردن لەسەر پرسی کوردە، بەڵام ئەو کارە لەڕێگەی گرووپەکەی فەزالەر و زەمانەوە دەکات و گرووپەکەی لە زۆر بواردا خۆی تێکەڵی پرسی کورد دەکات.

لەگەڵ گفتوگۆی لەبارەی کردنەوەی کەناڵە تەلەڤزیۆنییە تایبەتییەکان لە تورکیا، بەزمانی کوردی، گرووپەکەی فەتحوڵڵا گیولەن پێش هەمووان، وەکو هەموو جارێک ئەم هەلەی بۆ خۆی قۆستەوە.



فەتحوڵڵا گیولەن کە ئێستا لەئەمریکا دەژی و لەساڵی 2008، لەنێو لیستی 100 کەسی ڕووناکبیردا دانرا، خەڵکی ئەرزڕۆمە و دەگوترێ بەڕەچەڵەک کوردە، بەڵام نە خۆی هیچ جارێک ئەوەی باسکردووەو کەسانی نزیکیشی دەڵێن تورکە. فەتحوڵڵا گیولەن خۆی وەک قوتابی و موریدێکی سەعیدی نورسی (سەعیدی کوردی) دادەنێ و لەسەر بناخەی ئەو ڕێبازەش خۆی نیشاندەداو دەیەوێ بیر وبۆچوونەکانی لەسەرتاسەری جیهاندا بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئەوان جگە لە بواری ئایینی لە بوارەکانی دیکەشدا کار دەکات. لەسیاسەتەوە بگرە تا دەگاتە دەرکردنی ڕۆژنامە، گۆڤار و دانانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و زانکۆ و قوتابخانە، هەروەها بانکیشی هەیە. تەنانەت هەتا ئەو ئاستە کە لەتورکیا زۆر کەس فەتحوڵڵا گیولەن بە "حکومەتەکەی دیکە" ناودەنێن. بەڵام گومانێکی زۆر لەلایەن نەتەوەکانی دیکە لەسەر قوتابخانەکانی هەیە، کە منداڵان بەشێواز و فکری تورکچێتی پەروەردە دەکەن.

گرووپی گیولەن، کە نێوی گرووپی سامان یۆلو Samanyolu یە، لەساڵی 1999دا دەستی بە کاری میدیا کرد. ئێستا ئەو گرووپە زۆر بەهێزە لە بواری میدیاد، بۆ نموونە ڕۆژنامەیەک کە لەتورکیا لەهەموویان زیاتر دەفرۆشرێت، بەتیراژی 783 هەزار و 200 دانە، ڕۆژنامەی زەمان Zamanە، ڕۆژنامەی ئەوانە.

گرووپی سامان یۆلو کە ئێستا 6 تەلەڤزیۆنی هەیە، ئامادەکاری کردنەوەی کەناڵی حەفتەمی دەکات، ئەویش Dunya TVیە. ئەو کەناڵە بەزمانی کوردی دەبێ و لەشاری عەنتابەوە بەرنامەکانی بۆ سەرتاسەری جیهان پەخشدەکات.

بەرپرسانی سامان یۆلو ڕایانگەیاند کە ئەوان هەموو کارە بیرۆکراتییەکانی تەلەڤزیۆنیان تەواوکردووەو چاوەڕوانی ڕۆژی دەستپێکردنی پەخشەکەی دەکەن.

ڕەمزی کەتەنجی بەڕێوەبەری پێشووی گرووپی سامان یۆلو لەئەنقەرە، دەبێتە بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی Dunya TV، کە ئەویش خەڵکی ئەرزرومە و تەمەنی 39 ساڵە.

Dunya TV لەسەر مانگی دەستکردی Turksat 3-A بەرنامەکانی پەخش دەکات. ئەو تەلەڤزیۆنە هەواڵ، بەرنامەی ئایینی، گفتوگۆ، دیکۆمێنتار، زنجیرە دراما و بەرنامەی موزیکی بڵاودەکاتەوە.




کورد لە تورکیا داوا دەکات کوردی بکرێتە زمانی خوێندن و دەوڵەتیش ڕێگەنادات (فۆتۆ: AFP)

## مالیکی و حەکیم قەدۆ بێ ئومێد دەکەن



**ڕووداو- العالم**

پەرلەمانتار حەنین قەدۆ، سەرۆکی گردبوونەوەی شەبەکی دیموکراسی هەردوو کوتلەکەی نوری مالیکی و عەمار حەکیمی بە "پەرتکردنی دەنگی شەبەکەکان" تۆمەتبارکرد، بەهۆی "پاڵاوتنی ژمارەیەک شەبەک لە لیستەکەیاندا". حەنین قەدۆ، کە بانگەشە بۆ جیاوازبوونی شەبەک لە کورد دەکات و دژی هەموو هەنووستەکانی کوردە، لە تەلەڤزیۆنی (العالم)دا ڕایگەیاند"هەست بە بێ ئومێدییەکی زۆر دەکەین لەهەردوو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی و ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، چونکە ڕۆڵیان لە پەرتکردن و بڵاوەکردنی دەنگی شەبەکاندا هەیە و هەندێ کەسیان بەناوی شەبەکەوە پاڵاوتووە کە هیچ توانایەکیان نییە".

### کۆنسوڵی بەریتانیا لەهەولێر:

# بەریتانیا چاودێریی پرۆسەی دەنگدان و ژماردنی دەنگەکانیش دەکات



**پێشوەختە دیارنەبوونی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان هێمای بوونی دیموکراسییەکی نوێیە لە عێراق**

**هاوار عەبدولڕەزاق**
**ڕووداو- هەولێر**

جێرمی ماکادی، کۆنسوڵی بەریتانیا لەهەولێر ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی، شانبەشانی وڵاتانی دیکەی ئەورووپایی چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردن لەعێراق دەکات. لەبارەی ئەگەری گۆڕانی نەخشەی سیاسی لەهەرێمی کوردستانیش بەهۆی ئەم هەڵبژاردنەوە، گوتی کە پێشبینیکردنی ئەنجامەکان زەحمەتەو ئەوەش هێمای بوونی دیموکراسییەکی نوێیە لە عێراق کە کەس دڵنیا نییە لەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چۆن دەبێت.

کۆنسوڵی بەریتانیا لەهەولێر، لە درێژەی ئەو لێدوانەدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند کە هەڵبژاردنەگانی مانگی ئاداری داهاتوو "هەلێکە بۆ خەڵکی عێراق کە تیرۆریزم ڕەتبکەنەوە و لایەنگری دیموکراسی بن و ڕێڕەوی وڵاتەکەیان بۆ چوار ساڵی داهاتوو دیاری بکەن". گوتیشی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەم پێشڤەچوونە خۆشحاڵن.

ئەو دیپلۆماتکارە بەریتانییە لەبارەی ڕۆڵی وڵاتەکەشی لەو پرۆسەیەدا، ئاماژەی بەوەکرد کە بەریتانیا لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئەورووپا "چاودێریی پرۆسەی دەنگدان و ژماردنی دەنگەکانیش دەکەن". هەروەها گوتیشی کە بۆ گەڵاڵەکردنی بیروڕایەکی دروست لەبارەی شێوەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان، گوێ لەسکاڵای ئەو لایەنانە دەگرن کە پێیانوایە پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە.

جێرمی ماکادی لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ ئەم هەڵبژاردنە تاچەند دەتوانێ پێگەی نەتەوەو پێکهاتە جیاوازەکان لەعێراقدا دیاری بکات، گوتی "پێموایە ئەوە هێمای بوونی دیموکراسییەکی نوێیە لە عێراق، کە کەس دڵنیا نییە لەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چۆن دەبێت". هیوایشی خواست کە هەر گۆڕانکارییەکی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە دێتەئارا هەڵقوڵاوی ویستی خەڵکی عێراق بێت.

کۆنسوڵی بەریتانیا لەهەولێر، لەبارەی هەڵبژاردنەکانی مانگی تەمموزی ڕابردووش لەهەرێمی کوردستان گوتی "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قبوڵیان کرد کە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان سەرەڕای چەند کەموکورتییەک، ئاوێنەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بوو". گوتیشی "ئێمە هەمووومان خۆشحاڵ بووین کە هێزی ئاسایش کارێکی سەرکەوتووانەیان کرد بۆ پاراستنی گیانی دەنگدەران لە ڕۆژی هەڵبژاردن".

لەبارەی لایەنە باش و خراپەکانی ئەو هەڵبژاردنەش لەدیدی ئەوانەوە، ئاماژەی بە سیستمی لیستی داخراو کرد کە لەو هەڵبژاردنەدا پەیڕەوکراو، بووە هۆی ئەوەی دەنگدەران نەتوانن نوێنەرەکانیان بناسن و بەرپرسیاریان بکەن لە سەرکەوتنی سیاسی و شکستهێنانیان لەماوەی کارکردنیاندا لە پەرلەمان.

هەروەها لەبارەی ئەوەش کە ئاخۆ لەدەستدانی دەنگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەقازانجی گۆڕان تاچەند دەبێتە هۆی لێکدوورکەوتنەوەی پارتی و یەکێتی وەک دوو هاوپەیمانی ستراتیژی، گوتی "پێموایە دەبێت ستایشی پارتی و یەکێتی بکرێت کە بارودۆخێکیان خوڵقاندووە لەسایەیدا گۆڕان لە هیچەوە توانی 25 کورسی پەرلەمانی کوردستان بەدەستبهێنێت".

ئەو دۆڕان و بردنەوەشی لەهەڵبژاردندا بەکارێکی ئاسایی و سروشتیی پرۆسەی دیموکراسی ناوبردو گوتی "سەرکەوتن بۆ هەندێک نیگەرانی و بۆ هەندێکی دیکە دەرئەنجامی چاوەڕوانکراوی سیستەمی دیموکراتییە".

**دەبێ ستایشی پارتی و یەکێتی بکرێ کە بارودۆخێکیان خوڵقاندووە لەسایەیدا گۆڕان لە هیچەوە توانی 25 کورسی بەدەستبێنێ**

# پارتی چارەسەری دەنگ دەداتە پاڵێوراوانی گۆڕان و هاوپەیمانی کوردستان

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە ڕۆژی 2010/2/16 قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕێککەوتنێکیان بۆشێوازی بەشداریکردن لەهەڵبژاردن ڕاگەیاند و بەپێی ڕێککەوتنەکە، پارتی چارەسەری لەسلێمانی دەنگەکانی خۆی دەداتە کاندیدی زەحمەتکێشان بەو مەرجەی ئەو کاندیدەی زەحمەتکێشان کار لەسەر پرەنسیپەکانی پارتی چارەسەری بکات لەپەرلەمانی بەغدا. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشانیش دەڵێ ئەو بەڵێنە دەبەینە سەر.

سیاسی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، کە بەڵێن عەبدوڵڵا سکرتێریەتی، لە خۆنیشاندانی جەماوەریی لە 15 ی ئەو مانگەدا هەڵوێستێکی وای نیشاندا بەرامبەر پارتی کرێکارانی کوردستان و ئازادکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە نزیکبوونی پارتی چارەسەری و ئەوانی لێدەخوێنرایەوە، کەچی لە سلێمانی باڵەکەی دیکەی زەحمەتکێشان و پارتی چارەسەری ڕێککەوتن.

بەو ڕێککەوتنە، چانسێکی باشتر دێتە بەردەم کاندیدەکەی زەحمەتکێشان لەسلێمانی، بەو پێیەی پارتی چارەسەری خاوەنی هەواداری تایبەتی خۆیەتی لەهەرێمی کوردستان و مافی بەشداریکردنی هەڵبژاردنی لێ قەدەخە کراوە.

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا ئەو مافەی لێ زەوتکرا.

ئێستا ئەو حیزبە دەنگەکانی خۆی خستووەتە پاڵ چەند پاڵێوراوی نێو لیستە بەشداربووەکان و دوێنێش 2010/2/21 پارتی چارەسەری لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوپەیمانێتی خۆی لەگەڵ پاڵێوراوی چەند لیستێک ئاشکرا کرد. کە لە سلێمانی لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشان و لە کەرکووکیش لەگەڵ هەمان حیزب باڵی بەڵێن عەبدوڵڵا هاوپەیمانیان کردووە، لە هەولێرو دهۆک لەگەڵ لیستی گۆڕان بوونەتە هاوپەیمان و لە سەلاحەددین و دیالە و موسڵیش لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان هاوپەیمانیان کردووە.

نەجیبە عومەر، جێگری سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوان دەنگی خۆیان دەدەنە پاڵێوراوانی نێو لیستەکان و گوتی " ئێمە وامان بە باش زانی کەسایەتی نیشتمانپەروەر هەڵبژێرین و هاوپەیمانیان لەگەڵ بکەین، نەک لیستێک یان حیزبێک بە تەنیا، هەر چەندە بەرنامەکان هی لیستە، بەڵام کێبڕکێ لەنێوان پاڵێوارەکاندا هەیە، بۆیە ئێمە پاڵێوراومان هەڵبژارد".

بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی چارەسەری دەڵێت ئەو مەرج و پرەنسیپانەی ئێمە لەگەڵ لایەنەکان گفتوگۆی لەسەردەکەین تاوەکو دەنگی خۆمان بدەینە کاندیدەکانیان، هەمووی لەبەرژەوەندی نەتەوەییەو هیچی لەبەرژەوەندی پارتی چارەسەری نییە".

قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، پێیوایە کاندیدی ئەوان لەسلێمانی و هەولێر مسۆگەرەو لەبارەی کاندیدی حیزبی زەحمەتکێشان- باڵی مەکتەبی سیاسی، گوتی "ئەوان کاندیدیان دەرناچێت". گوتیشی "ئەوان لەهەڵبژاردنی پێشوو بەحەوت حیزب کورسییەکیان هێنا کە 18هەزار دەنگی پێویست بوو، چ جای ئەو هەڵبژاردنە کە بە تەنهان و دەرچوونی هەر کاندیدێک 50 هەزار دەنگی دەوێ".

## بۆ سلێمانی گفتوگۆمان لەگەڵ گۆڕان کرد، بەڵام ئەوان پرەنسیپەکانی ئێمەیان قبوڵ نەکرد

**بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی چارەسەری**

فەتاح زاخۆیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەگەڵ پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ڕێککەوتوون، کە پارتی چارەسەر لە سلێمانی دەنگ بە جەلال دەباغ، کاندیدی زەحمەتکێشان بدات و ئەو خاڵانەش لەسەری ڕێککەوتوون، کارکردنە بۆ هەموارکردنی دەستووری عێراق تاوەکو مافی چارەی خۆنووسینی تێدا بچەسپێ و جێبەجێکردنی ماددەی 140 و ناوچە کێشە لەسەرەکان بەو شێوازەی کە پارتی چارەسەری لەپرۆژەیەکدا ئامادەی کردووەو کارکردن بۆ هەندێک یاسای تایبەت بەمافی ژنان.

زاخۆیی گوتیشی "بڕیارە دوای هەڵبژاردنیش، هەردوولا ڕێککەوتنێکی ستراتیژی و درێژخایەن بۆ کاری هاوبەشی نێوان هەردوولا ئیمزا بکەین". بەڵام ڕەتیکردەوە پرسی یەکگرتنی هەردوو حیزبیان باسکردبێ و گوتی "تەنها لەچوارچێوەی کاری هاوبەش قسە دەکەین".

هەرچەندە سەعد خالد، ئەندامی مەکتەبی ئازاد مەحموود قادر، بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان دەڵێ "ئێمە هەواداری زۆرمان هەیە لەسلێمانی و دەترسین دەنگەکانمان ئەوەندە زۆربن، بەشی دوو کاندید بکات". ترسەکەی ئازاد لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر هاتوو دەنگەکان لەبەشی دەرچونی کاندیدەکەی زەحمەتکێشان زیاتر بوون، ئەوا بۆ کاندیدێکی دیکەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان دەچێت"لەوانەیە دەنگە زیادەکانمان بۆ کاندیدێک بڕوات، کە ئێمە لەگەڵ شێوازی کارو بیرکردنەوەی هاوڕا نەبین".

### لە پارێزگاکانی دیکەش ڕێککەوتن

پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، کە پارتێکی لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستانە و عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە ڕێبەری خۆی دادەنێ، ئەمە یەکەم هەڵبژاردن نییە دەرگای بەشداریکردنی لە دادەخرێ،






# 27% ژ خەلکێ دهۆکێ دێ ل سەر پێوەرێ حیزبایەتیێ دەنگێ دەت

**نەجمەددین نێرووەیی**
**ڕووداو-دهۆک**

د ڕاپرسیەکێدا کو 522 کەس ل پارێزگەها دهۆکێ تێدا بەشداربوونە ل سەر هەلبژاردنێن پەرلەمانێ عێراقێ، 92% ژ خەلکی دێ بەشداربن د هەلبژاردنێدا و 48% ژ بەشداران گۆتییە دێ دەنگێ خۆ دەینە وی کاندیدێ بزانین یێ دلسوز و خەمخۆرە د هەمی لایاندا بۆ مللەتێ خۆ.

هەر دڤێ ڕاپرسییێدا دیار بوویە کو 27% ژ وانا دێ لسەر پێوەرێ حیزباتیێ و 16% لسەر شیانێن بەربژێری و 3،5% پێوەرێ ئاینی و 3،5 لسەر ڕابردوویێ بەربژێری و 1% عەشیرەتی و خزمایەتی دەنگێن خۆ دەن.

ئەحمەد فەیسەل هاووەلاتیەکێ بازێرێ دهۆکێ یە و جارا دیکەژی چوویە دەنگدانێ و دەنگێ خۆ لسەر پێوەرێ حزبایەتیێ دایە، لێ ئەو دبێژیت " دێ ڤێ جارێ ل کاندیدان نێرم کا کی پتر دێ یێ خەمخورێ کارێ خۆ بیت و کی پتر دلسوزێ مللەتێ خۆیە کۆ ڕابردوویێ وی بسەلمینیت ئەو کەسەکێ خەمخۆر بوویە د کارێ خۆدا، ئەز دێ دەنگێ بۆ وی دەم".

ئەحمەدی دبێژی ئەو دەنگێ خۆ نادەتە وان کەسێن کو بزانی تنێ دێ بۆ مووچە وەرگرتنێ چیتە وێرێ و هەر ئاگەه ژ کێشێن مللەتێ خۆ نەبیت و بۆ وی نە خەم بیت. ئەحمەدی ڕەخنە ل هندەک پەرلەمانتارێن بەرێ گرتن کو وان ب دروستی ڕۆلێ خۆ نەگێڕا و نەشیان حەقێ وی جهی بدەن .

ئاری عادل پاشا، کاندیدا پارتی ل لیستا هەڤپەیمانیا کوردستانێ ل پارێزگەها دهۆکێ بۆ (ڕووداو) دیارکر کو دلسۆزی و خەمخۆریا کاندیدی کارتێکرنەکا زۆر هەیە لسەر خەلکی کو خەلک دەنگێ بۆ وی کاندیدی بدەت و ئەڤە خالەکا زۆر د جهێ خۆدایە، ئاری دبێژی "بەلکو زۆر کەسان بیروبۆچونێت وی د باش بن و کەسێن دلسۆز و خەمخور بن لێ یا گرنگ لڤێرە ئەوە کا کار و بیر و بۆچونێت قەوارا وی چنە و دبینم ئەڤ کەسێن وەک لیستا هەڤپەیمانی هاتینە کاندید کرن هەمی ئەو کەسێن خەمخورن کو پەیاما خەلکێ خۆ بگەهیننە پەرلەمانێ عێراقێ و کەسێن شارەزانە د وارێ زانین و زانستێدا، لێ وەکو قەوارێن دی دبینم پتر مەبەستا وان ئەوە ژ بۆ بەرژەوەندا خۆ یا تایبەت و دیر ژ بەرژەوەندا گشتی کار دکەن ".

ئاری دبێژیت، هەلبژاردن دێ هەر هەبن "لەوما یا گرنگ ئەوە ئەو کەسێ دەردکەڤیت وێ باوەریێ لدەڤ خۆ ڕاگریت و وێ هزرێ بکەت کۆ ئەو خەلکێ ب گەرمی چوویە سەر سندوقێن دەنگدانێ و نیشان لبەر ناڤێ قەوارا وی یان ناڤێ وی کری، چاوا وان دلسۆزیا خۆ بۆ وی دیار کرییە و دەنگ بۆ دایە پێدڤیە ئەوژی دلسۆزیا خۆ بۆ وان دیار کەت و خەمخورێ گلە و گازندێت وان بن، ئەگەر نە مسوگەر ل هەلبژاردنێت بهێن خەلکی نە باوەری ب قەوارا وی و نە ب وی و حەتا کەسانێت دیتر دهێت".

پەیاما ژ هەمیێ گرنگتر کۆ ئاری لسەر کار بکەتن بەرەڤانی کرنە ژ مافێ ئافرەتێ و لاوان و پێشڤەبرنا ئاستێ زانستی و چاندنێ و ب تایبەت کەرتێ پەروەردێ یە .

## دەنگێ خەلکی ئەمانەتە

**مەلا تەها یەحیا، ژ لیستا یەکگرتوو**

شەهلا نایف، کچەکا 23 سالییە و دبێژی ڤێ جارێ ئەو پەشیمانی دەنگێ خۆ نابیت، چونکو ژبەرکو لیستەیا ڤەکریە دێ دەنگێ خۆ دەتە کەسەکێ هەژی و دلسۆز" ڤێ جارێ یێ ب دلێ من نەبیت و بزانم چ مفای ناگەهینیتە مللەتێ من ئەگەر خۆ چەند نێزیکی منژی بیت ئەز دەنگی بۆ نادەم چونکۆ من نەڤێت کەسەکێ ببینمە ل پەرلەمانیدا بەس وەکۆ ژمارە و بۆ دەست بلند کرنێ ل پەرلەمانی بیت و چ شیان نەبن ". گۆت بۆ وێ نەگرنگە بەربژێر سەر ب کیژ قەوارێیە، گرنگ ئەوە بەربژێر یێ خودان شیان بیت.

مەلا تەها یەحیا، کاندیدێ لیستا یەکگرتووی ئیسلامی ل زاخۆ بۆ (ڕووداو) دیار کر " ئەگەر خەمخۆری نەبیتن ئەم نەشێن ئامانجێن مللەتێ خۆ بینینە دی و مەژی وەکو لیستا یەکگرتوو ئەوکەسێن هەردەم خەمخورێن مللەتێ خۆ کاندید کرینە"، مەلا تەها دبێژی دەنگێن خەلکی ئەمانەتن " ئەز باوەر ناکەم، ئەگەر کەسەکێ خودان ویژدان هەبیت ئەڤا خەلکی دەنگ بۆ دای ژ بیر بکەت". مەلا تەها دبێژی ئەو دێ کار کەت بۆ چەسپاندنا فیدرالیەتێ و بەرقەرار بوونا یاسایێ.




## هەلبژاردن خەلاس نابن یا گرنگ ئەوە ئەوێن دەردکەڤن باوەریا خەلکی نەدۆڕینن

**ئاری عادل، بەربژارا پارتی**

## عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# بەرنامەو تاکتیکی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئێمە و پارتی جیاوازە



عیماد ئەحمەد دەڵێ، ناتوانێ بڵێ رۆژی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ گۆڕان هاتووە یان نا (فۆتۆ:رووداو)

**عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) ئەوە رەتدەکاتەوە کە یەکێتی لە هەڵبژاردنی پێشوودا شکستی خواردبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژاردنی ئەمجارەی بە گێمی دووەم ناودەبات و دەشڵێت "گێمی دووەم قورسە و ئیمتیحانێکی سەختە لە بەردەمماندا"، ئەوەش رەتدەکاتەوە کە زیادی و کەمیی دەنگی یەکێتی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر رێککەوتننامەی ستراتیژی لەگەڵ پارتی هەبێت. عیماد ئەحمەد باس لەکێشەی دانانەوەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و گەلێک بابەتی دیکەش دەکات.**

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو — سلێمانی**

**رووداو: دوای هەڵبژاردنەکانی 2009/7/25 لە دیدارێکدا گوتت یەکێتی شکستی خوارد. یەکێتی ئەمجارە دەتوانێ لە شکستی 2009/7/25دا هەستێتەوە؟**

**عیماد ئەحمەد:** بائەوە راست بکەمەوە، سەرکەوتنمان بەدەست نەهێنا، نەک شکستمان خوارد. ئەو سەرکەوتنەمان بەدەستنەهێنا کە خۆمان دەمانویست. بەڵام وەک مەکتەبی سیاسی بۆ ئەمجارە بەرنامەمان داناوەو بەپێی بەرنامەکە سەرکەوتن بەدەستدێنین.

**رووداو: بەرنامەکە چییەو میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی چۆنن ؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەوە تایبەتە بە خۆمان . بەرنامەکە تائێستا باش بەرێوەچووە، هەندێک کەموکوڕیشی هەیە، واخەریکین چارەسەری دەکەین.

**رووداو: بۆ ئەو بەرنامەیەتان لەهەڵبژاردنی پێشو نەبوو، هۆی ئەوەبوو کەپێشبینی ئەو ئەنجامانەتان نەدەکرد؟**

**عیماد ئەحمەد:** هەڵبژاردنی ئێستا

## لەگەڵ پارتی هەڵمەتی هەڵبژاردنمان هاوبەشە، بەڵام بەرنامەو تەکتیکمان جیاوازە

جیاوازە، لەسەرتاسەری عێراقەو بە لیستی کراوەیە. ماوەیەکی درێژیش بوو هەڵبژاردن لەکوردستان نەکرابوو، بەڵام ئێستا دۆخەکە باشتر و بەدیققەتتر لەبەرچاومانە.

**رووداو: ئەگەر ئەمجارە شکست بێنن، رێککەوتنی ستراتیژیتان لەگەڵ پارتی چی بەسەردێت؟**

## ناڕازی بوونی گۆڕان کاریگەری نابێت لەسەر ئەوەی کە مام جەلال پۆستی سەرۆک کۆماری وەربگرێتەوە

**عیماد ئەحمەد:** کاکە ناوی مەنێ شکست، دەتوانی بڵێی کەموزیادی دەنگ، ئەو رێککەوتنە ستراتیژیەی کراوە لەسەر ئەساسی ئەوە کراوە کە لەڕووی ستراتیژی و کوردایەتی پێکەوەبین و ئێمەو پارتی بە رێککەوتنامەی ستراتیژیشەوە ململانێمان هەبووە، بەڵام لەپێناو ئەوەی کێ زیاتر خزمەت بکات، رێککەوتنەکەش رێگەی ململانێی نەگرتووە، بەڵام هاوسەنگی هێز رێککەوتن دیاریدەکات. من ناتوانم بەڕوونی پێشبینی ئەوە بکەم . ئەی ئەگەر ئێمە دەنگی زیاترمان هێنا رێککەوتنە ستراتیژییەکە چی بەسەر دێت؟ خۆ ئەوەش پرسیارە، بەڵام

## جێگری سەرۆکی هەرێم مافی خۆمانەو هەمووومان هاوڕاین لەسەر ئەوە کە بۆ یەکێتی بێت

ئێمە وەک یەکێتی زۆر حورمەتی رێککەوتنە ستراتیژییەکە دەگرین و ئەنجامی دەنگەکان، بەنسیبەت ئێمەوە هیچ لەرێککەوتنەکە ناگۆڕێت.

**رووداو: ئەگەر سەرکەوتن چیتر داوا دەکەن کە ئێستا داواتان نەکردووە؟**

**عیماد ئەحمەد:** بەرنامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان روونەو داکۆکی لەمافەکانی کورد دەکەین و ئەوەی بەدەستمان هێناوە دەیپارێزین و ئەوەی بەدەست نەهاتووە هەوڵدەدەین بەدەستی بێنین و هەوڵدەدەین عێراقێکی فیدرالی دیموکراتی دروست بکەین.

**رووداو: کۆسرەت رەسول تورەیە، بۆچی بەشداریی مەراسیمی راگەیاندنی لیستی هەولێری هاوپەیمانیی کوردستان نەکرد؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەو پرسیارە لەکاک کۆسرەت خۆی بکەن، بەڵام ئەوەی من بیزانم هەمان رۆژ بەشداری لە ناساندنی کاندیدەکانی سلێمانیدا کرد. باوەڕ دەکەم هەر لەبەر ئەوەبووە کە لە سلێمانی بووە.

**رووداو: کێشەی دانانەوەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان چییە، ئێوە لە مەکتەبی سیاسی باستان کردووە؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەوە مافی خۆمانە وەک یەکێتی و باسیشمان کردووەو بەمافی رەوای خۆمانی دەزانین .

**رووداو: رای مام جەلال لەویارەوە چییە؟**

**عیماد ئەحمەد:** رای مام جەلال هەر رای یەکێتییە، ئەو سکرتێری یەکێتییەو لەگەڵ بۆچوونەکانی مەکتەبی سیاسییە و هەموومان هاوهەڵوێستین.

**رووداو: تائێستا توانیوتانە هیچ کام لەو کاندیدانە رازی بکەن بەکشانەوە؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئێمە وەک مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی، هیچ گوشارێکمان لەسەر هیچ کاندیدێک نییە، بەڵام ئەگەر خۆیان بکشێنەوە پێمان خراپ نییە، ئەوەیان بەسەردا ناسەپێنین، بۆخۆیانمان جێهێشتووەو خۆیان کاندیدن و خۆیان بڕیار دەدەن، هەرچی لەپێناو بەرژەوەندی کورد و یەکێتی بێت، بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن .

**رووداو: هەستناکەی جۆرە ململانێییەک لەنێوان خودی یەکێتی دا دروستبووە، کە هەندێ سەرکردەی یەکێتی بەئاشکرا پشتیوانی لەهەندێ کاندید دەکەن دژی ئەوانی دیکە. ئەوە هەتا سەر قبوڵ دەکەن؟**

**عیماد ئەحمەد:** من تەسەورناکەم، لە هەموو هەڵبژاردنێک ئەو شتانە روودەدات، لەدنیاش وایە. لەنێوان هیلاری و ئۆباما چ ململانێییەک هەبوو، خۆ لەیەک حیزبیش بوون . ئەگەر لەنێوان کاندیدەکانمان ململانێ هەبێت ئاساییەو لەوانەیە من کاندیدێکم پێ باشتر بێت لەکاندیدێکی دیکە و یەکێکیتریش وا، دەبێ رێزی هەموو رایەکان بگرین و بۆ بەململانێ و ناکۆکی سەیری بکەین. کە من حەز بکەم کورد دەنگی زیاتر بێت و هاوپەیمانی و یەکێتی دەنگی زیاتر بێت، ئاساییە لەنێو کاندیدەکانی خۆشماندا حەز بکەم یەکێکیان زیاتر بێنێت.

> **پێشتر هانی مامۆستا جەعفەرمان دا کەلیست دروست بکات، بەڵام ئەو کات نەماندەزانی کەهەڵبژاردن بە لیستی کراوە دەبێت**

**رووداو: وەک بەرپرسی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی پێشبینی دەکەی یەکێتی بەگشتی چەند کورسی بێنێ؟**

**عیماد ئەحمەد:** ناتوانم دیاریی بکەم، بەڵام لیستی هاوپەیمانی یەکەم دەبێت.

**رووداو: لەسلێمانیش یەکەم دەبێت؟**

**عیماد ئەحمەد:** لە هەموو کوردستان.

**رووداو: ئەوەندەی پارتی کورسی دێنن، پارتی دەڵێ ئێمە زیاتر دێنین؟**

**عیماد ئەحمەد:** رۆژگار وەڵام دەداتەوە کاممان زیاتر دێنین.

**رووداو: گۆڕان دەڵێ لە کەرکووک و سلێمانی یەکەم دەبین و لەهەولێریش دووەم، ئێوە دەتوانن بە بەڵگەوە بڵێن وا نابێت؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەوانیش بەڵگەیان بەدەستەوە نییە بۆ ئەو جۆرە پێشبینیانە، وەک چۆن منیش ناتوانم بەڵگەت پێ بڵێم، بەڵام ئەوە دوای هەڵبژاردن دەردەکەوێت کەبراوە کێیە لە کەرکووک.

**رووداو: سەرکردەکانی یەکێتی بەسەر شار و ناوچەکاندا دابەشبوون بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، ئەوەی دەبینرێت، یەکێتی سەرکردەی کاریگەری بۆ سلێمانی دانەناوە، ئایا لەبەرئەوەیە کەدڵنیان لە بردنەوەی سلێمانی؟**

**عیماد ئەحمەد:** بۆچی دانەنراوە لەسلێمانی، دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی و هێرۆخان لە سلێمانی سەرپەرشتی بانگەشە دەکەن، ئیتر بۆچی کەس دانەنراوە. تەنانەت بۆ سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەریشی، ئیتر نازانم بۆیەکێتی بایەخی بەسلێمانی نەداوە.

**رووداو: بەڵام د.بەرهەم سەرۆکی حکومەتە، خۆی بە بانگەشەوە سەرقاڵ دەکات؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەو وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وەک جێگری سکرتێری گشتی و وەک سەرکردایەتی بەشداری لەبانگەشە دەکات و کاری سەرپەرشتی بانگەشە دەکات لەسلێمانی.

**رووداو: ئەم گێمەی یارییەکە بەقورس دەبینی، لە ئامادەکارییەکانی یەکێتی رازیت لە سلێمانی؟**

**عیماد ئەحمەد:** بەڵێ گێمی دووەمی یارییەکە قورسە، بەڵام لە ئامادەکارییەکانی یەکێتی رازیم، هەرچەندە هەڵبژاردنەکە ئیمتیحانێکی قورسە .

**رووداو: هەستناکەی ئیدی ژمارەکانی رێکخستن لە ئەندامان، بۆ پارتی و یەکێتی ئەوژمارە راستە نییە کە پشتی پێ ببەسترێ، هەروەک لە هەڵبژاردنی 7/25دا دەرکەوت؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەمە پەیوەندی بەژمارەی رێکخستنەوە نییەو پەیوەندی بەهەموو جەماوەرەوە هەیە، چونکە لە دەنگداندا تەنها رێکخستنەکانت دەنگت پێنادەن، ئەوانەی دەرەوەی یەکێتی و پارتیش دەنگت پێدەدەن، جا ئەگەر ژمارەی ناڕاست هەبێت لەکۆمیتەو مەڵبەندێک ئەوە کاریگەری خۆی هەر دەبێت، بەڵام دەبێت ئەوە بەهۆکارێک دابنێین .

**رووداو: لە هەڵبژاردنی پێشوودا ناوەندەکانی رێکخستن ژمارەی هەڵەیان لەبارەی قەبارەو پێگەی خۆیانەوە دەدایە سەرکردایەتی ؟**

**عیماد ئەحمەد:** بەڵێ .

**رووداو: رۆڵی هێرۆخان چۆن دەبینن لەبەڕێوەبردنی مەڵبەندی سلێمانی، بەوپێیەی تۆ بەرپرسی مەکتەبی رێکخستنی؟**

**عیماد ئەحمەد:** من زۆر بەباشی ئەو هەڵدەسەنگێنم، دەورێکی باشی هەیە، لەکاتێکدا ئەو هاتووەتە ژێر ئەو بارە و ئەو بەرپرسیارێتیەی گرتووەتە ئەستۆ، کە ئێمە لەسلێمانیدا براوە نەبووین و ئەو کاردەکات تاوەکو یەکێتی لەسلێمانیدا هەستێنێتەوە، بەڕاستی ئەوە جێگەی رێزە لای ئێمەو بە گرنگییەوە لێی دەڕوانین .

**رووداو: هەندێک لەو بڕوایەدان، کە هێشتا خەڵکانێکی سەر بەگۆڕان لەنێو یەکێتیدا ماون و لەکاتی بانگەشەدا بۆ رووخاندنی ورەی رێکخستنی یەکێتی پۆل پۆل دەچنە نێو گۆڕان، یان دوای پلنیۆم ئەوە نەماوە؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەوە پڕوپاگەندەیە.

**رووداو: تۆ لەوە دڵنیایت ؟**

**عیماد ئەحمەد:** لەوانەیە تاک تاک مابن لەنێو یەکێتیدا، بەڵام ئێمە ئەوە بەشتێکی ناسروشتی و نائەخلاقی دەبینین کە خەڵکێک کە سەر بە گۆڕان بن یان سەر بە هەر حیزبێکی دیکە بێت و لەنێو رێکخستنی یەکێتی بمێنێتەوە، یان یەکێتی بێت و لەنێو گۆڕان و حیزبێکی دیکەدابێت و کار بۆ لایەکیتر بکات، بەڕاستی ئەوە ئەخلاقی میللەتەکەمان تێکدەدات. ئێمە هیچ دەرگایەکمان دانەخستووەو ئەوەی دەچێتە لای گۆڕان بابچێت و زیندانی ناکەین، زۆرکەسی عەزیز و بەرپرس و تەنانەت سەرکردایەتیشمان کە چووەتە ئەوێ زۆرمان پێناخۆش بووە، کەچووشە، زۆر ئاسایی بووەو نە ئەوان خۆیان بەمیراتگری یەکێتی حساب دەکەن و ئەوان خۆیان بەهەڵگری مێژووی یەکێتی دانانێن. ئێمە بۆ لەگەڵ هەموو لایەنەکان تەبیعی کاردەکەین و لەگەڵ ئەوان بەئاسایی ئیش و کاری خۆمان ئەنجام نەدەین، زۆر خراپە خەڵک لەنێو حیزبێکی دیکە بهێڵیتەوەو کار بۆ لایەنی دیکە بکات.

**رووداو: دەگوترێ گۆڕان دەنگ بە مام جەلال نادەن کە ببێتەوە سەرۆک کۆمار، پێتوایە ناڕازیبوونی ئەوان کاریگەری هەبێت لەسەر دانانەوەی مام جەلال؟**

**عیماد ئەحمەد:** دەتوانی لەخۆیان بپرسیت . تەسەور ناکەم ئەوە کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوەی کەمام جەلال ئەو پۆستە وەرنەگرێتەوە، چونکە ئەوە هاوپەیمانی ستراتیژییەو ئەو هاوپەیمانێتییە لەسەر ئاستی کوردستان نییە، ئێمە ئەگەر وەک کورد 60کورسییەکە بەدەست بێنینەوە، ئەگەر لایەنێکی شیعەو سوننە پشتیوانی لەوە نەکەن، ئێمە وەک کورد 100کورسیش بێنین ناتوانین ئەو پۆستە وەربگرینەوە . ئەگەر هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە نەبێت ناتوانین ئەوە مسۆگەر بکەین . هاوپەیمانییەکانی نێو عێراق کاریگەریان زیاترە بۆ ئەوە.

**رووداو: بەبڕوای تۆ کاتی ئەوە هاتووە یەکێتی و گۆڕان پەیوەندییەکی دۆستانە دروست بکەن؟**

**عیماد ئەحمەد:** ناتوانم کاتی ئەوە دەست نیشان بکەم، چونکە ئەوەش هەر رۆژگار بڕیاری لەسەر دەدات. ناتوانم بڵێم کاتی نەهاتووەو ناشتوانم بڵێم ئێستا کاتیەتی، ئەوە رۆژگار چارەسەری دەکات.

**رووداو: ئایا لەکەرکووک دڵنیان، گۆڕان دەڵێ سەرکەوتنمان مسۆگەرەو ئێوەش هەروا، لیستەکانی دیکەش بێ ئومێد نین. چەکە بەهێزەکەی یەکێتی لەکەرکووک چییە؟**

**عیماد ئەحمەد:** یەکێتی چەکی بەهێزی زۆرە لە کەرکووک، هەڵوێستی، مێژووی، خزمەتگوزارییەکانی، ئەوانە چەکی بەهێزی یەکێتین.

**رووداو: مام رۆستەم گوتی "مام جەلال لەکەرکووک رەشی نەناوەتە سەرسپی" پێشبینی تۆ بۆ کورسییەکان لەکەرکووک چۆنە؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئێمە لەکەرکوک براوەین، ناحەقییە بڵێی مام جەلال لەکەرکووک رەشی نەناوەتە سەر سپی ئەوەی مام جەلال بۆ کوردستان و بۆ کەرکووک کردوویەتی، کەم سەرکردە کردوویەتی.

**رووداو: گرفت لەنێوان ئێوەو پارتیدا هەیە لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی بانگەشەی هەڵبژاردن، ئایا وەک جاری پێشوو، مام جەلال دەچێتە هەولێرو کاک مەسعود دێتە سلێمانی؟**

**عیماد ئەحمەد:** شێوازی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەمجارەمان جیاوازە، تەکتیکمان

## گێمی دووەم قورسەو ئیمتحانێکی سەختە لەبەردەمماندا

جیاوازە، بەرنامەمان جیاوازە، لەبەڕێوەبردنی هەڵمەتەکە هاوبەشین و لەهەمانکاتیشدا بەرنامەمان جیاوازە . سەبارەت مام جەلال و کاک مەسعودیش ئێمە بەرنامەمان هەیەو ناتوانم بڵێم دێن یان ناو، کەی دێن و سەردان دەکەن.

**رووداو: ئەگەر یەکێتی جارێکیتر سلێمانی دۆڕاند، بەڕای تۆ پێویستە یەکێتی چی بکات؟**

**عیماد ئەحمەد:** کاکە سلێمانیمان لەدەست نەداوە، دەنگی کەممان هێناوە، لەسلێمانی لەناو شاردا دەنگی کەممان هێناوە، بەڵام لە دەوروبەری دەنگی زۆرمان هێناوە . ئێمە وەک لیستی کوردستانی 59%ی دەنگەکانمان هێناوە، خۆ لەزۆر وڵات هەر 59%ی دەنگدەر ناچێت بۆ دەنگدان و بەشداری ناکات لەدەنگدان . بۆچی بەشکست حسابی دەکەن . ئێوە چیتان دەوێ، ئێوە دەتانەوێ ئێمەش وەک حکومەتی شمولی و دیکتاتۆری لە99%ی دەنگەکان بهێنین . بۆ ئێوە بەشتێکی ئاسایی سەیری ناکەن ئەگەر لە شوێنێک ببەینەوەو لەشوێنێک بیدۆڕێنین. بۆئاسایی نییە بەلاتانەوە دەنگەکان دابەش بێت و دیموکراتیانە بێت، بۆئێلا دەبێت ئەم دووهێزە 99%ی دەنگەکان بێنن ئینجا ئێوە بەسەرکەوتن حسابی دەکەن .

**رووداو: گۆڕان دەڵێ، کەرکووک و ئەورووپا تای تەرازوو بەلای گۆڕان دا دەشکێننەوە، چەند سەرکردەیەکی یەکێتیش رێکخستنەکانی ئەورووپایان بەسەرکردەوە، پێتوایە توانیبێتتان رێکخستنی ئەورووپا ئاشت بکەنەوە . ئەوەندەی گۆڕان دەنگ دێنن لە ئەورووپا؟**

**عیماد ئەحمەد:** لەجاری پێشوو باشترین لەنێو دەنگدەرانی ئەورووپا، بەڵام جارێ کەس نازانێ کێ لەئەورووپا دەنگی زیاتر دێنێت. با ئەو پێشبینییەش بۆ دوای دەنگدان دوابخەین.

**رووداو: تۆ بۆخۆشت سەردانی ئەورووپات کرد و زنجیرەک کۆبوونەوەو دیدارت سازدان، بەئومێدەوە گەڕایتەوە ؟**

**عیماد ئەحمەد:** بەرهەمی هەیە، بەڵام بەرهەمەکە چەندە، ناتوانم دیاری بکەم .

**رووداو: ئێستا جیاواز لە هەڵبژاردنی پێشوو، ئیدارەی سلێمانی و پارێزگاریش بەدەست یەکێتییەوەیە، وایدەبینی کە ئەوە کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی دەنگەکانتان هەبێت؟**

**عیماد ئەحمەد:** بێگومان ئەوە کاریگەری هەیە .

**رووداو: رات چییە لەسەر ناونانی بنکەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن گۆڕانەوە بەناوی هەندێ شەهیدی یەکێتی؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەوان دەڵێن مێژووی یەکێتی مێژووی ئێمە نییەو ئێمە میراتگیری یەکێتی نین، بۆ ئەوناوانە بەکاردێنن؟ کەواتە لەخۆیان بپرسن . ئەوان خۆیان دەڵێن ئێمە خاوەنی ئەو شەهیدانەنین . چونکە تائێستا ئێمە بەرپرسیارێتی ئەو شەهیدانە لەئەستۆ دەگرین و خۆیان دەڵێن نەمێژووی یەکێتی هی ئێمەیەو نەمیراتگری یەکێتین و نەناوی یەکێتیمان هەڵگرتووەو رێبازێکی دیکەیان بەناوی گۆڕان هەڵگرتووە .

**رووداو: بۆچی بەوشێوە توندە بەرامبەر لیستەکەی مامۆستا جەعفەر وەستانەوە؟**

## هێرۆخان باری یەکێتی لە سلێمانی راست دەکاتەوە

**عیماد ئەحمەد:** ئێمە بەشێوەی توند نەوەستاوینەتەوە . ئاخر مامۆستا جەعفەر بەرپرسی مەکتەبێکی ئێمەیەو ئەو کادرانەی لەگەڵ ئەون، کادری ئێمەن و دەنگێک بهێنن و کۆی بکەنەوە، دەبێت بۆ لیستەکەی ئێمەبێت، رەنگە پێشتر قسەمان

## لەمەکتەبی سیاسی بەرنامەیەکمان داناوەو بەپێی ئەو بەرنامەیە سەردەکەوین

لەگەڵ مامۆستا جەعفەر کردبێت بۆ ئەوەی لیست ئامادە بکات، بەڵام نەماندەزانی کە هەڵبژاردن بەشێوەی لیستی کراوە دەبێت . ئێمە لەسەرەتاوە زیاتر هانی مامۆستا جەعفەرمان دا کە لەناوچە غەیرە کوردستانییەکە کاربکەن، بۆ ئەوەی بتوانن هەندێک دەنگی عەرەب بەدەستبێنن کەدۆستی کوردن تاوەکو پشتیوانی لیستی هاوپەیمانی بکەن.

# هونەر



## نازێ بەخۆڕایی بانگەشە ناکات

ڕووداو – هەولێر
گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نازێ عەزیزی، ئێستا خەریکی بەرهەمێکی نوێیە کە لە 9 گۆرانی پێکهاتووە و بەمزووانە بڵاویدەکاتەوە. لەبارەی ئەوەی کە لەو بەرهەمە نوێیەیدا هیچ گۆرانییەکی بەسەر لیستەکاندا گوتبێت، گوتی "تائێستا هیچ لایەنێک پەیوەندی بەمن نەکردووە بە گۆرانی بانگەشـەی بۆ بکەم، بەڵام ئەگەر بۆ چارەنووسی کوردسـتان بێت من بەگیان و بەدڵ ئامادەم، چونکە پێویستە هەمووما بۆ چارەنووسی کوردستان تێبکۆشین". عەزیزی کە لایەنگری لیستی هاوپەیمانی کوردستانە، دەڵێ "من بە دڵ و بەگیان عاشقی کاک مەسعودم، ئەو لەکام لایێ من لەگەڵ ئەودام، چونکە تەنها کەسێکە بە دڵسۆزییەوە بۆ بەرژەوەندی کورد تێدەکۆشێت". گوتیشی بەخۆڕایی بانگەشە بۆ هیچ لیستێک ناکات.

# ئەلیسا خەڵکی لەعێراقەوە هێنایە کوردستان



مەریوان فەیزوڵلا ساڵەیی
ڕووداو–هەولێر

شەوی هەینی ڕابردوو ئەلیسای ئەستێرەی گۆرانی لوبنانی بۆ یەکەمجار هاتە کوردستان و کۆنسێرتی بۆ جەماوەرەکەی لە شاری هەولێر ساز کرد، نزیکەی هەزار کەس بلیتی گرانبەهای کۆنسـێرتەکەیان کڕیبـوو، کـە هەندێکیان لەشارەکانی عێراقەوە هاتبوون.

شـەوەکە بە وتارێکی لیژنـەی ڕێکخەرانی کۆنسـێرتەکە LITFC دەسـتی پێکرد. مەی سەعد، سەرۆکی لیژنەکە لە وتارەکەیدا گوتی " ئێمە سوپاسی کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەین بۆ پاڵپشتیکردنی لە ئێمە . ئێمە دەمانەوێ لە ڕێگەی کولتورو هونەرەوە هەرێمی کوردستان و لوبنان پێکەوە ببەستینەوە".

سـەمیر عەبدوڵلا، وەزیری شـارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و فەلاح مسـتەفا، بەڕێوەبـەری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و شاندێکی کۆنسوڵخانەی فەرەنسا لە هەولێر و چەند بەرپرسێکی دیکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەبوون.

چەندین بنەماڵـەی دەوڵەمەندی هەرێمی کوردستان و خەڵکی بیانی و ژمارەیەکی زۆری لوبنانی کە لە کوردستان دەژین، ئامادەی ئەو کۆنسێرتە بوون.

شـیرین سـەقەڕ کـە خەڵکـی لوبنانە لەوبارەیەوە گوتی" خۆشـحاڵم کە ئەستێرەی عەرەبـی و لوبنانـی لە کوردسـتان دەبینم. لەڕێگەی ئەم کۆنسێرتە سەرکەوتووانە کورد و عەرەب لەیەکتر نزیکدەبنەوە".

بەرنامەی شەوەکە کاژێر 9ی شەو لە لایەن گرووپی ئەفراحی لوبنانی کرایەوە کە نمایشێکی میوزیکی میللی لوبنانی بوو.

ئەلیسـا لە کاژێـر 10:30ی شـەو هاتە سـەر تەختەی شـانۆ، کە چـواردەووری بە ئاڵای لوبنان، کوردسـتان و عێـراق گیرابوو، جەماوەرەکەش کێبڕکێیان بوو لەسەر ئەوەی کێ وێنەیەکی باشی ئەلیسا دەگرێت.

### شەکیرای کوردی حەزی لە ئەلیسایە

هەروەهـا چەند گۆرانیبێژێکـی کوردیش هاتبوونە کۆنسـێرتەکەی ئەلیسـا، لەوانەش دەشـنێ موراد کە بە "شەکیرای کوردستان" ناسـراوە، هەروەهـا لۆکە زاهیـر کە لەگەڵ هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر هاتبوون. دەشنێ گوتی" زۆر حەزم لە گۆرانییەکانی ئەلیسایە و، زۆر خۆشحاڵم بەبینینی لە کوردستان".

### کورد حەزیان لە هونەرە

ئەلیسارۆژێکپێشئەنجامدانیکۆنسێرتەکەی لەڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە گەیشـتە هەرێمی کوردستان و لەوێ لە لایەن بەڕێوەبـەری پەیوەندییەکانـی دەرەوەی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکرا.

ئەلیسا کە ناوی تەواوی ئەلیسا زەکەریا خورییـە، تەمەنی 38سـاڵە و، لە لوبنان لەدایکبووە و بە یەکێک لە ئەسـتێرەکانی میوزیکـی عەرەبی ناسـراوە و جەماوەرێکی زۆری هەیەو، یەکەم گۆرانیبێژی لوبنانییە کە توانیویەتی دووجار خەڵاتی میوزیکی جیهانی WMA بەدەستبێنێت لە ساڵانی 2005 و 2006 بەهۆی ئەوەی ئەلبوومەکانی پڕفرۆشترین بوون لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

ئەلیسـا بەگەیشـتنی بـۆ هەولێـر بـە ڕۆژنامەنووسـانی ڕاگەیاند " ئەمە یەکەمجارە مامەڵـە لەگەڵ کوردا دەکـەم، هیچ لەبارەی کوردەوە نازانم، بەڵام کاتێک پێیانڕاگەیاندم کە ئاسایش سەقامگیرە، خۆم یەکلایی کردەوە و بڕیارمدا کۆنسـێرت لە هەولێر بکەم". ئەلیسا هیوای خواست " بارودۆخ لە ناوچەکانی دیکەی عێراقیش باشتربێت. لەبەرئەوەی ئێمە لە لوبنان هەمـان بارودۆخمان هەبـووە، هەموو لوبنان ئاواتەخوازە عێراقییەکان لە کێشەکانیان ڕزگار ببن". فەلاح مستەفاش لەبارەی هاتنی ئەلیساوە گوتی" ئێمە زۆر خۆشحاڵین بەم هاتنە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە هەرێمی کوردستان خۆی بەڕووی جیهاندا کردووەتەوە".

دوای کۆتایی هاتنی کۆنسـێرتەکە، هەموو جەماوەرەکە بە خۆشـحاڵییەوە نەڕۆیشتنەوە ماڵەوە. هەڵگورد سەیف،21 ساڵ، کە خەڵکی شـاری دهۆکە گوتـی" لە شـاری دهۆکەوە هاتووم بۆ ئەوەی ئەلیسا ببینم، بەڵام ڕێگەیان پێنەداین وێنەشی بگرین، ئێستا دەبێ بێ وێنە بگەڕێینەوە".



## ئەلیسا بۆ (ڕووداو):

# هەستمکرد لە لوبنان دابەزیوم



ئەلیسا، دوای تەواوبوونی کۆنسـێرتەکەی بەهاوکاری هونەرمەند هەڵکـەوت زاهیر وەڵامی چەند پرسـیارێکی (ڕووداو)ی دایەوە:

ڕووداو: چۆن بڕیارتدا بێیە کوردستان؟

ئەلیسا: پێشـتر پێشـنیازم بۆ هاتبوو، دوای ئەوەی دڵنیا بووم کوردستان ئارامە، بڕیارمدا و هاتم.

ڕووداو: تەنیـا هەولێرت بینی، هەولێـرت چۆن هاتە بەرچاو؟

ئەلیسا: بەڕاستی زۆرتر چاوم بەخەڵکەکە کەوت، کاتم نەبوو بگەڕێم، بەڵام هەستمکرد لە لوبنان دابەزیوم.

ڕووداو: ڕات بەرانبـەر ڕێکخسـتن و ئامادەکردنـی کۆنسێرتەکە چۆن بوو؟

ئەلیسا: ئامادەکارییەکی زۆر باش کرابوو، دەستخۆشی لە سـتافی ڕێکخەری ئەم بەرنامەیە دەکەم، کۆنسیرتێکی زۆر خۆشـبوو، جەماوەرەکـەش دڵخۆشـیان کـردم، گۆرانییەکانی منیان دەزانی و دەیانوتەوە.

ڕووداو: بۆچوونت بەرانبەر خەڵکی کورد چییە؟

ئەلیسـا: زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکردم، هەستمکرد هەر لەنێو لوبنانم، هەمان خۆشەویسـتیان دەدامێ، کورد زۆر حەزیان لە هونەرە، زۆر سوپاسیان دەکەم . سوپاس بۆ ئێوەش.

# شارەوانی و ئینزیبات و هەریری هەڵمەتی هەڵبژاردن گەرم دەکەن

سارا حاجی
ڕووداو–سلێمانی

لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن، هەندێک لە گۆرانیبێژان بە بەستەو گۆرانی، بە شـان و باڵی لیستەکاندا هەڵدەڵێن و بەشێک لە هونەرمەندانیـش ئامادەنین گۆرانی بۆ هیچ لیسـتێک بڵێن و پێیانوایە ئـەو کارە ناچێتە خانەی کاری هونەرییەوە.

هەرچەندە تائێستا کەس داوای لە گۆرانیبێژ عوسـمانی وایەرمـەن نەکـردووە گۆرانی بۆ لیسـتێک بڵێت، بەڵام گوتی "ئەگەر داواشم لێ بکـرێ، ڕازی نابم، چونکە من نەتەوەییانە بیر دەکەمەوەو کێشەی نەتەوەکەم بە گرنگتر دەزانم لە حیزب". وایەرمەن پێیوایە هونەرمەند ئەو کەسـەیە لەگەڵ ئازاری نەتەوەکەی بژی و لەگەڵ هەژاراندا بێت "من نامەوێ کارێک بکەم 60%ی خەڵکی ڕقیان لێـم ببێتەوەو 40% خۆشـیان بوێم". گلەیی زۆریش لە دەسەڵات دەکات کـە لەو جۆرە کاتانەدا هونەرمەندانیان بیر دەکەوێتەوەو پێویستیان پێ دەبێت و دەڵێ "ئەمڕۆ دەسـەڵاتی کوردی نانیان خستووەتە قوڕگی شێرەوە، هەرچەند ئەوان شێریش نین".

لوقمان سەلیمی گۆرانیبێژیش تائێستا داوای لێنەکراوە گۆرانی بۆ باڵای هیچ لیسـتێک بڵێ "ئەگەر داوام لێبکرێ نازانم پەسـەندی دەکەم یان نـا، کـە داوام لێکـرا وەڵام دەدەمەوە، بـەڵام هەرکارێک قازانجی کـوردی تێدا بێت ڕەتی ناکەمەوە". لوقمان سـەلیم کە لەهەموو بۆنە کۆمەڵایەتییـەکان و جەژنەکاندا داوەتی هۆڵەکان دەکرێت و جەماوەرێکی زۆری هەیە لە شاری سلێمانی، دەڵێ "خەریکی ئامادەکردنی سروودێکم بۆ کەرکووک".

لەبانگەشەی هەڵبژاردنی پێشوودا، هەریەک لە عەزیز وەیسـی، گۆرانـی ئینزیبات، ئازادە ڕەش، کەمال محەممەد، حەمە ڕاپەر، ماجدی مەلا، هانـی و فاخیر هەریـری گۆرانیـان بـۆ هەڵبـژاردن و لیسـتەکان گوت. لیستی کوردستانی، ئاهەنگی جەماوەری لە زۆربەی شـوێنەکان بۆ عەزیزی وەیسی ڕێکخست، هەروەها لە شاری هەولێریش ئاهەنگێکی بـۆ هونەرمەند زەکەریـا عەبدوڵلا ڕێکخست، کە ئەو گۆرانیانە کاریگەری زۆریان لەسەر گەنجان هەبوو تاوەکو بەشـداری دەنگدان بکەن. عوسـمانی وایەرمـەن دەڵـێ "هونـەر کە چووە خانەی پێداهەڵدان بـە حیـزب و لایەنێـک ئـەو کاتە لـە هونەر دەردەچێ".

کاروانی شارەوانی، لەهەڵبژاردنی پێشوودا داوای لیسـتێکی ڕەتکردووەتـەوە کاتێک داوای لێکـردووە گۆرانی بۆ بڵێت "بەڵام ئەمجارە بە ڕەسمی لەلایـەن تەلەڤزیۆنـی گەلی کوردسـتانەوە داوام لێکـراوە گۆرانی بۆ لیستی هاوپەیمانی بڵێم و دوو گۆرانیم گوتووە". کاروان گوتیشـی "من لەڕقی لیستێکی دیکە ئەوەم نەکردووە، لەگۆرانیەکانیشـمدا دەردەکەوێ تەنها دەمـەوێ خەڵک هانبدەم بڕۆن بۆ دەنگدان".

شارەوانی نایشارێتەوە کـە زۆر جار ئـەم کارە ناچێتـە خانەی هونـەرەوە "ئێمە لە خاکێکـدا دەژین کە یەکێتـی و پارتـی سەرپەرشتیمان دەکەن و هونەرمەندە میللییەکان سـەر بە یەکێتیـن و لە داوودەزگای یەکێتی کاردەکەیـن و ئەو ڕێزەی لەناو یەکێتی لێمگیـراوە لای حیزبی دیکە وانەبووە". گوتیشی "من هـەر لـە 2005وە گۆرانیم بۆ یەکێتی گوتووە و لەبەر خاتری یەکێتیش گوتوومە".

لـە هەڵبژاردنـی 25ی تەممـوزی ڕابـردوو، فاخیر هەریری کە کاندیدی لیسـتی دەسـتووری جەواد بۆلانی بوو لە کوردستان، بـەر لەوەی لە لیسـتەکە بکشـێتەوە چەند بەندێکی بۆ لیستی کوردستانی ئامادە کردبوو. ئەمجارەش بـەر لە دەسـتپێکی هەڵبژاردن، لەگەڵ ئاشکراکردنی ژمارەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان هەریری 40 بەندی گۆرانی بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئامادە کردبوو.

فاخیر هەریری گوتـی "بەبێ ئەوەی کەس داوام لێبکـات، 40 بەنـدم بۆهاوپەیمانـی ئامادەکردووە، هەروەها کلیپێکیشم بۆ لیستی هاوپەیمانی ئامادەکردووە و لە ڕۆژانی داهاتوودا لە تەلەفزیۆنەکان دادەبەزێ". هەریری گوتیشی "چەند لیستێک داوایان لێکردم بەندیان بۆ بڵێم، بەڵام ڕەتمکردەوە. فاخیر ناوی هیچ لیستێکی نەهێنا، بەڵام گوتی "لیستە ئیسلامییەکانیش داوایان لێکردووم".

لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەکانی هەڵبژاردنـی 25ی تەممـوز، دەنگـی گۆرانی ئینزیبات تۆمارگەکانی سلێمانی داپۆشی، کاتێک بەبەستەو گۆرانی پەسنی لیستی گۆڕانی دەدا، ئەوجارەش دوو گۆرانی بۆ گۆڕان ئامادەکردووە " بەبـێ ئەوەی داوام لێکرابێت بۆ بەرژەوەندی وڵات گوتوومە نەک بەرژەوەندی خۆم، چونکە گۆرانیبێژ نابێ حیزبی بێ و من بیروباوەڕم وایە و دوای حیزب نەکەوتووم".

مستەفا ئەحمەد، کە لە سلێمانیدا بە "میستەر" ناسـراوە، پێیوایە هونەرمەنـد دەبێ خاوەنی کەسـایەتی خۆی بـێ و نەیدۆڕێنێ "چونکە سـەروەتی میللەتە". میسـتەر دەڵێ "داواشم لێبکرێت ڕیـکلام بۆ لایەنێک بکـەم نایکەم، نامەوێت خۆڵ بکەمە چـاوی خەڵک، چونکە ئەوە بە گوناهی گەورە حساب دەکرێ و یەکێکە لە کارە ناشرین و درێوەکان". ئەو هونەرمەندە دیارەی شاری سلێمانی کە ساڵێک لەمەوبەر وازی لە "بەرنامەی بەرنامە" هێنـاو تائێستـا نەگەڕاوەتەوە گوتیشی "گۆرانـی گوتـن بۆ لیستک یان حیزبێک و قسەگوتن بە لایەنێک لەبەر لایەنێکی دیکـە، بـە هونـەر نازانم".





### دەسەڵات نانی خستووەتە قوڕگی شێرەوە، شێریش نین

عوسمانی وایەرمەن



### خۆڵ ناکەمە چاوی خەڵکەوە

مستەفا ئەحمەد



### لیستەئیسلامییەکانیش داوایان لێکردم بەندیان بۆ بڵێم

فاخیر هەریری



گلی و گازندان ددەتە لایەکی

# حەسەن شەریف دێ ل دەڤەرێن ڤەقەتیای ئاهەنگان سازکەت

ڕووداو–ئەڵمانیا

بـۆ بەشـداریکرنێ د کەمپینا بانگەشـەیا هەلبژاردنێـن پەرلەمانـێ عێراقێـدا و ژ بـۆ پشـتەڤانیکرنا لیسـتەیا خـوە، هونەرمەندێ سـترانبێژێ پێشمەرگە حەسـەن شەریف دێ سەرەدانا باشوورێ کوردسـتانێ کەت و چەند ئاهەنگێن جەماوەری ل وێرێ سازکەت.

حەفتیا بۆری هونەرمەند حەسـەن شەریف سـەرەدانا ئەڵمانیا کـر و، ل دۆر ئارمانجا ڤێ سەردانێ، هونەرمەندی تایبەت بۆ (ڕووداو) گۆت "بۆ کلیپکرنا سترانا میرۆ کو دبیتە تراکا دەهێ ژ ئەلبووما من یا 2009، ئەز هاتیمە ئەڵمانیا". هونەرمەندی هەروەسـا دیارکر کـو وان کارێ وێنەگرتنا کلیپێ دسـالۆنا سینەمایەکا کەڤن و کلاسـیک یا باژێرێ کوێلنێ ب دووماهی ئینایە. دەربارێ چاوانیا هەلبژارتنا وێ سترانا فولکلۆری و سـیناریۆ و دەرهێنانا وێ. حەسەن شەریف گۆت کو شۆرەشڤان سدیق شەرۆ ب دەرهێنانا وێ رادبیت، وی ئەو سترانە هەلبژاردییە و سیناریۆ ژی یا وی و کاک زنار شینۆیە "کاک شۆرەشڤانی وەکـو هاریکاری ئەو کارە بۆ من کریە، ژبەر کو مخابن فینانسە کێمە". حەسەن شەریف ئاماژە دا وێ یەکێ ژی کو وی دڤیا ب رەنگەکێ دی وێ کلیپکەت. لێ "ئەڤە ژی تشتەکێ کلاسیکە، رتم و ئارانجا وێ گەلەکا خوەشـە، تشتەکێ کوردی یێ کەڤن و نوو تێکەلە. بۆ ڤی سـەردەمی و بۆ رووییێن تەلەڤزیۆنین کوردی، تشتەکێ خوەشە."

ژلایەکـێ دیڤـە و دەربـارێ هەلبژاردنێـن پەرلەمانـێ عێراقێ کـو مژارەکا سیاسـی یا گەرمە ل کوردسـتانێ، هونەرمەندێ پێشمەرگە ئاشـکراکر کو ئـەو بۆ چوونەڤ کوردسـتانێ هاتییە ڤەخواندن "ژ بۆ پشـتەڤانیکرنا لیستەیا خوە، لیسـتەیا هەڤپەیمانیا کوردستانێ، ڕۆژا دووشەمبی 2010/2/22 ئەز دێ چمە باشوورێ کوردسـتانێ و چەند ئاهەنگێـن جەماوەری ل دەڤەرێـن کو ژ جوگرافیا کوردسـتانێ هاتینە ڤەقەتاندن، سـازکەم". د وێ هەڤپەیڤینا دگەل (ڕووداو)ێ دا، هونەرمەند حەسـەن شـەریف گەلـەک گلی، گازندە و تێبینی ژی هەبوون، لێ گۆتی "بۆ من سـازکرنا ئاهەنگێن پشتەڤانیێ ل وان دەڤەرێن کوردسـتانێ، کار و هەلویستەکێ نەتەوەییە، لەوما ئەم دێ نۆکە گل و گازندەیێن خوە دەینە لایەکی".





## هیچ ڕۆژنامەیەکی ئیماراتی نییە کوردێکی تێدا نەبێ

رووداو- ئیمارات
عارف رەمەزان، سەرۆکی رەوەندی کورد لە ئیمارات لە راگەیێندراوێکدا لە رۆژی 2010/2/17 رایگەیاند " کورد تێکەڵی کۆمەڵگەی ئیماراتی بووەو ئێمە بەردەوام چالاکی هاوبەشمان لەگەڵ عەرەبان هەیە و بۆنە نەتەوەییەکانی کورد پیرۆز دەکەین"، هەروەها دەڵێ " کورد لە ئیمارات لەبواری میدیاشدا پێگەیەکی گرنگیان بەدەستهێناوەو رۆژنامەیەک لە ئیمارات نییە کە نووسەرێکی کورد تێیدا کار نەکات". بەڵام لە نامەکەدا گلەیی لەوە دەکات هەرچەندە چاوەڕێبوون سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندە یاوەرەکەی ببینن، بەڵام ئەوە پێکنەهات.



### سۆران بڕیارێکی عێراق بۆ بەریتانیا ئاشکرا دەکات

# عێراق چیدیکە پەناخوازە دیپۆرتکراوەکان وەرناگرێتەوە



**رووداو-بەریتانیا**

چەند رۆژێک لەمەوبەر هەوڵەکانی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا بۆ ناردنەوەی بەزۆری هەزاران پەناخوازی عێراقی دووچاری شکست بوو، دوای ئەوەی بەغدا رەتیکردەوە وەریانبگرێتەوە.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (The Gurdian)ی بەریتانی، ئەو رەتکردنەوە فەرمییەی بەغدا لە کەیسێکی تایبەتیدا ئاشکرابوو کە دادگایەکی بەریتانی رێگەی بە پەناخوازێکی کورددا بۆ ماوەی 21 مانگ لە کامپێکدا بمێنێتەوەو، ئازادبکرێت لەمانەوە لە بەریتانیا، لەبەر ئەوەی ئەگەری گەڕاندنەوەی ئەو پەناخوازە زۆر کەمە.

بڕیاری ئەو دادگایە کە تایبەتە بە کەیسی سۆران ئەحمەد،22 ساڵ، کە خەڵکی کەرکووکە، مەسەلەیەکی گەورەی ئاشکراکرد کە ئەویش ئەوەیە حکوومەتی عێراق چیتر رازی نییە پەناخوازانی دیپۆرتکراو وەربگرێتەوە.

لەکاتی دادگاییکردنەکەدا، دۆکیومێنتێکی حکومەتی بەریتانی خوێندراوەتەوە کە چۆن بەریتانیا پێشنیازی کردووە بەرپرسی عێراقی بێنە بەریتانی بۆ ئەوەی بەچاوی خۆیان پرۆسەی دیپۆرتکردنەوەکە ببینن و هەروەها پێشنیازیش کراوە کە چەند وەزیرێکی بەریتانی سەردانی عێراق بکەن بۆ ئەوەی جەخت "لەسەر گرنگی گەڕانەوەی پەناخوازان بۆ عێراق" بکەن.

سۆران ئەحمەد یەکێکبوو لەو 44 پەناخوازەی کە مانگی تشرینی یەکەمی رابردوو بەزۆر خرابووە فڕۆکەیەک و رەوانەی بەغدا کرابوونەوە. بەپێی قسەی سۆران، گاردەکانی نێو فڕۆکەکە پەلاماریان داوە و لێیانداوە.

پاشان لە فڕۆکەخانە، بەغدا تەنیا 10 لەو دیپۆرتکراوانەی وەرگرتووەتەوە و داوایان کردووە کە ئەوانیدیکە بە هەمان فڕۆکە بگەڕێندرێنەوە لەندەن. دادوەر لەبارەی سۆرانەوە گوتی کە هیچ فڕۆکەیەکی بەریتانی نییە بەم نزیکانە سۆران بگەیێنێتە کەرکووک و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش وەریناگرێتەوە، لەبەرئەوە دادوەر بڕیاریدا سۆران ئازادبکرێت، بەڵام بەپێی چەند مەرجێک.

سۆران کە لە رابردوودا لە بەریتانیا بەهۆی دەستدرێژی و بەکارهێنانی ناسنامەی ساختەوە زیندانیکراوە، ئێستا ئازادە لە بەریتانیا بمێنێتەوە،تاوەکو ئەوکاتەی بڕیاری کۆتایی لەسەر کەیسەکەی دەدرێت.

# منداڵانی کورد لە ئەڵمانیا لە خوێندنی بەرز بێبەش دەکرێن

■ **پرۆفیسۆر د.مارکۆس ئۆتەرسباخ لە زانکۆی کوێلن: جیاوازیکردن و هەندێکجار سووکایەتیپێکردنیش بە منداڵانی بیانی هەیە.**

■ **نوێنەری وەزارەتی خوێندن و پەروەردە: ملیۆنێک واژۆش بێن فڕێیاندەدەمە تەنەکەی خۆڵەوە،بەڵام لەهەر قوتابخانەیەکدا 15 قوتابی کورد هەبوون، داوای خوێندنی زمانی کوردی بکە.**

**مستەفا چوارتایی**
**رووداو-ئەڵمانیا**

لە کۆی حەوت ملیۆن و دووسەد هەزار بیانی بەوانەشەوە کە وڵاتینامەی ئەڵمانییان وەرگرتووە، نزیکی یەک ملیۆنیان کوردن. ئەو کۆچبەرانە ئەگەر لەڕووی جیاوازیی نەتەوەیی و وڵات و ئاینەوە کێشەکانیان جیاواز بێ، ئەوا لەیەک کێشەدا یەکدەگرنەوە ئەویش، سەرنەکەوتنی منداڵەکانیانە لە خوێندن، یان نەگەیشتنیانە بە پلە باڵاکانی خوێندن و قوتابخانە و پیشەی باش.

بە بڕوای چاودێرانی بواری کۆچ و کۆچبەران سەرنەکەوتنی منداڵانی بیانی تەنیا بەهۆی خەمساردی خێزانەکانیان نییە، بەڵکو بەشێکی زۆری بۆ جیاوازیکردنی هەندێ لە مامۆستایان و کاربەدەستانی فەرمانگەکانی ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە کە حەز ناکەن بیانییەکان سەرکەوتوو بن و شوێنی باشیان لە کۆمەڵگەدا هەبێ.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە ئەڵمانیا (ناوەند)، کە بارەگاکەی لە شاری بۆنە، بایەخێکی زۆر بە کۆچبەران و گونجاندن و دامەزراندنی نەوەی نوێی کورد لە ئەڵمانیا دەدات، سیمینارێکی لە بواری پەروەردەو خوێندن و گونجان بۆ بەرپرسان و نوێنەرانی دەوڵەت و پسپۆرانی ئەو بوارە ساز کرد.





پرۆفیسۆر د.مارکۆس ئۆتەرسباخ لە زانکۆی کوێلن، بە درێژی باسی پەنابەران و کۆچبەرانی کرد و دانی بەوەدانا کە "جیاوازیکردن و هەندێکجار سووکایەتیپێکردنیش هەیە" بە منداڵانی بیانی لە ناوەندەکانی خوێندن و گوتی "تەنانەت بۆ کردنەوەی خولی پیشەییش بیانییەکان هەلی باشیان نادرێتێ، بۆ خولە پیشەییەکانیش نزمەکانیان دەدەنێ وەک سەرتاش یان چێشتلێنەر".

هێشتا پرۆفیسۆر ئۆتەرسباخ قسەکانی خۆی تەواو نەکردبوو کە نوێنەری پارتی CDU لە پەرلەمانی هەرێمی نۆردراینڤێستفالن، میشیل زۆلف، هەستایە سەرپێ و گوتی "من خۆم چووم لە قوتابییەکانم پرسیومە، بۆچی ئەم قوتابییە زیرەکە کە ئاستی ئەوەی هەیە بچێتە ئامادەیی، نێردراوە بۆ قوتابخانەی نزمتر؟، کەچی مامۆستاکە گوتی چونکە دایک و باوکی قوتابییەکە ئەڵمانی نازانن، ئەگەر سبەینێ لە پۆلەکانی داهاتوودا نەتوانن هاوکاریی بکەن هەر دەگێڕدرێتەوە بۆ قوتابخانەیەکی نزمتر، با لە ئێستەوە نەچێت باشترە." بەڵام پرۆفیسۆر ئۆتەرسباخ وەڵامی دایەوە "ئەوە کەی پێوەرە؟".

جاهید بەسار، کە نوێنەری یەکێتی مامۆستایان و پەروەردەی کوێلنە لە سیمینارەکە باسی لەکێشەکانی منداڵانی تاراوگە و بەتایبەتی منداڵانی کورد کردو گوتی "پێویستە رێکخراوە کوردییەکان دیالۆگیان هەبێت"، مەبەستی لەوە زیاتر ئەوەبوو کە لە هەموو ئەو رێکخراوە کولتووری و سیاسییانەی باشووری کوردستان هیچ کامیان لەو سەمینارەدا بەشداریان نەکردبوو.

### وەڵامی سەدان واژۆ نەدرایەوە

لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا کە یەک ملیۆن کورد هەن، بەڵام هیچ قوتابخانەیەکی کوردی نییە، ئەوانەی پێشتریش هەبوون، هەڵگیران، حکومەتی ئەڵمانیاش پشتیوانی لە خوێندنی زمانی کوردی ناکات وەک نەتەوەکانی دی. بەشداربوویەکی سیمینارەکە روویکردە نوێنەری وەزارەتی خوێندن و پەروەردە لە هەرێمی نۆردراینڤێستفالن و گوتی "ئێمە سەدان ئیمزامان کۆکردووەتەوە ناردوومانە، کەچی هیچ وەڵامێکی نەبووە"، بەڵام ئولا ئۆلماس، نوێنەری وەزارەتی خوێندن و پەروەردە هاتە وەڵام و گوتی "ملیۆنێک ئیمزاش بهێنیت من سەیری ناکەم و فڕێیدەدەمە ناو تەنەکەی خۆڵەوە"، ئۆلماس هۆکارەکەی روونکردەوەو گوتی "ئیمزا زۆر رۆڵی نییە، تۆ لەهەر قوتابخانەیەکدا بەیەکەوە 15 قوتابی کوردت هەبوون، بڕۆ داوای خوێندنی زمانی کوردی بکە، رەزامەندی وەردەگریت، بە پەرش و بڵاوی ناکرێت، من ئیمزا چی لێبکەم؟، دوای ئەوە بەکام زمان دەخوێنن؟ نازانین چەند کرمانجی دەخوێنن".

### منداڵەکان جنێو بە مامۆستاکان دەدەن

هەر لەو سیمینارەدا باسی منداڵانی کوردو تورک کرا، کە زۆرجار باکگراوەندی سیاسی خێزانەکانیان دەبنە هۆکاری تووندوتیژی ئەوانیش، نوێنەری وەزارەتی خوێندن و پەروەردە، رەخنەی لە پەروەردەی خێزانی قوتابییەکان گرت و گوتی "منداڵەکان جنێو بە مامۆستاکانیش دەدەن، منداڵەکان دەبێ فێربکرێن جنێو بە مامۆستا نەدەن".

دەگمان کەپلان، لەجیاتی بەڕێوەبەرایەتی ناوەند، بە کورتی باسی لە کێشەی کۆچبەران و منداڵانی تاراوگە کرد. هەروەها دکتۆر ئیلزە لێمەریش کە پسپۆری سیاسەتی پەروەردەو بەرپرسی سەندیکای پەروەردەو زانستی دۆسلدۆرفە، بابەتێکی پێشکێش کرد و بەگشتی باسی خوێندن و پەیوەندی نێوان مامۆستایان و خوێندکارانی خستەڕوو.

Reklam

# ئەکادیمیای LG بۆ هەواسازی لەشاری هەولێر خولی راهێنان بۆ کادیرانی ئەندازەیی لە ساڵی 2010 دەکاتەوە

ئەکادیمیای LG بۆ هەواسازی لەهەولێر چەندین خولی راهێنان بۆ کادری هونەری و ئەندازەیی، و لە چوارچێوەی بەشداریکردنی ئەندازیارانی دەزگا حکومییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق خولی 15ی ئەندازیارانی (پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلێمانی و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوونی کوردستان) کۆتایی پێهات. خولەکانی داهاتوو ئەندازیارانی کۆمپانیاکانی بەلێندەرایەتی و ئۆفیسەکانی ئەندازیاری لەسەرتاسەری عێراق بەشداردەبن.

ئامانجی ئەکادیمیا هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونییەوە فەراهەمکردنی نوێترین زانیاری بووە لەبوارەکانی تەکنیکی هەواسازی و لەسەر هەموو ئاستەکان بۆ بەشداربووانی. هەر خولێکیش پرۆگرامی تایبەتی خۆی هەیە لەگەڵ ئاستی زانیارییەکان کە دەخوێندرێن و پێشکەش دەکرێن، هەروەها لەئاییندەدا خولی دیکە بۆ بەشەکانی فرۆشتن و ناردنەبازار دەکرێتەوە کە ئامانجەکەی پەرەپێدانی تواناکانە هەریەکەو بەگوێرەی بواری پسپۆریی خۆی، هەمووشی بەشێوازی زانستیانە دەبێت لەرێی کادیرانی ئەندازیاریی پسپۆرو بەتوانای سەر بە ئەکادیمیا. کۆمپانیای (دارالریان) کە تاکە بریکاری ئامێرەکانی هەواسازی LGیە لەعێراق رۆڵێکی گەورەو دیاری هەبووە لەدامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەم ئەکادیمیایە کە بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای (ئێل جی ئەلیکترۆنیکس)ی کۆری کاری کردووە.

ئەم ئەکادیمیایە یەکەمین ئەکادیمیای لەوجۆرەیە لەعێراق کە کارەکانی مایەی سەرسامیی بەرێزان بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بووە، بەتایبەتی لەو رووەوە کە رۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەبووە لەبەخشینی زانیاری نوێ و پێشکەوتوو بەکادیرانی ئەندازیاری و تەکنیکی و بەخشینی بڕوانامەی دەرچوون بەو کادیرانەی بەشدارییان لەخولەکانی کردووە.









LG
www.lg-iraq.com
DER

# ئێمە بە خەمەوە سەر دەخەینە سەر سەرینی ئاوارەییمان

## نامەیەک بۆ بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک کۆماری عێراق



کەمال بێوار - ئەمریکا
kamalbewar@hotmail.com

**بەڕێزان، سڵاوتان لێبێت.**

ئەم ئەزموونەی ئەمڕۆی کوردستان هەموو کوردێکی دڵسۆزی گەل و خاک پەرۆشیەتی بەتایبەت، پرۆسەی بەرەو پێشچوونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان دەتوانێ هیواو ئاواتەکانی ئەم گەلە ستەمدیدەیەی کورد بگەیێنێتە ئەنجام. جا بۆیە لێرەدا دەمەوێت خاڵێکی گرنگ باس بکەم وەکو کوردێکی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات، کە بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم.

لە گەڵ دەستپێکردنی پروپاگەندەکانی هەڵبژاردن تەزووی خۆشی و ترسێکی زۆر لە دڵی ئێمەدا درووژاوە کە وامان لێبکات "وەکو گیسکەکەی هەیاسمان لێ بێت"، لە کاتێکدا خۆش و لە هەمانکاتدا ترسی نانەوەی ئاژاوە لەلایەن لایەنگرانی لستی کوردستانی و گۆڕان . ڕۆژانە هەواڵەکان تەزووی ترس دەخەنە نێو دڵمانەوە، بەشێوەیەک هەستبکەین پێویستە هەردوو سەرۆک هەڵوێستیان هەبێت و گوشار بخەنە سەر هەردوولا بۆ ڕاگرتنی ئەم جۆرە کردارانە کە ترس و دڵەڕاوکێ دەخەنە نێو دڵی خەڵکی کوردستان و لەوانەیە ئەم ئەزموونە گرنگە بەرەو هەڵدێر بەرن. جا بۆیە بە پێویستی دەزانم هەردووکتان شتێک بکەن و کارێک بکەن نەهێڵن چەند کەسانێک ئاژاوە دروستبکەن و کوردستانی ئارامیمان لێ تێکبدەن. ئێمە دەبێ زۆر بەباشی لەو ڕاستییە تێبگەین کە دوژمنانی گەلەکەمان زۆر بەپەرۆشەوە دەیانەوێ شتێکی ئاوا بقۆزنەوە بۆ تێکدانی ئەو ئارامیەی لە کوردستان بەرقەراربووە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو. ئاشتی و برایەتی کورد پێویستە لە سەرووی هەموو شتێکەوە بێت، بۆیە پێویستە لە سەر جەنابتان کارێک بکەن بۆ ڕاگرتنی ئەم بارودۆخەی بەتایبەت لە سلێمانی کە بارودۆخێکی ترسناک سەریهەڵداوەو ئێستا بەگوێرەی هەواڵەکان جێگەی مەترسییە.

بەڕێزان، ئێمەی کورد بە زۆر ئەزموونی ترش و تاڵ تێپەڕیوین، پێویستە خەڵکی کوردستان جارێکیتر هۆشیار بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونە تاڵانە دووبارە نەبنەوە. گەرەکە ئێمەی کورد هەوڵی جیدی بدەین بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم پرۆسەیەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە کە ئەویش بەری خوێنی شەهیدەکانمانە و ئێوە لە هەموو کەس زیاتر پێویستە بیانپارێزن چونکە ئەرکی ئێوە لە خەڵکی ئاسایی زۆر گەورەتر و زیاترە.

بەڵێ هەڵبژاردن پرۆسەیەکی ئازادی پێویستە لەمێژووی ئەمڕۆی جیهاندا، بەڵام ئەگەر خەڵکی ئێمە هەتا ئێستاش دوای ساڵانێکی دوورو درێژ ئامادەیی ئەوەیان تێدا نەبێت کە ڕێز لە بیروڕای یەکتر بگرن، دیارە خودی عەقلیەتی ئێمە هێشتا ئامادە نییە بۆ ئەم پرۆسەیە. ئەگەر ئەم خەڵکەش ئامادەیی هەبێت، بەڵام چەند کەسانێکن بۆ ئاژاوە دروستکردن هاتوونەتە ناو ئەم پرۆسەیەوە پێویستە بەزووترین کات چارەسەرێکیان بۆ بدۆزنەوەو نەهێڵن لەم کارەی خۆیان بەردەوام بن و مەرامەکانیان سەر نەگرێت.

ئەگەرسەیریهەڵبژاردنەکانیوڵاتانیجیهان بکەین پێویستە ئەم پرۆسەیە وەک ئازادییەکی چارەنووسی بخوێنینەوە نەک وەک ترس و تۆقاندن بنوارینە بەرانبەرەکەمان. بۆ نمونە، کاتی هەڵبژاردنەکانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕکابەرییەکی زۆر بێوێنە هەبوو لە نێوان کۆماری و دیموکراتەکاندا. ئەگەر بێتەوە بیرتان، ڕکابەری گەیشتە ئەو ئاستەی کە لەنێو خودی دیموکراتەکاندا هێلەری و ئۆباما زۆر بیروڕای جیایان هەبوو بەرانبەر یەکتر. کەچی کەس بێ ڕێزی بەرامبەر ئەویتر نەکرد و بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەیان وای لێهات هەردووکیان پێکەوە کار بکەن.

من لێرەدا زۆر بەگرنگی دەزانم کە جەنابتان لە سەر ڕادیۆ و شاشەی تەلەڤزیۆنەکان وتارێک بدەن بۆ خەڵکی کوردستان پێیان بڵێن کە ڕێز لە هەڵوێست و بیروڕای یەکتر بگرن، چونکە ئێمەی کورد هەموومان دواڕۆژمان پەیوەستە بەیەکەوە. من دڵنیام لە بەڕێزتان، بەڵام وادیارە خەڵکی ئێمە ئەوەندە بە حەماسەتەوە بەرەو ئەم هەڵبژاردنە گەرمبووە لاوەکانمان بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەلەکەیان لەبیر چووەتەوە.

لێرەوە، پێویستە ئەوەش بڵێم، بەڕێزان لایەنگرانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان و گۆڕان خۆزگە پێش هەموو شتێک بیر لە بەرژەوەندی کوردستان بکەنەوە. چونکە وەک کورد دەڵێ، ئاگر بە چلە پوشێک دەست پێدەکات.

بۆ جارێکیتر، هیوادار و داواکارم هەردوولاتان یارمەتیدەربن تاوەکو ئەم ئەزموونەش بەسەرکەوتوویی بەسەر بەرن و بۆ جیهان بسەلمێنین ئێمەی کوردیش وەک میللەتانی دونیا باوەڕمان بە ئازادی و یەکسانییە. ئێمەی دەربەدەرو کوردانی دوورە وڵات شەوانە بە خەم و پەژارەوە سەری ئاوارەییمان دەخەینە سەر سەرینەکانمان، چونکە سەرکەوتنی ئێوە ئارام بەخشی دڵمانەو بەختیارییە بۆ ئێمە.

---



هاوار عەبدولڕەزاق
hawar19832000@yahoo.com.au

# جوندییەکانی سلێمانی!

وەکو هەموو کەسێکی سلێمانی هەمیشە شانازیم بە سلێمانێتی خۆمەوە کردووەو هەمیشەش خۆشحاڵبووم بەوەی کە کەسێک وەسفی شارەکەمی کردووەو لە هەمانکاتیشدا دڵگران بووم بەوەی کە کەسێک ڕەخنەی لە سلێمانی و خەڵکەکەی گرتبێت.

سلێمانی ئەو شارەیە کە لە زۆربەی شتەکاندا پێشەنگی شارەکانی کوردستان بووە و بەوە ناسراوە کە پڕی خەڵکی ڕۆشنبیر و چاوکراوە و مۆدێرن بووە و، هەمیشەش هەستی یاخیبوونیان تێدایە و حەزیان لە دەربڕینی ناڕەزایی بووە.

لەگەڵ دەستپێکی هەموو بۆنە و مەراسیمێکیشدا سلێمانی بەگەرموگوڕییەکی بێ سنوورەوە بەشداری تێدا کردووە، ئەمجارەش لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و لەگەڵ ئەوەی لەزۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و عێراق ساردییەک بە هەڵمەتەکەوە دەبینرێت (ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی عێراقییەکان و کوردستانییەکان چیدیکە بڕوایان بە بەڵێنی سیاسەتمەدارەکانیان نەماوە)، کەچی لە سلێمانی جیاوازە و دەڵێی ڕۆژی حەشرە!

ئەوەی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو نیگەرانی کردووم ئەوەیە کە هەڵمەتی هەڵبژاردن لە شاری سلێمانی بووەتە هەڵمەتی شەڕ و تەقە و شەڕەجنێو و شەڕە پەڕۆ.

بەداخەوە ئەوە دەڵێم کەئێستا هەر لایەنێک و قەوارەیەک بیەوێت خۆی بناسێت دەچێت لە سلێمانی ئاهەنگێک سازدەکات و ئیتر خەڵکی ئەو شارە هەموو شتێکی پێدەبەخشن و هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە ئایا ئەم لایەنە چییە و بەرنامەی داهاتووی چییە و مەبەست لە دروستبوونی چییە؟

من نموونەیەکی زەقی هەڵبژارنەکانی ڕابردووتان وەبیردێنمەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە خەڵکی ئەم شارە چۆن بووەتە جووندییەکی شەترەنج بەدەست کەس و لایەنە سیاسییەکانەوە. من هیچ دژی د.کەمال میراودەلی نیم و دەشزانم کە کەسێکی زیرەکە، ئەوەی دووچاری شۆکی کردم لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ڕابردوو لەسلێمانی ئەوەبوو کە چۆن بەشێکی زۆری ڕۆشنبیران و خەڵکی ئەو شارە دەنگی خۆیان و داهاتووی خۆیان بەخشییە کەسێک کە تەنیا بۆ ماوەی مانگێک لە دەرەوەی وڵات گەڕابووەوەو کەم کەسیش شتێکی لەبارەی خۆی و باکگراوەندی سیاسییەوە دەزانی، ئەمە تەنیا بڕیارێکی پەلەی هاووڵاتیانی سلێمانی پیشاندەدات و هیچی دیکە، وەکو هەمووشمان دەزانین بڕیاری پەلە تەنیا دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە.

هەروەها نموونەیەکی دیکەی شاری سلێمانیتان بۆ دەگێڕمەوە کە دەیسەلمێنێت بۆچی سلێمانی هەمیشە ئەم کۆبوونەوەو قەرەباڵغییەی تێدا دروستدەبێت. برادەرێکم هەیە خەڵکی سلێمانییە و هیچ حەزی لە یاری تۆپی پێ نییە، بەڵام جارێکیان بۆی گێڕامەوە، لە یاری کۆتایی جامی جیهانی ساڵی 2002دا کاتێک هەڵبژاردەی بەرازیل لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بردەوە و بووە پاڵەوانی جیهان، لە شاری سلێمانی ئاهەنگێکی گەورەی جەماوەری ئەنجامدرا، ئەم برادەرەشم هەروەکو وتم هیچ حەزی لە تۆپی پێ نییە، بەڵام کاتێک ئەو قەرەباڵغییەی بینیبوو گوتی" یەکسەر چوومە سەر کۆڵی کەسێک و هەتا نیوەی شەو ئاهەنگمان گێڕا و هاوارم دەکرد بژی بەرازیل"، جا مەبەستی من لەم نموونەیە ئەوەیە کە سلێمانی حەزی لە قەرەباڵغییە و حەزدەکەن دوای بکەون و هیچی دیکە، سیاسەتمەدارانی ئێمەش ئەم تایبەتمەندییەی شاری سلێمانیان قۆستووەتەوە و خەڵکی ئەو شارە جوانەیان کردووەتە جووندی شەترەنج و بەهەوەسی خۆیان دەیهێنن و دەیانبەن و هەر لایەنێک ئارەزووی لێبێت بە چەند ڕۆژێک هاتوهاوار و خۆ سوورکردنەوە دەتوانێ شەقامی سەهۆڵەکە گەرم بکات.

هیوادارم لەمەودوا هیچ ڕووداوێکی کوشتن و شەڕ لە سلێمانی نەبینم و هەرگیز خوێنی گەنجێک بەفیڕۆ نەڕوات، لەناخیشەوە ئازارم دەدات کە ئەم شارە جوانەی من ئەوها بووەتە گەمەی شەترەنجی لایەنەکان، لەبەرئەوەی ئەو دڵگەرمییە تەنیا خەڵکی شاری سلێماتی تێیدا زەرەرمەند دەبێ. هیوادارم کە هاوینی داهاتووش بەرازیل جامەکە نەبات، لەبەرئەوەی ڕەنگە ئەوەش شەڕێکی دیکەی سەهۆڵەکەی لێبکەوێتەوە و چەند کەسێک بریندار ببن!

---

# ئاوڕێکمان لێبدەوە



**بۆ بەڕێز جەنابی مام جەلال**
**سکرتێری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان**

ئێمە وەکو بنەماڵەی شەهیدی سەرکردە (محەممەد عەجەم) پێویست ناکات شەهید بە ئێوە بناسێنین، جەنابتان باش دەتانناسی و لە چەندین شەڕ لەگەڵ جەنابتان بووەو ئێستاش بنەماڵەکەی هەر بەردەوامن لەسەر هەمان ڕێبازی باوکیان و ئەوانەی هاوسەنگەری ئەو بوون ئێستا خاوەن چەندان پلە و خانووی خۆش و سەیارەی دوا مۆدێلن، بەڵام زۆر بەداخەوە، تاکو ئێستا مووچەی شەهیدانەی 850000 دینارە، بۆیە چەندین جار داوامانکردووە، هیچ وەڵامێک نەبووە. بۆیە بۆ دوایین جار داوا لە جەنابتان دەکەم کە ئاوڕێکی جدی لە بنەماڵەی شەهید بدرێتەوە. من وەک کوڕی شەهید تاوەکو ئێستا هیچم بۆ نەکراوەو ئێستا پۆلیسم لە بەردەم بارەگایەکی یەکێتی.

لەگەڵ ڕێزمان

**شێرزاد محەممەد عەجەم**
**کوڕی شەهید**
**07507589351**

---

# کێ وەڵامدەداتەوە ..
# هەژار خدر لەکوێیە؟

چاوی دیموکراسی کوێر کرا ..هەژار بە کراس و بیجامەیەکەوە ڕفێندرا. لەسەردەمی ئەو دیموکراسییە زەبەلاحەی کە لە وڵاتەکەی ئێمە باسی لێوە دەکەن، لەنێو ئەو سەقامگیریەی کە لەهەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەک لەدوای دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی شەهیدان بەشانازییەوە باسی لێوە دەکەین، هەر ڕێکەوت لەگەڵ ئازادکردنی ئەو یەک دوو فڕۆکەوانەی کە کاتی خۆی هەڵەبجەیان ژەهر باران کرد، هەر لەو دەمانەی کە هەموو ڕۆژێک یاسا سەروەرە دەخەنە گوێچکەمان. بەبێ ترس و گوێدانە هیچ پێوەرێک و لەبەر چاوی خەڵک کاژێر 9ی شەوی ڕۆژی 2009/5/6، لەشاری کۆیە، هەڵیانکوتایە سەر ماڵی (هەژار خدر حاجی) و، نازانین بەبیانووی چی هەژار دەڕفێنن، بێ ئەوەی هاوسەرەکەشی ئاگاداربێت.

هەژار خدر حاجی، لەدایکبووی ساڵی 1975و دانیشتووی گەڕەکی ئیسکانی کۆیەیە و پێشمەرگەی فەرماندەیی کۆیەی (ی.ن.ک)بووەو دووکانێکی (فیتەر)یشی هەر لە کۆیە هەیە.

ئێمەی خانەوادەی هەژار لەو ڕۆژەوەی کە هەژار بێ سەروشوێنە، هەموو کۆیەو بەرپرسانی کۆیەمان تێگەیاندووە، بەڵام چۆن چووین، هەر واش هاتووینەتەوە. حەز دەکەین بزانین مرۆڤێک، پێشمەرگەیەک ئەگەر هەرچی کردبێت، دەکرێ لەیەک چرکەدا ئەرز قوتی بدات! دەکرێ هەژار هەرچەندە تۆمەتی قورس بێت، بەڵام ئێمەی کەسوکار و، منداڵەکانی لەو نۆ مانگەدا تەنانەت بۆ یەکجاریش نەیبینن! هەرچەند هەوڵدەدەین کەس پێمان ناڵێت لەکوێشە. هەرچەندە ئێمە باش دەزانین هەژار لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتی بەندکراوە، بەڵام بەداخەوە کەس ئەو ڕاستییەمان پێ ناڵێت؟!

بەراشکاوی چەندین جار هاوارمان کردووە کە ئەگەر هەژار گوناهێکی هەیە، لەبەرچاوی هەموو خەڵک لەداری بدەن، بەڵام نابێ بزانین هەژار گوناحی چییە. ئەی کوا ئەو ئاسایش و سەقامگیرییە؟ ئەی کوا مافی مرۆڤ؟ بەرپرسان و پیاوانی ئاسایش کە ئۆتۆمبێلێک ون دەبێت دنیا دەهەژێنن، ئەی بۆچی هەژاری خاوەن دوو جگەر گۆشە (خۆشی و خۆزگە) وندەبێ، کەس سۆراخی ناکا؟!

لەدوای گەڕانێکی زۆر زۆر و، وادەو پەیمانی درۆی ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرس، بڕیارماندا ئەمجارە شێوازی گەڕانەکەمان بگۆڕین و دەستەو وەستان و بەبێدەنگی دانەنیشین، سۆراخی هەژار بکەین لەبەر منداڵە چاوگەشەکانی، لەبەر جەرگی باوک و دایکی هەژار. لەبەر خاتری فرمێسکی وشکبووی هاوسەرەکەی، هەر دەبێت بزانین هەژار سۆراخی چییەو کام ئەرزە بێ ویژدانە بەبێ هۆ لێمانی قوتداوە.

**خانەوادەی بێ سەروشوێنکراو**
**هەژار خدر**



هەژار خدر کە زیاتر لە 8 مانگە لە کۆیە ڕفێندراوە

---

## هەتا ماشە هەبێت پێویست ناکات دەستت بسووتێنی

# مارەبڕین و دادگا و مەلا



حوسامەددین سەرداری*

لەلاپەڕە (12)ی ژمارە (99)ی ڕۆژی 2010/2/18ی هەفتەنامەی (ڕووداو)ی لەدڵا شیریندا ڕیپۆرتاژێکم لە ئامادەکردنی برای ڕۆژنامەنووس (ڕەوا عەبدوڵڵا) بە نێونیشانی "مارەبڕین لەلای مەلا واجبێکی ئایینی نییە" خوێندەوە، تێیدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەندین هاووڵاتی و دادوەرو فەرمانبەرو زانای ئایینی ئەنجامداوە . سەرەتا دەستخۆشی لە بەڕێزیان دەکەم بۆ وروژاندنی ئەم بابەتە گرنگە کە پەیوەندی بە هەموو ئەو لاوانەوە هەیە کە نیازی پێکهێنانی خێزانیان هەیە و سەردانی دادگاکانی باری کەسی دەکەن بە ئامانجی ڕێکخستن و پەسەندکردن و تۆمارکردنی گرێبەستی هاوسەرگیری. دوای خوێندنەوەی بابەتەکە بە چاکم زانی بەم چەند خاڵە وەڵامی بدەمەوە:

1ـ سەبارەت بە وتەی (هەندرێن نەوزاد) کە دەڵێت "مارەبڕین لای مەلا بۆ نەریتی کۆمەڵایەتی و کەمتەرخەمی دادوەرەکان دەگەڕێتەوە" و دەڵێت "دادوەرەکان ڕێوشوێنی پێویستی مارەبڕین وەک مەلا ناگرنە بەر، نیکاحی ژن و پیاو لە یەکتر حەلال ناکەن". بۆ وەڵامی ئەم بەڕێزە دەڵێم ڕاستە مارەبڕین لەلای زانای ئایینی (نەوەک مەلا) نەریتێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بۆ کەمتەرخەمی دادوەر ناگەڕێتەوە، چونکە سەرەڕای ئەوەی لە (بڕگە 5ی مادە 10ی یاسای باری کەسی هەموارکراو)دا هاتووە کە سزای بژاردن (غرامە) بە بڕی (1000000 ـ 3000000 دینار) بۆ ئەو کەسەی گرێبەستی مارەبڕین لە دەرەوەی دادگاکان ئەنجامبدات و، زیندانیکردن بۆ ماوەی (3 ساڵ ـ 5 ساڵ) بۆ ئەو کەسەی گرێبەندی هاوسەرگیری دووەم لە دەرەوەی دادگا بێ ڕێپێدانی دادگا ئەنجامبدات، ئەگەر بۆ قازی سەلمێنرا کە کوڕ و کچەکە لەلای زانای ئایینی بە شەرعی ئەنجامدراوە، سزای هیچ کەس نادات و تەنیا جەخت لە ڕەزامەندی هەردوولایەنی گرێبەستەکەو تەمەنیان و بڕی مارەیی پێشەکی و پاشەکی و ئامادەبوونی دوو شاهێد وهێنانی ڕەگەزنامە و ڕاپۆرتی پزیشکییان دەکات . خۆ ئەگەر وتیان لەلای زانای ئایینی مارەیان نەبڕیوە، ئەو کاتە قازی دادگای باری کەسی هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی مارەبڕینەکە لەسەر ڕێنمایی شەرعی و یاسایی لە (ایجاب و قبول و تنکیح و تزویج ) و ئامادەبوونی شاهێدەکان و دواتر سورەتی فاتیحەش دەخوێندرێت و پیرۆزبایی لە هەردووکیان دەکرێت . بۆیە لە شوێنی خۆی نییە بوترێت دادوەرەکان کەمتەرخەمن لە ئەنجامدانی گرێبەستی مارەبڕین . سەرەڕای لە ئارادابوونی دەقی سزایی، بەڵام تائێستا نەم بیستووە هیچ کەسێک لەسەر ئەنجامدانی گرێبەستی مارەبڕین لەدەرەوەی دادگا سزادرابێت، پێش گواستنەوەو جووتبوون. کاک هەندرێن دەڵێت "من متمانەی تەواوم بە مارەبڕینی دادوەر نییە"، کەچی خۆی هاتووە لەبەردەم قازی مارەبڕینەکە ئەنجامبدات! . ئەو کەسەی گرێبەندی هاوسەرگیری لە دادگاکان ئەنجامنەدات و تۆمار نەکات، لە دواڕۆژدا کێشەی بۆ دروست دەبێت، بە تایبەتی لە فەرمانگەی باری شارستانی و تۆمارکردنی لەدایکبوونی منداڵەکانی، بۆیە زۆر پێویستە هەموو ژن و مێردێک گرێبەستی مارەبڕینی لە دادگاکانی باری کەسی تۆمار بکەن بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆی و ئەندامانی خێزانی.

2ـ ئەو فەرمانبەرەی دادگا کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بێت دەڵێت (80%ی ئەوانەی دێنە دادگا پێشوەخت لەلای مەلا مارەبڕینیان ئەنجامداوە، بەڵام لەبەر سزای یاسایی ئامادە نین ڕاستییەکان بدرکێنن) کەچی لەڕاستیدا و بەکردەیی قازی لە هەردوو کچ و کوڕەکە دەپرسێت ئایا لە لای زانای ئایینی مارەتان بڕیووە؟ ئەگەر نەیانبڕیبوو ئەوا بەپێی شەرع و یاسا (تزویج وتنکیحیان) دەکات، بە پێچەوانەوە تەنیا جەخت لە ڕواڵەتی گرێبەستەکە و دروستی مەرجەکانی دەکات هەروەکو لە بڕگەی سەرەوە ئاماژەم پێکردووە و هیچ لایەکیش سزا نادات.

3 ـ پشتگیری لە وتەی بەڕێز دادوەر عەبدولباست فەرهادی، وتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری دەکەم کە دەفەرموێت "دادوەرەکان هەموو ڕێوشوێنێکی شەرعی و یاسایی بۆ مارەبرین دەگرنە بەر ....هتد".

4 ـ پشتگیری لە تەواوی وتەکانی بەڕێز د. محەممەد گەزنەیی دەکەم کە دەفەرموێت "ئەو مارەبرینەی قازی لە دادگا ئەنجامیدەدات، هیچ ناشەرعییەکی تێدانییەو دروستە".

5 ـ پشتگیری لە وتەی بەڕێز مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف ناکەم کە دەڵێت "هەرگیز قبوڵ ناکەین مەلایەک لەسەر مارەبڕینی کوڕو کچێک لە دەرەوەی دادگا سزا بدرێ"، چونکە ئەم وتەیە یاسایی نییەو مادە یاساییەکە ڕەزامەندی وەزارەتی ئەوقافی نەکردووەتە مەرج لەکاتی سەرپێچیکردن و سزادانی مەلاکە . خۆ ئەگەر گرێبەستێک لەکاتی ئەنجامدانی لەدادگا تۆمار نەکرا، دەکرێت دواتر لەڕێگەی تۆمارکردنی داوای یاسایی بەپێی دەقی بڕگە (1 و 2 ی مادە 11)ی یاسای ناوبراو تۆمار بکرێت، بەڵام هەتا ماشە هەبێت پێویست ناکات دەستت بسووتێنی.

6 ـ سەبارەت بە وتەی بەڕێز مەلا ڕەشید گەردی، کە دەڵێت "گومانم لە ڕاستی مارەبڕینی دادگا هەیە"، دەڵێم ماملۆستای بەڕێز گومانەکەت لە جێی خۆی نییە، دەتوانی جەنابت بفەرمووی چاودێری ئەنجامدانی گرێبەستی مارەبڕینی دادگاکان بکەیت و ڕاستییەکانت بۆ دەردەکەوێت کە وشەی (تزویج و تنکیح)یش بەکاردەهێنرێت و فاتیحەش دەخوێنرێت. بەڵام لەجیاتی تەرخانکردنی هۆبەیەک لەنێو دادگاکان بۆ مامۆستایانی ئایینی، پێشنیاز دەکەم کە خولێکی چڕوپڕ بۆ چەند یاساناس و شەرعناس و مافپەروەرێک بکرێتەوە بە هاوئاهەنگی هەردوو وەزارەتی داد و ئەوقاف بۆ ئەنجامدانی مارەبڕین بەپێی شەرع و یاسا هەروەکو لە میسر هەیە کە پێیاندەوترێت (مأذون شرعی) ڕێپێدراوی شەرعی و تۆماری فەرمی تایبەتییان هەبێت و پەیوەندیشیان بە دادگای باری کەسیەوە هەبێت بۆ تۆمارکردنی زانیاری گرێبەستەکان لە تۆمارەکانی دادگاو باری شارستانی. لە کۆتاییدا داواکارم دڵی کەسم نەرەنجاندبێت.

*پارێزەری ڕاوێژکار



# بۆ کچەکەی دراوسێمان!

بەرهەم عەلی

کچە جوانەکەی گەڕەک سڵاوت لێ بێ. زۆر لە مێژە ئاگام لێت نەماوە، هیچ دەنگوباس و خەبەرێکت نازانم، سەیرە جاران لەو گەڕەکەی خۆماندا یەک تەلەفۆنیش نەبوو، مۆبایل کەس نەیبیستبوو، ئینتەرنێت و چات دانەهاتبوو، فرم بەسەر ئەخباری دنیاوە نەبوو، کەچی چرکە بەچرکە هەواڵەکانی تۆم پێ دەگەیشت، وەلێ ئێستا بەپێچەوانەوە، بەرپرسی بەشی هەواڵەکانم لە ڕۆژنامەیەکی پڕ هەواڵ و هیچ لەبارەی تۆوە نازانم، ئاگام لەوپەڕی دنیایە و لە کچە جوانەکەی دراوسێمان بێ خەبەرم.

حەز دەکەی وەرە لێم بپرسە، پێتدەڵێم "دوایین ژمارەی قوربانیانی بوومەلەرزەکەی هایتی گەیشتە چەند، لە ماڵی سەرۆکی باندی تلیاکفرۆشانی کۆڵۆمبیا چەند کیلۆ هیرۆیین و کۆکایین گیرا، بەرشەلۆنە چەند گۆڵی کرد، بەفرەکەی لەندەن چەند سانتیمەتر بوو، درێژترین پیاوی دنیا ناوی چییە و خەڵکی کوێیە، پڕ داهاتترین فیلمی ئەم هەفتەیەی سینەماکانی دنیا چی بوو، سوخمەکەی مارلین مۆنرۆ بەچەند فرۆشرا، مایکڵ جاکسۆن بەچی مرد، ئاگرەکەی ئوسترالیا چەند دۆنم دارستانی سووتاند، ئیسلامییە توندڕەوەکەی ئەندۆنیسیا بەچەند ساڵ زیندانی حوکم درا، چەتە زەریاییەکانی سۆماڵ لەبری پاپۆڕە رفێنراوەکەی فەرەنسا چەند ملیۆن دۆلاریان وەرگرت، فیلمە تازەکەی عادل ئیمام بەکوێ گەیشت، لەیلا عەلەوی شووی بەکێ کرد، کلیپە تازەکەی رووبی بە چ جلێکەوەیە، نانسی عەجرەم چەند نەشتەرگەریی لووتی کرد، عید میلادەکەی هەیفا وەهبی چەندی تێچوو، ئەندامە گیراوەکانی دەتەپە چییان لێ بەسەر هات، خۆپێشاندەرانی ئێران کەی لەدار دەدرێن، تاوەرە تازەکەی دوبەی چەند مەتر بەرزە، تەقینەوەکەی بەغدا چەندی تیا کوژرا، چەند پارچە چەک لە چەمچەماڵ گیرا، ژنەکەی سیدەکان بۆچی مێردەکەی خۆی کوشت، پێت دەڵێم تەنانەت لە دەشتی شەمامک چەند ملیم باران باریوە..."، بەڵام نازانم تۆ لە کوێی، تەنیا هەواڵی تۆی ئازیز نازانم، تۆ تەماشا ئەم تەکنۆلۆجیا نەفرەتییە، هەموو دوورەکانت پێ ئاشنا دەکات و لە هەواڵی نزیکەکان بێئاگا، ئەم مۆبایلە لەعنەتییە دەنگەکان لە یەکتر نزیک دەکاتەوە و دڵەکان لێکدی دوور دەخاتەوە، جاران دەمزانی ستارەی سەربانتان چەند بلۆکی تێدا بەکارهاتووە، لێ ئێستەکە نازانم ماڵیشتان لە کوێیە، باوک و دایکت ماون یان نا، ئاخۆ شووت کردووە یان تۆش وەکو من ژینی تەنیاییت هەڵبژارد؟. بوویتە دایک؟ یان وەکو من خەون بەبۆنی منداڵێکی بۆنخۆشەوە دەبینیت، نازانم. ئێواران شان بەشانی هاوسەرەکەت پیاسە دەکەیت، یان وەکو من بەعەینەکێکی زەڕەبینەوە لە چایخانەیەکی لاچەپدا ڕۆژنامە دەخوێنیتەوە، شەوانە بەدیار زنجیرە دراما تورکییەکانەوە دادەنیشیت، یان وەکو من دەچیتە بارێکی هەرزان و درەنگانێ دوای سەرخۆشی بەکوڵ بۆ ڕۆژگاری جاران دەگریت، ئاخۆ شەوان لە ئامێزی هاوسەرەکەتدا دەخەویت، یان وەکو من لەسەر چرپایەکی تەنیا خەونی شەیتانییانە دەبینی؟ گەشت و سەیران و گەڕان دەکەیت، یان ئەو دەمانەی خەڵک لە سەیرانە، وەک من لە باڵکۆنەکە تاکوتەنیا مژی قووڵ لە جگەرە دەدەیت؟..

ئازیزەکەم. ڕەنگە ئەم نامەیەی من کە بەپێنووس و لەسەر پەڕە کاغەز نووسیومە لەم سەردەمەدا تەنیا بۆ مۆزەخانە و ئەنتیکەخانە باش بێت، دەنا کەی باوی خۆشەویستی و قسەی قۆڕ ماوە، کوا تەکنۆلۆجیا هەستی لە مرۆڤدا هێشتووە.

کە دەبینم گەنجانی ئێستە بەمۆبایل قسە لەگەڵ خۆشەویستانیاندا دەکەن، نامەکانی جارانم لا خۆشەویستتر دەبێت، ئەو نامانەی شەوان بەخوێنی دڵ لە لاپەڕەکاندا دەمنووسین و سبەینان لە ڕێی قوتابخانە بەپێچراوەیی و هەزار ترس و لەرزەوە دەمدایە دەستت، ئای شیعرەکەی دڵشاد مەریوانی چەند بەجوانی باسی لەو چرکەساتە کردووە "کچێ جورئەت لە کوێ بێنم. نامەی گیرفانم دەربێنم".

کە دەبینم گەنجی ئێستە بە وەنەوشە و هامەر و بیکاشۆوە کچە دڵدارەکانیان لەسەر شەقامەکان سەر دەخەن، یادی شیرینی ئەو ڕۆژانە دەکەمەوە کە لە پاسی پۆڵۆنیدا لە تەنیشت یەکەوە دادەنیشتین و بەدزییەوە پارەی تۆشم دەدا.

کە دەبینم کچ و کوڕی گەنجی ئەم زەمانە بە چاتی ئەنتەرنێت یەکدی دەدوێنن، ئاخ بۆ ئەو ڕۆژانە هەڵدەکێشم کە بەسەعات لای وێستگەی پاسەکانی سەرچنار چاوەڕێی تۆم دەکرد "هەموو ڕۆژێ لەبەر سەیری بتی ئەو بەژن و باڵایە.. لەسەر ڕێیا ڕائەوەستم هەتاکو ئاوی پێم دایە".

ئازیزەکەم. تۆ بزانە خۆشییەکانی ئەم سەردەمە چەند تاڵن. تەکنۆلۆجیا هیچ بوارێکی بۆ خۆشەویستیی کچە دراوسێ نەهێشتووەتەوە، جاران گۆرانییەکان فێری خۆشەویستیی تۆی دەکرم "ئەی هاوسێکەی بەر پەنجەرە. تکات لێ دەکەم توخوا وەرە"، بەڵام بزانە ئێستە تەکنۆلۆجیا گۆرانیی کوردی بەچی گەیاند "ریتا ریتا وەرە لام.. بێ تۆ تاریکە دنیام/ تۆ قولە ڕەشی قاچ باریکی قەیناکە!!".



# هەڵبژاردن حیزب دەباتەوە نێو زانکۆ

**سارا حاجی**
**ڕووداو-سلێمانی**

لەگەڵ دەستپێکردنی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، لیستە رکابەرەکان دەیانەوێ لە دەرگای زانکۆوە بچنە ژوورەوەو بانگەشە بگەیێننە خوێندکارانی زانکۆش، لەبەرامبەردا خوێندکارانی زانکۆ نیگەرانن لەچوونە ژوورەوەی حیزب و پێیانوایە ئەوە جۆرێکە لە دەستوەردان لەکاروباری زانکۆ. وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "حکومەت ڕازی نابێت هیچ داوودەزگایەکی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکار بێت".

ڕۆشنا شۆڕش، خوێندکاری قۆناخی سێیەمی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، هۆکاری سەرەکی خوگرتنی خوێندکارانی زانکۆ بە هەڵبژاردنەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە تائێستاش ناوەندەکانی خوێندن حیزب تێیاندا زاڵە "ئەوەش وایکردووە کاتێک هەڵبژاردن نزیک دەبێتەوە، هەموومان ئامانجە سەرەکییەکەی خۆمان کە خوێندنە بیر بچێتەوەو بەجۆرێک لە جۆرەکان ببینە سیاسی". ڕۆشنا پەیوەستبوونی توندی خوێندکاران بەسیاسەتەوە بە "هەڵە" دادەنێ و دەڵێ "چونکە جاری واهەیە گفتوگۆی نێوان خوێندکاران لە گۆڕینەوەی بۆچوون تێدەپەڕێت و شێوازی توند بەخۆیەوە دەبینێت کە ئەمە بەکاری خوێندکار نازانم".

بە بڕوای بەشێک لە خوێندکاران، سیاسەت بەشێکی دانەبڕاوی ژیانە و دەبێ خوێندکارانیش جێ پەنجەیان لە سیاسەتکردن دیار بێ. ناز حوسێن، خوێندکاری قۆناخی چوارەمی جوگرافیا لەزانکۆی سلێمانی دەڵێت "سیاسەت

## کە هەڵبژاردن نزیک دەبێتەوە، هەموومان دەبینە سیاسی

خوێندکارێکی زانکۆ

بەشێکە لە ژیان، بەڵام ئێمە تەنها لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بیرمان دەکەوێتەوە". ئەو خوێندکارە بەنیگەرانییەوە دەڵێ خوێندکاران لە هەڵبژاردن هیچ ڕۆڵیان نییە "دەبین بە سەیرکەری سیاسییەکان و وەکو توتی قسەکانیان دووبارە دەکەینەوە". ناز پێی خراپ نییە ئەگەر خوێندکارانی زانکۆ ڕۆڵیان هەبێت لەهەڵبژاردنەکاندا، بەڵام نەک بە شێوەیەک هەڵبژاردن کێشە بخاتە نێو خوێندکاران و ململانێکان سنووری قسەی ناشرین و ناو ناتۆرە خستنە پاڵ یەکتر بگرێتەوە.

## حیزب زانکۆی کۆنترۆڵ کردووە

سەرکردەیەکی گۆڕان

ماوەیەکی زۆرە جیاکردنەوەی حیزب لەحکومەت و سەربەخۆیی زانکۆکان بووەتە بابەتێکی سەرەکی گفتوگۆکان لە کوردستان، ساڵێک لەمەوبەر تاڵەبانی پرۆژەیەکی چاکسازی ڕاگەیاند، کە بە سەربەخۆیی زانکۆکان و دادگاکان دەستپێدەکات. بەڵام ئۆپۆزسیۆن بەردەوام ئەوە دەڵێت کە دەستوەردانی حیزب لەکاروباری زانکۆکان بەردەوامە.

عوسمان بانیمارانی، یەک لەسەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، لەم وڵاتەی ئێمەدا هەموو شتێک حیزبی تێدایە "یاسا حیزبییە، حکومەت حیزبییە، داوودەزگاکان حیزبین، شتێک نییە بەناوی حکومەتی سەربەخۆ". بانیمارانی گوتیشی "لەبەرئەوەی خوێندکارانیش بەشێکن لەم وڵاتە، بۆیە ناچارن بۆ خەفەکردنی ئارەزووەکانی خۆیان دابەش ببن بەسەر حیزبەکاندا کە ئەمەش کاریگەری دەبێ لەسەر هەڵسوکەوت و مامەڵەی خوێندکاران لەکاتی هەر گۆڕانکارییەکی سیاسیدا".

## کۆڕ و کۆبوونەوە بەستن لەنێو زانکۆدا نایاساییە

مامۆستایەکی زانکۆ

ئەو سەرکردەیەی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، لێرە حیزب خۆی بە خاوەنی زانکۆو خوێندکارانیش دەزانێت "حیزب چۆن دەستی ناوەتە ناو گەدەی خەڵک، ئاواش زانکۆی کۆنترۆڵ کردووە، بۆیە سەیر نییە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا هەموو شێوازێکی یاسایی و نایاسایی بگرنە بەر لەنێو زانکۆدا بۆ ڕاکێشانی دەنگی خوێندکار بەلای خۆیاندا".

مامۆستایەکی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی، بەشداریکردنی خوێندکارانی زانکۆ لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەحەرام نازانێ و دەڵێ هەرچەندە بانگەشەکردن لەنێو زانکۆدا کارێکی نایاساییە، بەڵام ئێمە دەبێ لێرەدا دوو لایەن جیابکەینەوە "لایەنێکیان بانگەشەی ئاشکرایە، کە ئەمە ڕێگەی پێنەدراوەو نایاساییە، لایەنی دووەمیش بەهۆی پەیوەندییە تایبەتیەکانەوە دەکرێت کە ئێمە ناتوانین ڕێگەی لێبگرین بەمەرجێک نەبێتە هۆی دروستبوونی کۆڕو کۆبوونەوەو بانگەشەی ئاشکرا". مامۆستا هەڤاڵ ئەبوبەکر گوتیشی "هیوادارم خوێندکارانی زانکۆ بتوانن لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی ئیجابیان هەبێ، چونکە خوێندکار لە یەک کاتدا دەتوانێ بخوێنێ و لە بابەتێکی ئاوا چارەنووسسازیشدا ڕۆڵێکی چالاکانەی هەبێ".

# هەندێ لە گەنجانی هەولێر حەزدەکەن بۆ بانگەشە بچنە سلێمانی

## گەنجێکی هەولێر: هەراکەی سلێمانی شەوان زۆر خۆشە

**ئاری عوسمان**
**ڕووداو-هەولێر**

ئەوە چوار ڕۆژە شوان عەلی، لە شاری سلێمانییە و شەوانە شانبەشانی بانگەشەکاران لە شەقامی سەهۆڵەکەی سلێمانی، بانگەشە بۆ ئەو لیستە دەکات، کە حەز دەکات زۆرترین نوێنەری بچێتە بەغدا. شوانی تەمەن 20 ساڵ، کە دانیشتووی شاری هەولێرە، پەشیمانە کە لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن نەچووەتە سلێمانی و دەڵێت "هەراکەی سلێمانی شەوان زۆر خۆشە، بەڵام شەوانی هەولێر لە گۆڕستان دەچێ و گوێت لە هیچ نابێ". شوان بەڵێنیداوە تا دوای هەڵبژاردن نەگەڕێتەوە هەولێر.

بەشێک لە گەنجانی هەولێر حەزدەکەن بانگەشەی هەڵبژاردن زۆرترین گەرموگوڕی بەخۆیەوە ببینێ، بەهۆی ئەوەی بانگەشە لە هەولێر زۆر بەساردی بەڕێوەدەچێ و لە سلێمانی گەرموگوڕییەکی زۆری پێوەدیارە، بۆیە دەچنە سلێمانی و شانبەشانی بانگەشەکارانی سلێمانی لەسەر شەقامەکان بانگەشە بۆ لیستەکانیان دەکەن.

بەڵام لە هەمانکاتدا زۆر لە خەڵکی هەولێر پێیانوایە کە شارەکەی ئەوان لە دۆخێکی ئارامدایە و ئەگەر بانگەشەکردن تێیدا وەک سلێمانی لێبێت لەوانەیە دۆخی هەولێریش ئاڵۆزی تێبکەوێت وەک سلێمانی و ڕێ لە ژیانی ئا سا یی هێمنانەی خەڵکی هەولێر بگیرێت، کە سروشتێکی هێمنانەی هەیە. "لەهەولێر خەریکە دڵم بتەقێ، هەر دەچم بۆ سلێمانی"، ڕەزا محەممەد، ئەگەر لەبەر خوێندنەکەی نەبووایە دەمێک بوو لە سلێمانی بوو، ئەو لە هەڵبژاردنی 25ی تەمموز بۆ ماوەی دوو هەفتە شەوانە شەقامی سەهۆڵەکەی سلێمانی بەرنەدا، ڕەزا گوتی زۆربەی هاوڕێ نزیکەکانی ئێستا لە سلێمانین و ئەو بە تەنیا لە هەولێر ماوەتەوە "هاوڕێکانم پێمدەڵێن بۆ نایێی، هەرایەکە وەکو رابردووە، خەریکە دڵم بتەقێ، ئەگەر بۆ یەک ڕۆژیش بێ هەر دەچمە سلێمانی".

شاری سلێمانی بە پێچەوانەی شارەکانی دیکەی کوردستان سروشتێکی زۆر زیندووی هەیە و دانیشتووانەکەی زۆر بە زوویی خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان ڕادەهێنن، بەهۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی ڕابردوو، زۆربەی دانیشتووانی ئەو شارە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن پشتیوانی خۆیان بۆ بزووتنەوەکە ڕاگەیاند و لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنیش زۆربەی کاتەکانی شەویان لە شەقامەکان بە تایبەتیش شەقامی سالم بردە سەر.

ئەمساڵیش لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن، شەقامەکانی سلێمانی بە هەوادارانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی گۆڕان کەوتنەوە جۆش و خرۆش، هەڵمەتەکە بە جۆرێک گەرموگوڕ بوو شەڕە تەقەی تێکەوت و تائێستاش نزیکەی 6 کەس برینداربوون. دوای ئەوە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بڕیاری قەدەخەکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنیدا لە کاژێر 9ی شەو تاوەکو 6ی بەیانی.

گەرموگوڕی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە شاری سلێمانی سەرنجی گەنجانی شارەکانی دیکەشی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، بە تایبەتیش گەنجانی هەولێر. دیاری شەریف، 21 ساڵ، کە قوتابی زانکۆیە، حەز دەکات بچێتە سلێمانی بۆ پشتیوانی لیستەکەی، دیاری گوتی "لە هەڵبژاردنی ڕابردوو 20 ڕۆژ لە سلێمانی مامەوە لەوێ گرووپێکمان دروستکردبوو بۆ پشتیوانی لیستەکەمان، بۆیە دەمەوێ ئەوجارەش بچمەوە سلێمانی تاوەکو لەگەڵ گرووپەکەم پشتیوانی لیستەکەمان بکەین، بەڵام لەبەر خوێندن کەمێک دوا دەکەوم". زۆر لە برادەرانی دیاری چوونەتە سلێمانی بۆیە دەڵێت "سکم بە خۆم دەسووتێ، کە بە تەنیا لێرە ماومەتەوە".



## هەڵبژاردن، بەغدا دێنێتەوە یادی گەنجانی کوردستان

پایتەختە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە مێژووی زیاتر لە هەشتا ساڵەی عێراقدا، پەیامێکی خۆشی لێوەنەهاتووە بۆ کوردستان، جگە لەماڵوێرانی و فەرمانی کشتوبڕ. ئێستاش دەسەڵاتدارانی بەغدا، جارجار نیاز خراپی خۆیان نیشانی کورد دەدەنەوە. ئەوەش بۆ گەنجانی لە ئازادی دا گەورەبوو جێی مەترسییە.

سوهەیب عەبدوللەتیف، 28 ساڵ، لایەنگرێکی یەکگرتووی ئیسلامییە لەشاری سلێمانی، ئامادەیی خۆی نیشاندەدات بەشداریی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بکات و بانگەشەیەکی گەرموگوڕ بۆ لیستی حیزبەکەی بکات. سوهەیب لەوباوەڕەدایە، سیاسەتەکانی بەغدا وا دەکات دەنگدەری کورد بەتایبەت گەنجان بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان "هەر چیمان کردووە، دەبێ بۆ بەغدا بەقورساییەکی زیاترەوە نوێنەر بنێرین، چونکە ئەگەر ئەوێش مسۆگەر بکەین دەتوانین بڵێین هەرێمێکی مەیومان هەیە. بەغدا بۆ ئێمە پڕ مەترسیترین تەڵەیە کە دەتوانێ زووتر بمانکاتە نێچیر". جگە لە بەغدا، سوهەیب مەبەستییەتی لەم هەڵبژاردنەدا سەنگ و قورساییەک بەحیزبەکەی خۆی، یەکگرتووی ئیسلامی، بداتەوە کە لە هەڵبژاردنی 25 ی تەممووزی ڕابردوو بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەهۆی هاوپەیمانی لەگەڵ سێ حیزبی دیکەدا، کورسییەکانی لە پەرلەمانی کوردستان لە کەمیداو لە 9 کورسی پێشووتری هاتەوە سەر 6 کورسی.

لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی بانگەشەکانی هەڵبژاردن شەقامە سەرەکییەکانی شاری سلێمانی، خێرا پڕبوون لە پۆستەرو فلێکسی لیست وکاندیدەکان، لایەنگرە گەنجەکانی لیستی گۆڕان بەڕیزبەستنی ئوتۆمبێل و بەرزکردنەوەی ئاڵا نیلییەکەیان، گەرموگوڕی بانگەشەیەکی گەرمیان نیشاندایەوە. لەبەرامبەر ئەواندا لیستەکانی دیکە بە بێدەنگی پۆستەرو ئارمی لیستەکانیان بە دیوارەکاندا هەڵواسی، ژیار کەمال، 19ساڵ، بەدیار هەڵواسینی پۆستەری لیستی هاوپەیمانی سەری ڕەزامەندی بۆ کاندیدەکان دەلەراندەوە کە ژیاننامەو بڕوانامەکانی خۆیان لەسەر نووسیبوو، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "وادەزانم هەر ئەوان دەتوانن مافەکانمان لەبەغدا وەربگرن، بۆیە دەنگیان پێدەدەم و تا بۆم بکرێ بانگەشەشیان بۆ دەکەم". ژیار گەرموگوڕییەکانی لایەنگرانی گۆڕان بە کاتی دەزانێ و دەڵێ "هیچ نییە، ئێستا بەدەرفەتی دەزانن کە مەیدانەکە جارێ چۆڵە کە ئێمە هاتین ئەوان دەبنە کەمینە".

سەرەتای بانگەشەکانی هەڵبژاردن لەشاری سلێمانی، بەگەرموگوڕی دەستی پێکردو پێدەچێ بەنزیکبوونەوەی کۆتاییەکانی بانگەشە ئەم گەرموگوڕییە زیاتربێت. ئەو گەنجانەی سووربوونی خۆیان لەسەر دەنگدان ڕادەگەیەنن، جگە لەگرنگیدان بەسەنگی سیاسیی کورد لەبەغدا، بایەخێکی زۆریش بەتووندکردنەوەی ململانێ نێوخۆییەکان دەدەن لەکاتی ئاهەنگەکانی بانگەشەدا.

لەترسی دووبارە بوونەوەی ئەزموونی بانگەشەکان لە مانگی تەممووزی ساڵی ڕابردوو لەشاری سلێمانی، هێزە ئەمنییەکان لەو شارە ڕایدەگەیێنن "ئامادەکارییەکی تەواومان کردووە بۆ ڕێگەگرتن لە هەر ڕووداو و پێشهاتێک کە ببێتە هۆی تێکدانی ڕەوشی بانگەشەکان"، جگە لەپەیامێکی پۆلیسی ئەو شارە، ئاسایشی گشتی هەرێمی کوردستانیش لەسلێمانی دوو هەفتە بەر لەدەستپێکردنی بانگەشەکان، هۆشداریی ئەوەیدایە هەوادارانی لیست و قەوارەکان، کە ئارامی شەقامەکان بپارێزن و خۆیان لە هەڵەشەیی و ئاژاوەگێڕی دوور بگرن.



**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-سلێمانی**

شاخەوان و بێستوون، ئامۆزای یەکترن، بەڵام بەسەر هەردوو لیستی گۆڕان و هاوپەیمانی کوردستاندا دابەشبوون. ئەوان بڕیاریانداوە هەتا پێیان بکرێ کار بۆ لیستەکانیان بکەن، بەڵام شتێک کە وایان لێدەکات لەیەکتر دوور نەکەونەوە، خزمایەتییەکەیانە و سەنگی کوردە لەبەغدا.

شاخەوان کەریم، تەمەن23 ساڵ، کە لایەنگری بزووتنەوەی گۆڕانە دەڵێ "وەک چۆن لەکوردستان داوای گۆڕانمان کرد، داوای گۆڕان لە بەغداش دەکەین"، دەستی ڕاستی دەخاتە سەرشانی بێستونی ئامۆزای و دەڵێ " ئێوەش لەم گۆڕانەدا لەگەڵ ئێمەن". بێستونیش وەڵامدەداتەوە "حەتمەن هەروا دەکەین".

بەغدا بۆ گەنجی ئەمڕۆی کورد لەباشووری کوردستان، هەرگیز شارە پایتەختە ڕاستەقینەکە نییە، چونکە ئەو

# کۆمەڵایەتی

## هێلین سووتا



رووداو-هەولێر
رۆژی 2010/2/17 لە گەڕەکی سێتاقانی هەولێر کچێک بەناوی هێلین.خ، 17ساڵ، لە ناو ماڵەکەیان سووتا. سەرچاوەیەک لە پۆلیسی هەولێر، بە(رووداو)ی راگەیاند، بەپێی ئیفادەی خێزانی کچەکە، بە هۆی تەقینی سۆباوە ئاگر لە جەستەی بەربووە "دەڵێن بەهۆی گرگرتنی سۆباوە ئاگر لە ماڵمان بەربووەو هێلین سووتاوە، تا گەیشتووینەتە رووداوەکە لاشەی هێلین بە ڕێژەیەکی زۆر سووتا".

# تەرمی دوو ژنە عەرەب لە گۆڕستانێکی هەولێر فڕێدەدرێن



سۆران بەهائەددین
Soran2025@yahoo.com

رووداو-هەولێر

رۆژی 2010/2/15 تەرمی دوو ژنی عەرەب لە نێو ئۆتۆمبێلێک لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لە هەولێر دۆزرانەوە، بەڵام تائێستا هۆکاری کوژرانەکەیان دیار نییە.

تەرمی هەردوو ژنەکە لەلایەن قورئانخوێنێکی گۆڕستانەکە دۆزرانەوە، ئەو قورئانخوێنە بە (رووداو)ی راگەیاند "تازە هاتبوومە گۆڕستانەکە، لەناکاو پیاوێک کە خەریکی گۆڕەکان بوو، رەنگی زەرد ببوو، بە راکردن هاتە لام، هەموو جەستەی دەلەرزی گوتی دوو کەس بە کوژراوی لێرە فڕێدراون". دوای بینینی تەرمەکان قورئانخوێنەکە و پیاوەکە پەیوەندی تەلەفۆن بۆ هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش دەکەن و لەرووداوەکە ئاگاداریان دەکەنەوە.

قورئانخوێنەکە گوتی "یەکێک لە ژنەکان لە پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە بەلادا کەوتبوو، چاکەت و پانتۆڵێکی رەشی لەبەردابوو، گوللەیەکی لە سەری درابوو مێشکی لەگەڵ رژا بوو، ئەوی دیکەش لە دواوەی ئۆتۆمبێلەکەبوو سەرەتا وامانزانی پیاوە، بەڵام کە هێزەکانی پۆلیس هاتن، دەرکەوت ئەویش ژنە و بەهەمانشێوەی ژنەکەی دیکە گوللەیەکیان لە سەریدابوو".

سەرچاوەیەک لە پزیشکی دادوەری کوردستان لە هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو دوو ژنە بە گوللە کوژراون، گوللە بەسەریان کەتووە "بە مردوویی هێنرانە نەخۆشخانەکەمان، دوای ئەوەی رۆژێک لەنێو بەفرگرەکانی نەخۆشخانە مانەوە، یەکێکیان خاوەنی هات کە خەڵکی کەربەلا بوو، عەرەب بوون، بەڵام ئەوەی دیکە تائێستا نەناسراوە، چونکە هیچیان ناسنامەیان پێ نییە".

ئەو ئافرەتەی تەرمەکەی بردرایەوە، باوکی تەرمەکەی بردەوە، بەڵام بە پۆلیسی گوتبوو ژنەکەی دیکە ناناسم. سەرچاوەکەی پزیشکی دادوەری زانیاری زیاتر لەبارەی تەرمەکانەوە دواو گوتی "هەردووکیان تەمەنیان نزیکەی 20 ساڵ بوو و لەیەک کاتیشدا کوژراون".

عەمید عەبدولخالق تەلعەت بەڕێوبەری پۆلیسی هەولێر بە (رووادو) راگەیاند" هێشتا نەگەیشتووینەتە کۆتایی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە کوشتنی ئەو دوو ژنە"، بۆیە ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک لەو بارەوە بدات.

ئەو دوو ژنە لە ناو ئۆتۆمبێلێکی قەمەرەی جۆری کیا، رەنگ سپی، ژمارەی هەولێر، مۆدیل 2009 بوونە، وەک قورئانخوێنەکە باسیکرد گوللە بە ئۆتۆمبێلەکەش کەوتبوو، واتە هەر لەناو ئۆتۆمبێلەکە کوژرابوون.

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەهەولێر ئاماژەی بەوەدا زانیاری تەواویان لەسەر کوشتنی ئەو دوو ژنە نییە "لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوە تەواو نەبووە، ناتوانین قسەی لەسەر بکەین".



شوێنی ئەو ئۆتۆمبێلەی کە دوو ژنە عەرەبەکی تێدا کوژرابوو (فۆتۆ: رووداو)



تامان شاکر

# یەکێتی نێرنووسەرانی کورد

نووسین بەرپرسیارێتییە و ئامانجی گۆڕانکارییە لە کۆمەڵگەدا، نووسەرانی کوردیش ساڵانێکی زۆرە دەنووسن و هەزاران لاپەرەیان رەشکردووەتەوە، بەڵام نەیانتوانی گۆڕانکارییەکی گەورە لە کۆمەڵگەدا بکەن، چونکە گۆڕانکاریان لە خودی خۆیاندا نەکردووە.

جوانترین دەقە شیعری و ئەدەبی و رۆمانەکان، بە خەیاڵ و عەشقی ژن نووسراون، ئەگەر ژن و جەستەی ژن نەبووایە، پێموایە ئەم شاکارانە هەرگیز لە دایک نەدەبوون. بۆیە ناکرێ ژن لە دونیایی نووسین و بیرکردنەوەی خودی نووسەران جیابکەینەوە. یەکێتی نووسەرانی کوردستان دەمێکە خۆیان جیاکردووەتەوەو تەنها کار بۆ پیاوەکان دەکەن و ژنانیش وەک کەرەستەی نووسین بەکاردەهێنن، زۆر ئاساییە بە لایانەوە ژنێک کە هەمیشە داگیری کردوون و هەوێنی نووسینەکانیان بێت، بە لایەوە بنێن لەسەر کورسییەکان.

یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە ساڵی 1991وە کۆنگرەی نەبەستووەو نایەوێ خۆی نوێبکاتەوەو ئەندامی تازە وەربگرێت. هەفتەی رابردوو لقەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکووک دیدارێکیان لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح هەبوو، یەک ژنی نووسەری ئەم وڵاتەی تێدا نەبوو، هەمووی هەر نێر نووسەرەکان بوون، ئەوانەی خۆیان بەدۆستی ژن دەزانن و سەدان شیعر و چیرۆکیشیان بۆ ژن نووسیوە.

دەبێ بپرسین ئایا هەر چوار لقەکەی یەکێتییەکە ئەندامێکی ژنیان نەبوو بۆ سوێند بیبەن لەگەل خۆیان، دەبێ نێر نووسەرانی کورد دان بەقەڵەمی ژنان دابنێن؟ یان نووسینی ژن بەوڕێنە دادەنێن.

هەمووومان ئەوە دەزانین کە سەرۆکی حکومەت ساڵانێکی زۆر لە دونیایەک ژیاوە، دونیای ژن و پیاو بووە و هەمووان بەشداریان لە ژیانی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتیدا کردووە، سەرۆکی حکومەت باش دەزانێ کە نووسەران و بیرمەندانی دونیا توانییان دونیا بگۆڕن و ئەو دونیایەی کە ئەو بینی و تێیدا ژیا بەرهەمی فکری رۆشنبیران و نووسەرانی ئەوروپی و ئەمریکی بوو.

کاتێک پێشوازی لەو نووسەرە پیاوانە کرد نازانم چۆن بەخێرهاتنی کردن، دەبووایە ئەم کۆبوونەوەی دوابخستایە و بەتەنها لەگەڵ پیاوەکان دانەنیشتایە.

نووسەران و رۆشنبیران زۆر جار لە کۆمەڵگە نازی ئەوە بەسەر خەڵکدا دەکەن، کە گوایە ئەوان زۆرتر تێدەگەن و نەک بۆخۆیان لەجیاتی خەڵکی دیکەش بیر دەکەنەوە، کەچی بیرکردنەوەی ئەوانیش بەرامبەر بەهەندێک شت وەک بیرکردنەوەی پیاوێکی ئاسایی ئەم کۆمەڵگەیە، کە ژیان دەرفەتی نەداوە دوو حەرف فێربێت و بۆ خەڵک و لەجیاتی خەڵک بیربکاتەوە. بەرهەمی ئەم جۆرە کارو بیرکردنەوانەیە کە نووسینی کوردی نەیتوانی تاکێکی سەربەخۆ و مرۆڤێکی باڵا دروست بکات، جیا لەو نێر نووسەرانە بیربکاتەوە.

## خەتەنەکردنی کچان لە کوردستان کەمدەبێتەوە

# 10%ی ژنانی کوردستان لە داهاتوودا کچەکانیان خەتەنە دەکەن

رووداو-هەولێر

### دهۆک کەمترین و کەرکووک زۆرترین ڕێژەی لێ یە

بەپێی راپۆرتی رێکخراوی وادی ئەڵمانی81%ی ژنانی کەرکووک و گەرمیان، 77%ی ژنانی سلێمانی، 63%ی ژنانی هەولێر خەتەنە کراون. بەڵام لە دهۆک تەنیا 7%ی ژنان خەتەنەکراون. بەپێی هەمان راپۆرت 10%ژنانی کوردستان دەڵێن لە ئایندەدا کچەکانمان خەتەنە دەکەین.

خەتەنەکردنی کچان دیاردەیەکە لە زۆر وڵاتی ئیسلامی و ئەفریقی هەیە، لە جیهاندا 100-140ملیۆن ژن خەتەنەکراون، ساڵانە نزیکەی 3ملیۆن کچ لە جیهاندا خەتەنە دەکرێن، لە 28 وڵاتی ئەفریقی خەتەنە کردن هەیە، کوردستانیش یەکێکە لەوکۆمەڵگەیانەی کە خەتەنەکردنی کچانی تێدا هەیە.

وادی رێکخراوێکی ناحوکمی ئەڵمانییە، 18ساڵە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بواری پەرەپێدانی کاری مرۆییدا کار دەکات، لەساڵی 2005وە لە کوردستان هەوڵی بنبرکردنی خەتەنە دەدات، تابەپێی یاسا قەدەغە بکرێت. رێکخراوی ناوبراو راپۆرتی ساڵانەی خۆی لەبارەی خەتەنەی مێینە لە کوردستان لە پرێس کۆنفراسێکدا خستەڕوو بەناونیشانی (خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستانی عێراقدا).

ریکخراوی وادی بۆ راپۆرتەکەی پشتی بە راپرسی بەستووە، لەنێوان ژنانی تەمەن سەرووی 14ساڵ، زانیارییەکانی راپۆرتەکە پشت بە 1408چاوپێکەوتن دەبەستێ، کە 565 چاوپێکەوتن لەهەولێر، 534 لە سلێمانی، 309 لە گەرمیان و کەرکووک، لە دهۆکیش چاوپێکەوتن لەگەڵ 284 کەس کردووە.

بەگوێرەی راپرسییەکەی وادی، 77%ی ژنانی سلێمانی، 81%ی ژنانی کەرکووک و گەرمیان،63%ی ژنانی هەولێر خەتەنەکراون، بەڵام لە دهۆک تەنیا 7%ی ژنان خەتەنەکراون.

### ئەوەی کچان خەتەنە بکات سزادەدرێ

ئاری رەفیق، بەڕێوبەری گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ، ئاماژەی بەوەدا کەموکوڕییەکی زۆر لەو راپرسیانەدا هەیە، چونکە ناکرێت 1400 کەس بکەیتە پێوەر بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەڵێت لەم چەند ساڵەی دوایی خەتەنەکردنی کچان زۆر کەمبووەتەوە "ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی حکومەت خەتەنەکردنی کچانی قەدەغە کردووە، بەتایبەتی وەزراەتی تەندروستی بووەتە بەربەرستێک بۆ خەتەنەکردن".



وەک لە راپۆرتەکەدا هاتووە لە هەولێرو سلێمانی و کەرکووک 57%ی کچانی خوار تەمەنی 20ساڵی خەتەنە کراون، 73%ی خەتەنەکراوان تەمەنیان لەنێوان 30 39-ساڵیدایە، 84%ی خەتەنەکراوانیش تەمەنیان لەنێوان 50-59 ساڵیدایە، هەروەها ژنانی سەرووی تەمەن 80 ساڵیش 90%یان خەتەنەکراون.

لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لە خولی رابردووی پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسایەکی دژ بە خەتەنەکردنی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، بەڵام پرۆژە یاساکە تەنیا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، بەبیانوی ئەوەی دیاردەکە بەوشێوەیە بەربڵاونییە یاسای بۆ دەربکرێ لەبەرنامەی کاری پەرلەمان دەرهێنرا، دواتر پرۆژە یاساکە بە 3 خاڵ خرایە نێو پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی.

لە پرۆژە یاساکەدا سزا بۆ ئەو کەسانە دانراوە کە کچان خەتەنە دەکەن، ئەوەی کارەکە دەکات و برەوی پێدەدات، سزاکەی جیاوازە. ئەوەی پزیشک بێت یان کارمەندی وەزارەتی تەندروستی بێت سزاکەی دوو بەرانبەری ئەو کەسەیە کە لەناو ماڵان خەتەنە دەکات، سزاکەی بەندکردنی 15ساڵ و سزای دارایی 10-15 ملیۆن دیناری تێدایە.

گەشە دارا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی لێژنەی بەرگری لەمافی ژن لە پەرلەمان، بە (رووداو)ی راگەیاند ئێستا خەریکن لەسەر ئەو پرۆژەیاسایە کاربکەن و تەواوی بکەن "لە پرۆژە یاساکەدا ئاماژە بەخەتەنەکردنی مێینە کراوەو بەتاوانێکی توندوتیژی دانراوە، ئێمە ناتوانین بەهیچ شێوەیەک ئەو دیاردەیە بنبڕ بکەین، بەڵام دەتوانین بەرەنگاری ببینەوە".

بەپێچەوانەوە ئەوانەی بەردەوام دەڵێن خەڵکی لادێنشینەکان زیاتر کچەکانیان خەتەنە دەکەن، بەپێی راپرسییەکەی وادی، 69%ئەو لادێنشینانەی وەڵامی پرسیارەکەیان داوەتەوە خەتەنەکراون، بەڵام 74% ئەوانەی لە شارو شارۆچکەکان دادەنیشن خەتەنە کراون. ئەو رێکخراوە هۆکاری ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە دانیشتوانی شارەکانی کوردستان زۆربەیان هەر خەڵکی لادێ بوونەو هاتوونەتە شار، بەڵام ئەوانەی لە لادێ لەدایکبوونە 41%یان دەڵێن کچەکەمان خەتەنەکردووە، بەڵام 25%ی ئەو ژنانەی لە شار لەدایکبوونە دەڵێن کچەکانمان خەتەنە کردووە.

### چۆن خەتەنە دەکرێن

زۆربەی ئەو کچانەی خەتەنە کراون، تائێستاش بەدەست ئازاری دەروونی خەتەنەکردنیانەوە دەناڵێنن، (ز.م) 21 ساڵ، تەمەنی 4ساڵان بووە کە لەلایەن ژنێکی دراوسێیانەوە خەتەنە کراوە "کە خەتەنەکرام ئازارێکی زۆرم هەبوو، پڕ بە دەمم هاوارم دەکرد و دەگریام"، ئەو کچە دەڵێ ئەگەر لە ئایندەدا ببێتە دایکی کچێک هەرگیز ئامادەنییە کچەکەی خەتەنە بکات.

توێژینەوەکە باسی چەند لایەنێکی دیکەی خەتەنەی کردووە، وەک ئەوەی 80% خەتەنەکراوان لە ماڵەوەو 13% لە ماڵە دراوسێ، 1 .0% لە نەخۆشخانە خەتەنەکراون، 99%یان بە مووس خەتەنە کراون، 1% بەچەقۆ خەتەنەکراون . 77%ی ژنان لە کاتی خەتەنەکردنی کچەکانیان ئامادەبوونە، بەڵام بەدەگمەن دایکان کچی خۆیان خەتەنە کردووە، بەڵام لە هەولێر 35%کچە خەتەنە کراوەکان لەلایەن داپیریانەوە خەتەنەکراون، لە سلێمانی 41%لەلایەن ئەو پیرەژنانەوە خەتەنە کراون کە ئەو کارە دەکەن.

ئاینی ئیسلام هانی موسڵمانانی نەداوە خەتەنە بکەن، بەڵام رێگریشی لێنەکردووە، لە 22-2006/11/23 کۆنگرەیەک لە زانکۆی ئەزهەر بەسترا بەناوی (کۆنگرەی زانایانی ئیسلامی جیهانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی نەهێشتنی تێکدانی کۆئەندامی زاوزێی ژنان) ئەو کۆنگرەیە بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستی ئیسلام لەکاری خەتەنەکردنی ژن بوو، پاشان فتوایەکیان دەرکردو گوتیان "هەرکارێک ببێتە تێکدان و شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژن، پێچەوانەی بەها بەرزەکانی ئیسلامە، بۆیە بە تاوان دەژمێردرێت و سزای لەسەرەو حەرامە".

### شیعە کەمتری سوننە خەتەنە دەکەن

خەتەنەکردن لە ناوچەکانی کوردستانیش بەپێی مەزهەب و نەتەوە دەگۆڕدرێت، 94%ی ئەوانەی بەشداری راپرسییەکەیان کردووە کوردی سوننەن و بەڕێژەی 75%خەتەنەکراون، بەڵام 23%ژنە شیعەکانی بەشداربووی راپرسییەکە خەتەنەکراون و 39%ی کاکەییەکانی بەشداربووی راپرسییەکە خەتەنەکراون. بەپێی راپۆرتێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مافی مرۆڤ، لە ناوچەکانی ئاکرێ و زاخۆ بەهیچ شێوەیەک خەتەنەکردنی کچان نییە.

32%ی خەتەنەکراوان ئیمامی مزگەوتەکان بە کارتێکردنی خەتەنە دەزانن 23%یان داو ونەریت و 19% ئاماژە بۆ دایکیان دەکەن و 21%ژنانی دیکە بە کارتێکردنی خەتەنە دەزانن، بەڵام تەنیا 8% ژنەکان مەلا بە پاڵپشتی خەتەنەکردن دەزانن.

پیشەی باوک کاریگەری هەبووە لەسەر خەتەنەی کچەکانیان بۆ نمونە ئەوانەی مامۆستان منداڵەکانیان بەدەگمەن خەتەنە کردووە، بەڵام ئەو کچانەی باوکیان جوتیارە 79%یان خەتەنە کراون. هەروەها بەپێی راپۆرتەکەی رێکخراوی وادی، 35%پیاوانی هەولێرو 85%پیاوانی کەرکووک و 70%پیاوانی سلێمانی ئاگاداری خەتەنەکردنی کچەکانیان بوونە.

### سکاڵا تۆمار ناکەن

وەک ئاری رەفیق، دەڵێت تائێستا هیچ کەسێکیان لەسەر خەتەنەکردنی کچان سزا نەداوە، چونکە خەتەنە لەناو خێزان دەکرێ، جگە لەوەش کەس ئامادە نییە سکاڵا تۆمار بکات، چونکە "لە منداڵی دەکرێت ئەوکات ناتوانن سکاڵا بکەن، کە گەورەش دەبن ئەو ئامادەییەی تێدا نییە سکاڵا تۆمار بکات".

بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە، خەتەنەکردنی کچان دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشەی دەروونی و سێکسی بۆ ژنان، هەروەها هەندێجاریش دەبێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشی ترسناک بۆ هەندێ ژن.

ژنان بەڕێژەیەکی زۆر دەڵێن خەتەنەکردن کێشەی بۆمان دروست نەکردووە، 73%ی بەشداربووەکانن، بەڵام 7%دەڵێن کێشەمان لەگەڵ مێردەکانمان بۆ دروستبووە لەسەر خەتەنە، 4%کێشەی دەروونی، 4%کێشەی تەندروستییان بۆ دروستبووە.

بەپێی راپرسییەکە خەتەنەکردن بەرەو کەمبوون دەچێت، چونکە "تەنیا 10%ی ژنان دەڵێن کچەکانی دیکەشمان خەتەنە دەکەین و 45%دەڵێن ئامۆژگاری کراوین خەتەنەی کچەکانمان نەکەین".



# ئەگەری کودەتای سەربازی هەڕەشە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکات

**رێبەند سەعدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

لەبەر رۆشنایی ئەو گریمانەیەی کە "رووداني هەموو شتێک چاوەڕوانکراوە لەعێراقدا"، بەهەند وەرگرتنی ئەگەری کودەتایەکی سەربازی لەسەروەختی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقدا شتێکی دوور لەچاوەڕوانی نییە بەپێی لێکدانەوەی هەندێ لە سیاسییەکان، بەتایبەتی ئەگەر پێشبینیکردنی شتێکی لەوجۆرە لەلایەن جێگری سەرۆککۆماری وڵاتەوە بێت.

رۆژی 2010/2/19، واتە هەفتەیەک دوای لە وڵاتێک کە خووی بەکودەتاوە گرتووە، ئێمە دەڵێین مەترسی پیلانگێڕی و بیرکردنەوە لەئەنجامدانی کودەتای سەربازی هەیە، نەک سەرکەوتنی کودەتاکە".

بابەکر زێباری پێیوایە لەبەرئەوەی دەسەڵاتی ئێستای عێراق بەدەنگدانێکی دیموکراسییانە لەسەر کارە، "بۆیە هەر کودەتایەک ئەنجامبدرێ، هاووڵاتیانی عێراق بە وەڵام دێن و قبووڵی ناکەن، جگە لەوەی دەسەڵاتی سوپا و پۆلیس و هێزە چەکدارەکانی عێراق لەلایەن هەموو پێکهاتە عێراقییەکانەوە بەهاوبەشی بەڕێوە دەبرێت".

چونکە هێشتا ئەگەری گەورە هەیە بۆ روودانی کودەتای سەربازی، بەتایبەتی کە زۆر لەگەورە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی عێراق لەسەردەمی سەدام حوسێنیشدا خزمەتیان کردووە.

سەرباری ئەوانەش، هەر کاتێک بەرژەوەندی ئەمریکا بکەوێتە سەر گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی ئێستای عێراق، ئەوا دەتوانێ پشتگیری کودەتایەکی سەربازی ناوخۆیی بکات و تەواوی سیستەمەکە هەڵبوەشێنێتەوە.

زۆر لەگەورە بەرپرسانی عێراقیش مەترسی راستەقینەیان لەو خاڵەدا چڕ دەبێتەوە کە رۆژێک دابێت ئەمریکا پشتگیری کودەتایەکی سەربازی بکات، چونکە هێشتا 100 هەزار سەربازی ئەمریکی لەعێراقن و پشتگیری هەر هێزێک بکەن، ئەو هێزە سەرکەوتن بەدەستدێنێت.

دەمێکە لەعێراقدا کودەتای سەربازی بووەتە کولتوورێکی جێگیر، لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی یەکەم کودەتای سەربازی لەعێراق لەلایەن فەریق بەکر سدقی لەساڵی 1936 دژی حکوومەتەکەی یاسین هاشمی لەسەردەمی مەلیک غازیدا ئەنجامدرا، لەو کاتەوە دەرگای کودەتا سەربازییە یەک لەدوای یەکەکان بەڕووی ئەفسەرە باڵاکانی عێراقدا کرایەوە و تا ساڵی 2003 هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی عێراقی لەڕێگەی دیموکراسییەوە دەستاوەدەستی پێنەکراوە، بەڵکو هەر جارێک رژێم گۆڕابێت سەرۆکی پێشوو کوژراوە یان دەربەدەر کراوە و دوورخراوەتەوە!

مۆتەکەی ئەنجامدانی کودەتا یەخەی عێراق بەرنادات، پێش ئەوەی نووری مالیکی پۆستی سەرۆکی حکوومەت وەربگرێ، کاتێک ئیبراهیم جەعفەری لە پۆستی سەرۆکایەتی حکوومەتدا بوو، ئەیاد عەللاوی سەرۆک وەزیرانی پێش جەعفەری چەند جارێک بەبێ ئەوەی داوەتکرابێت یاخود پێویست بێت لەڕێوڕەسمە سەربازییەکان و مارشەکانی سوپادا ئامادەبێ، دەچووە ئەو رێورەسمانە و سڵاوی لەسەربازان وەردەگرتەوە، لەو کاتەدا بۆ یەکەم جار لەعێراقی دوای سەدامدا دەنگۆی ئەنجامدانی کودەتا لەلایەن عەللاوییەوە بڵاوکرایەوە.

رۆژی 14ی ئەم مانگە محەممەد سالم غەبان، کاندیدی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی عێراق چەند زانیارییەکی نهێنی و تایبەتی ئاشکرا کرد لەبارەی نەخشەی ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی لەلایەن چەند ئەفسەر و فەرماندەیەکی سەربازی عێراقی کە لەپێگەی ئەمنی و سەربازی گرنگی عێراقدا کار دەکەن.

دووپاتیشی کردەوە یەکەم ئامانجی نەخشەی کودەتاکە کۆنترۆڵکردنی دەروازەکانی هەرچوار سەرۆکایەتییەکەی بەغدایە، دواتریش دەست بەسەرداگرتنی وەزارەتە ئەمنییەکان و بارەگا سەرەکییەکانی حیزبە گەورەکان.

غەبان کە کەسێکی نزیکە لەهادی عامری سەرۆکی لێژنەی ئاسایش و بەرگری پەرلەمانی عێراق، گوتی یەکێک لە ئەفسەرە ئاگادارەکان چەند زانیارییەکی وردی لەبارەی ئەنجامدانی کودەتاکە ئاشکرا کردووە.

زانیارییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە کودەتاچییەکان پەیوەندییان لەگەڵ ئەو کاندیدانە هەیە کە لەپرۆسەی هەڵبژاردنی عێراق دوور خراونەتەوە، هەروەها هاوکاریکردنی تەواویان لەلایەن وڵاتانی کەنداوی عەرەبییەوە روونکراوەتەوە.

هەروەک ئەوەش ئاشکرا کراوە کە کاندیدێکی گەورەی هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرپەرشتی نەخشەدانانی کودەتاکەی کردووە و خەریکی کۆکردنەوەی پشتیوانی بووە لە وڵاتانی دەوروبەری عێراق.



## هەر کودەتایەک بکرێ بەبوونی 100 هەزار سەربازی ئەمریکی سەرناکەوێت

سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق بۆ (رووداو)

لێدوانێکی نووری مالیکی سەرۆک وەزیران لەبارەی دووبارەنەبوونەوەی کودەتا لەعێراق، عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆک کۆمار لەهەڤپەیڤینێکدا گوتی "پێشبینی هەوڵی ئەنجامدانی کودەتا لەعێراق دەکرێ".

فەریقی یەکەم بابەکر زێباری سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق، لەبارەی ئەگەرێکی لەوجۆرە بۆ (رووداو) گوتی " ئێستا بەهیچ شێوەیەک زەمینەی ئەنجامدانی کودەتا لەعێراق نییە، نازانم بە چ شێوەیەک بیر لەئەگەری کودەتای سەربازی دەکرێتەوە".

گوتیشی حەوت ساڵە عێراق خەریکی دروستکردنی سوپایەکی نوێیە، کە زۆربەی هەرە زۆری ئەفسەرەکانی تازە پێگەیشتوون و بە "بیری دیموکراسی جۆشدراون، جگە لەوەی تازە خەریکە هاووڵاتیانی عێراق لەئازادیدا بژین و شەڕ و کوشتاری دەیان ساڵیان لەبیربچێتەوە".

بەڵام پەرلەمانتار وەلید شەریکە، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق، لێدوانەکەی جێگری سەرۆک کۆماری بە دوور لە واقیعی گۆڕەپانی سیاسی عێراق دانا و گوتی "سیستەمی ئاسایشی عێراق لەسەر بنەمای تەوافوق دانراوە، بۆیە ئەستەمە کودەتا روودبدات".

عەبدولمەهدی بۆ رۆژنامەی (الحیاه) لەبارەی بوونی پشتگیرییەکی ئەمریکی لەئەنجامدانی کودەتای سەربازی لەعێراق گوتی "بۆ نا؟ کاتێک ژمارەی چەکدارانی عێراق بگاتە نزیکەی یەک ملیۆن چەکدار و تەنیا لەبەغدای پایتەختدا چوار فیرقەی سەربازی و دوو فیرقەی پۆلیس هەبێ، وڵاتیش بەردەوام لەتەنگژەدا بێ، تۆ نازانی هەندێک پیاو بیر لەچی دەکەنەوە، بەتایبەتی



## کە ژمارەی چەکدارانی عێراق نزیکەی یەک ملیۆن بێ وڵاتیش بەردەوام لەتەنگژەدا بێ، تۆ نازانی هەندێکیان بیر لەچی دەکەنەوە

جێگری سەرۆک کۆماری عێراق

لەنێوەڕاستی ئەم مانگەدا نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق گوتی "هاووڵاتیانی عێراق دڵنیا دەکەمەوە جارێکی دیکە کودەتا لەعێراق روونادات‌ەوە و ئەو رۆژگارە بەسەرچوو".

ئەگەر کودەتا لەعێراق روویدات، ئەوا بەدەستی لایەنە سوننییەکان یاخود شیعە عەلمانییەکان بەهاوبەشی سوننە دەبێ، ئێستاش لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا زۆرترین ورووژاندنی سیاسی و تایفی هەستی پێدەکرێ و، رەنگە خاڵی بەهێزی ورووژانەکەش دوورخستنەوەی چەند سەرکردەیەکی دیاری سوننی بێت لەململانێی هەڵبژاردن، کە دیارترینیان ساڵح موتڵەگ بوو کە دوای دوورخستنەوەی و بێ هیوابوونی، هەڕەشەی بەکارهێنانی هەر رێگەیەکی کرد بۆ تۆڵەسەندنەوەی لەحکوومەتی عێراق! جگە لەوەی تەواوی وڵاتانی عەرەبی و دراوسێکان پشتگیری هێزە سوننە تۆراوەکان دەکەن و، لەوانەیە ئەنجامدانی هەر کودەتایەکیش لەعێراق لەبەرژەوەندی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و دراوسێکانیشدا بێت جگە لەئێران.

بەڵام سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق لەبارەی کاریگەری دوورخستنەوە و بێبەشکردنی چەند کاندیدێکی سوننی لەهەڵبژاردن بۆ (رووداو) گوتی "ساڵح موتڵەگ چی هەیە تا کودەتا بکات؟ ئێستا 100 هەزار سەربازی ئەمریکی لەعێراقن، هەر کودەتایەک بکرێ سەرناکەوێت".

رۆژی 10ی کانوونی دووەمی رابردوو، جۆن جیکێنز باڵیۆزی بەریتانیا لەبەغدا بەئاشکرا گوتی کە دامەزرانی سیستەمی دیموکراتی لەعێراق یەکلا نەبووەتەوە،

# هەڵبژاردن بۆ هەزاران کەسی بێکار وەرزی بووژانەوەیە

## قیستی دووەم دوای دەنگدانە



دوو کرێکار لە کاتی ئامادەکردنی رێکلامی پاڵێوراواندا

(فۆتۆ:AFP)

**رووداو- الحیاه**

لەدوای ساڵی 2003وە، هەمیشە وەرزەکانی هەڵبژاردن لەعێراق، هەندێ کارو پیشەی وەرزی و کاتی بۆ هەزاران بێکار و کەسابەتی دەرچووی زانکۆ لەگەڵ خۆیان دێنن، هەندێ پیشەی لەجۆری چاودێر لەگەڵ رێکخراوەکان یان قەوارە سیاسییەکان و یاخود کارکردن لەگەڵ کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و گەلێک کاری دیکە.

لەگەڵ دەستپێکی جموجوڵ و ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن، هەزاران گەنجی بێکار لەبەردەم نووسینگەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردندا کۆدەبنەوە، ژمارەیەکی دیکە روودەکەنە بارەگای حیزب و قەوارە سیاسییەکان کە رەنگە پێویستیان بەهەندێ کەس بێت بۆ ئەوەی لەبنکەکانی دەنگدان دا بیانکەنە چاودێرو رێگە لەپێشێلکاری و ساختەکاری بگرن.

هەرچەندە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان هەمیشە ئەو مووچەیە دوادەخات کە دەبێت بیداتە ئەو کارمەندانەی لەگەڵی کاردەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوانە بەپێی ئەزموونەکانی پێشووی کارکردنیان لەبواری هەڵبژاردن، دیسان هەوڵی خۆناونووسکردنەوە دەدەن بۆ پارەیەک کە ئەگەرچی درەنگیش دەگاتە دەستیان، بەڵام گرەنتییەو نافەوتێ.

حیزب و قەوارە سیاسییەکان پێویستیان بەکەسانێکە لەبنکەکاندا چاودێریی دەنگدانیان بۆ بکەن، چاودێرەکان زۆربەی جاران بە تەزکیەی ئەوانە دادەنرێن کە لەگەڵ حیزبەکان کاردەکەن. حیزبەکان هەروەها کۆمەڵێک خەڵکی دیکەشیان پێویستە بۆ پێوانەکردنی رای گشتی لەپێش هەڵبژاردن. بۆ ئەوان گرنگە بزانن جەماوەریان چەندەو پتر لە دەوری کام پاڵێوراو کۆدەبنەوەو چڕی جەماوەریان لە کام ناوچەیە.

هەڵبژاردن هەندێ کار و پیشە بۆ بەساڵاچووان و خانەنشینانیش دەستەبەر دەکات کە هەندێکیان لە رێگەی فۆرمی پێشتر ئامادەکراو لەلایەن حیزبەکانەوە سەرژمێریی دەنگەکان دەکەن. ئەوانە کاری مەیدانی دەکەن و دەچنە ماڵان و بەڵێننامە لەخەڵک وەردەگرن تاوەکو دەنگ بدەنە فڵانە لیست پاش ئەوەی فۆرمەکانیان پێ پڕ دەکەنەوە کە ناوی دەنگدەرو ژمارەی تەلەفۆن و کۆپییەکی کۆبوونی خۆراکەکەی و زانیاری دیکەی تێدایە. ئەو فۆرمە بۆ دڵنیابوونە لەوەی کە دەنگ بەلایەنێکی دیکە نادات و ئینجا بڕێک پارەشی دەدەنێ وەک قیستی یەکەم و قیستی دووەمیش دوای هەڵبژاردن. هەرچەندە ئەم رێوشوێنە، زۆر لە لیستەکان دەیگرنەبەر، پێچەوانەی پێوەرەکانی دیموکراسی و هەروەها پێشێلکردنی یاساکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانیشە، بەڵام هەندێک لەحیزبەکان پێیانوایە کارێکی شەرعییەو بۆ زانینی ئاستی جەماوەرییانە.

خانەنشینان و ئەوانەی بێ کارن، لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا هەلێکی زێڕینیان بۆ دەڕەخسێ تاوەکو لە زیاتر لە بوارێکدا کارێکیان دەستبکەوێ. هەندێک لەوانە سەرکێشی دەکەن و لەیەک کاتداو لەدوو ناوچەی جیاواز کار بۆ دوو حیزبی دژبەیەک و رکابەری یەکدی دەکەن. یان هەندێ جار بۆ سوود وەرگرتنی زیاتر لەو هەلە کاتی و تێپەڕەی کە هەر تەنیا مانگێک یان دوو مانگ دەخایەنێ، لەیەک کاتدا لەگەڵ کۆمسیۆن و یەکێک لە حیزبەکان کاردەکەن. دادوەر قاسم عەبودی ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران، لەوبارەوە گوتی "کۆمسیۆن هەوڵێکی زۆریداوە کادری گەنج لە دەرچووانی زانکۆ لەخۆی کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی وەکو چاودێرو فەرمانبەر لە بنکەکانی دەنگدان دا کاربکەن".

هەروەها گوتیشی " بۆ ئەم هەڵبژاردنە بە دەیان هەزار لاوی بێکار وەرگیراون و کاریشیان لەگەڵ کۆمسیۆن کۆتایی نایێ تاوەکو ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان رادەگەیێنرێ".

# شیعە و سوننە لە حیزبە ئیسلامییەکان دوور دەکەونەوە

**رووداو- شینخوا**

مەزەندە دەکرێت دانیشتووانی پارێزگای سەڵاحەدین دەنگ بە کەسانی سەربەخۆ و پارتە لیبراڵەکان بدەن، دوای ئەوەی لە چەند ساڵی رابردوودا حیزبە ئیسلامییەکان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا.

شەقامەکانی تکریت (ناوەندی پارێزگاکە) بە وێنەی جۆراوجۆری کاندیدەکان داپۆشراون، بەڵام هاووڵاتیان بە دەگمەن متمانەیان بەوان هەیە.

لە پارێزگای سەڵاحەدیندا 320 کاندیدی سەر بە 22 قەوارەی سیاسی هەوڵدەدەن دەنگی 700 هەزار کەس بەدەستبێنن، بۆ پڕکردنەوەی 12 کورسی ئەو پارێزگایە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دا.

خەڵکی پارێزگاکە دەڵێن دەنگدەران بەرەو ئەوە دەچن کە لە چنگی حیزبە ئاینییەکان رزگاریان بێت. پارێزەر لەیس عومران جبووری کە عەرەبێکی سوننەیە، دەڵێت"عێراقیان خستە نێو کوورەی شەڕی ناوخۆوە کە سەدان هەزار خەڵکی بێتاوان تێیدا بوونە قوربانی".

هەروەها لە شارۆچکەی بەلەد کە زۆرینەی دانیشتووانی شیعەن، هەمان بۆچوونی عەرەبە سوننەکان بەدیدەکرێت. باسل جەبار هەرچەندە بەکالۆریۆسی لە پەروەردەدا بەدەستهێناوە، بەڵام تائێستا دانەمەزراوە "هەر کەسێک دەنگ بە حیزبی ئایینی بدات دیارە سوودی لێ وەرگرتوون یان نایەوێت رەوشەکە بگۆڕێت".

بەڵام لە شارۆچکەی خورماتوو کە تێکەڵەیەک لە کورد و تورکمان و عەرەبی تێدا دەژین، خەڵک بە گوێرەی نەتەوە دەنگ دەدەن، کورد دەنگ بە هاوپەیمانیی کوردستان دەدەن، تورکمانیش دەڵێن دەنگ بە نوێنەرانی تورکمان دەدەن.




# ئەحمەد چەلەبی ئەمریکا بە کوشتنی ئەندامانی دەستەی لێپرسینەوە لە بەعس تۆمەتبار دەکات

**رووداو- ئاژانسەکان**

ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق کە هاوکات سەرۆکی دەستەی لێپرسینەوەو دادوەریشە، لەگەڵ عەلی لامی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دەستەکە، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا هێزەکانی ئەمریکایان لەعێراق بە دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆی وڵات و گوشارهێنان بۆ دەستەی لێپرسینەوەو دادوەری لەپێناو گێڕانەوەی بەعسییەکان بۆ نێو پرۆسەی هەڵبژاردن تۆمەتبار کرد. ئەو بەیاننامەیە لەوەڵامی ئەو تۆمەتانەدا هات کە جەنەراڵ رای ئۆدێرنۆ فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق، لە واشنتنەوە بەڕەورووی هەردووکیانی کردەوە بەوەی کە پەیوەندییان لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێران هەیە.

بەیاننامەی بەرپرسانی دەستەی لێپرسینەوەو دادوەری، هێزەکانی ئەمریکای بەوە تۆمەتبار کرد کە "دەستدرێژییان کردووەتە سەر ئەندامانی دەستەکە بە کوشتن یان بە گرتن و بەندکردن، تا گوشار بخەنە سەریان بۆ گەڕاندنەوەی بەعسییەکان بۆ نێو پرۆسەی سیاسی و بەشداریکردن لە هەڵبژاردن".

جەنەراڵ ئۆدێرنۆ، رۆژی سێشەممەی رابردوو لە واشنتنەوە هەریەک لە عەلی لامی و ئەحمەد چەلەبی بە کۆبوونەوە لەگەڵ یاریدەدەرانی نزیکی فەرماندەی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران تۆمەتبار کرد. لەوبارەوە گوتی "ئێران کاریگەریی راستەوخۆی بەسەر عەلی لامی و چەلەبییەوە هەیە"، هەروەها گوتیشی "زانیاری راستەوخۆمان لەبارەی ئەو پەیوەندییە هەیە".

هەر لەوبارەوە، ئینتیفاز قەنبەر کە یەکێکە لە سەرکردەکانی کۆنگرەی نیشتمانی، لێدوانەکانی ئۆدێرنۆی بە "هیستیری" ناوبردو هاوکات هێزەکانی ئەمریکاشی بەوە تۆمەتبار کرد کە پێشێلکارییان بەرامبەر ئەندامانی دەستەی لێپرسینەوەو دادوەری کردووە. قەنبەر لەوبارەوە گوتی "ئەمریکییەکان تائێستا 3 ئەندامی دەستەکەیان دەستگیرکردووەو بەبێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکیان بەرەوڕوو بکەنەوە، جارێک عەلی لامی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دەستەکەیان گرت و ماوەی 38 رۆژ لەزیندانی تاکەکەسیدا هێشتیانەوە، ئینجا نزیکەی ساڵێک لای خۆیان رایانگرت، بەبێ ئەوەی هیچی لەسەر ساخبکەنەوە ئازادیان کرد، ئەندامێکی دیکەی دەستەکەیان گرت و بەچاوی بەستراوەوە لە هەلیکۆپتەرەوە هەڵیاندایە خوارێ، سەرباری گرتنی ئەندامێکی دیکەی دەستەکە دوای ئەوەی هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی و کوڕ و کچێکی ئەویان کوشت".

یەکدی تۆمەتبارکردنی لایەنی ئەمریکی و دەستەی لێپرسینەوەو دادوەری، پاش بڕیاری ئەم دواییەی دەستەکە دێت بەدوورخستنەوەی ژمارەیەک لە پاڵێوراوانی سوننە کە یاسای ریشەکێشکردنی بەعس دەیانگرێتەوەو دیارترینیان ساڵح موتڵەگ سەرۆکی بەرەی دیالۆگی نیشتمانی و زافر عانی پەرلەمانتاری پێشووی بەرەی تەوافوق بوو.



## چەلەبی دەستی لەگەڵ پاسداراندا هەیە

فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# سواڵ و سەدەقەی هەڵبژاردن

لە سەر گۆشـــەی هەفتەی پێشوو، دۆستێکم گوتی ئەوە بۆ وات بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کردبوو؟ منیش پێمگوت خەمـــت نەبێ هـــەر جارەی نۆبەتی لیستێکە.

لیستـــی کۆمەڵـــی ئیســـلامیی کوردســـتان، بە یەکێک لە کۆمێدیترین شـــێوازەکان هەڵمەتی پروپاگەندە بۆ کاندیدەکانی دەکات. رســـتەیەکی زۆر خۆشیان هەیە دەڵێ: لیستی کۆمەڵی ئیسلامی هەڵبژێرە، بۆ دونیا و دوارۆژت خێرە. زانیومە کولێرە بە رۆن بە سەر دراوســـێکانتدا ببەخشیتەوە خێر بێت، مەعلوومـــە قوربانـــی و یارمەتیدانـــی خەڵکـــی هـــەژار خێر بێـــت، لێ ئەمە یەکەمیـــن جارە ببیســـتم دەنگدان لە هەڵبژاردنـــی پەرلەمانیدا خێری هەبێ، ئاخۆ بە گوێرەی کام حەدیسی سەحیح، یان دەقی قورئانی پیرۆز، دەنگدان بە کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، خێرە؟

حیـــزب، بۆ ئەوەی لـــە هەڵبژاردندا دەنگ بهێنێت، بانگەشە بۆ بەرنامەیەکی تۆکمە دەکات، بەوەدا کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، ســـواڵی دەنگی دەنگدەر دەکـــەن و دەنگدان بە لیســـتەکەیان دەخەنـــە قاڵبـــی خێر و ســـەدەقە و ســـەرفترەوە، پێناچێ شتێکیان هەبێ نـــاوی کارنامە و بەرنامـــە بێت. ئەوان شتێکی دیکەشـــیان لە بیر کردووە لە دەنگـــدەری داوا بکەن، ئاخر لە هەموو هەڵبژاردنێکدا هەندێک لە دەنگدەرانی لیســـتی هاوپەیمانی، بە لێشـــاو و بە جوملە دەنگدەدەن، بە گوێرەی یاسای زەمینی و شەرعی ئاسمانی ئەم جۆرە دەنگدانـــە تەزویر یـــان حەرامە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە چونکە ئەو دەنگدانە لە یەک پترە، زەکاتی دەکەوێتە سەر، جا بـــۆ ئەوەی فرە دەنگـــدان نەچێتە قاڵبـــی حـــەرام و ســـاختەکارییەوە!، دەکرێ کاکی تەزویرچی و فرەدەنگدەر بۆ حەڵاڵکردنی ئـــەو زۆر دەنگدانەی، یـــەک دوو دەنگـــی زەکاتیـــش بداتە کۆمەڵی ئیســـلامی. ئەمە ئیجتیهادی خۆمە و الله ئەعلەم.

چـــواردەی ئـــەم مانگـــە، کۆمەڵی ئیســـلامی هەڵەیەکی کوشندەیان کرد کاتێـــک رێگەیاندا مەلایەکیان، نزیکەی نیو کاژێـــر هێرش بکاتە ســـەر رۆژی ڤەلانتایـــن، ئاخـــر چونکـــە هاوزەمان حیزبەکانـــی کوردســـتان شـــەڕی ناوخـــۆ ناکـــەن و حکوومەتیش گەنج دانامەزرێنێ، بۆیە گەنجانی کوردستان ئێســـتا پەیڕەوی ئەو پەندە دەکەن کە دەڵێ: عەشق لە بەتاڵی باشترە. لە بەر رۆشنایی وتەکانی ئەو مەلایەی کۆمەڵ کە دەیگوت جەژنی ڤەلانتاین جەژنێکی وەســـەنییە، دەنگی هەموو عاشقەکانی کوردســـتانیان لەدەســـتدا، خۆ ئەگەر مەلای ناوبـــراو زۆر بەوە قەڵســـە کە ڤەلانتاین ناوی قەشـــەیەکە، دەیتوانی جەژنـــی (مەلا)نتایـــن بـــۆ گەنجانی موسڵمان و عاشق دابهێنێت.

ناوی ئەو رێکخراوەی ژنانی سەر بە کۆمەڵم لە بیـــر نییە چییە، لێ دەزانم ئەوان دژی ئەو یاســـایە بوون کە رێگە لـــە فرەژنی دەگرێـــت و فرەژنیان پێ کارێکی باش بوو، ئێستاش یەکێک لە دروشمەکانی کۆمەڵ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییـــە دژ بـــە ژن، دیـــارە لە کـــن کۆمـــەڵ، تەنێ شـــەق و زللە بە توندوتیژی حیسابە و فرەژنی ناچێتە چوارچێوەی سووکایەتیکردن بە ژن.

لە بێبەرنامەیی و بێکارنامەیی کۆمەڵ گەڕێـــن، وەک دەگێڕنەوە خۆشـــترین وتەی ســـەر پۆســـتەری پاڵێوراوێکی کۆمـــەڵ دەڵێ بۆتان دەبـــم بە نجێفی کوردستان، ئەمەیان خۆشە، دوور نییە سبەی ژنەپاڵێوراوێکیش لە لیستەکانی دیکـــە پەیدا بێت و بڵێ بۆتان دەبم بە ئەلیسای کوردستان.

---



رێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کێ؟

تاوەکـــو لـــە وادەی هەڵبـــژاردن نزیک دەبینەوە، کێشـــمەکێش و ململانێی نێوان گۆڕان و یەکێتی لەو ناوچانەی کە ئێســـتا یەکێتـــی تێیانـــدا باڵادەســـتە پتـــر پەرە دەســـتێنێت. جیاواز لەو رووداوانەی کە لە سلێمانی روودەدەن، فەزای حاکمی ناوچەی ســـلێمانی بە گشـــتی بریتییە لە ململانێی نێـــوان یەکێتـــی و گۆڕان و، کە ســـەیری تابلۆکە دەکەی بە دەست خۆت نییە ساڵی 1992 ت وەبیر دێتەوە.

لە چەند رۆژی رابردوودا کە لە رانیە بووم ئینجا هەستمکرد بەڕاستی هەڵبژاردنمان لە پێشە. خۆ لە هەولێر هەست بە هەڵبژاردن ناکەی. لە نووسینی پێشووشمدا نووسیبووم، سارد و سڕییەک لێرە و لە دهۆکیش بەچاو دەبینرێـــت. بەڵام لە پەنای ئەوەدا پێموایە ئەمجارەیان پارتی نەیویســـتوە بە پەڕۆ و لافیتە ئیش بکات و بەهێمنی کار لەســـەر دەنگدەری خـــۆی دەکات. بەڵام لە رانیە و چوارقورنـــە و ئەو شـــوێنانەی من بینیمن، قیامەتە. هەر ماڵەو ئالایەکی لەســـەر ماڵی خـــۆی هەڵـــداوە، شـــەڕە پەڕۆیەکە کەس ساحێبی خۆی ناناسێ!

ئەو مونافەسەیەی ئەوکاتە لەنێوان پارتی و یەکێتیدا بوو، ئێســـتا لەنێوان یەکێتی و گۆڕاندایە، شـــتێک بە نـــاوی هاوپەیمانی وجودی نامێنێت و پەڕۆی سەوز و مۆمەکەی گۆڕان بەسەر ماڵان، بەردەرکی دووکانان و ئۆتۆمبێلـــی خەڵکەوەیـــە. پارتییەکانیش بۆ ئـــەوەی موجازەفەیان نەکردبێت لە زۆر شوێنان ئالای کوردستانیان هەڵداوە!

ئیتـــر کـــە ئێـــوارە دادێـــت، قافڵـــەی "گۆڕانخـــوازان" بەخۆدەکـــەون، ئەگەرچی زۆربەیان منداڵ و هـــەرزەکارن، بەڵام باش خۆیان رێکخستووە و موبالەغە نییە ئەگەر بڵێم ئەمجارەیـــان پێدەچێ گۆڕان بە قەت هەردوو حیزبەکە پارەی لە ئاڵا و پۆســـتەر خەرجکردووە. چونکە بەڕاستی هێندە زۆرە لە هەندێ شوێن لەبەر پێیان کەوتوون.

لـــەو مونافەســـە و کێشمەکێشـــە، حیزبەکانی دیکەش وەک پارتی بە ساردی لە تەنیشتێکەوە وەستاون و سەیر دەکەن. لە دوو قســـە کە لـــەوێ دەکرێت، یەکیان گۆڕان و یەکێتییە. وەک چۆن جاران پارتی و یەکێتی بوو، ئێستا لەوێ بووە بە گۆڕان و یەکێتی. وەزعی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ناوچەی ســـلێمانی و بەتایبەتیش شـــارو شارۆچکەکانی ســـەر بەو پارێزگایە بۆ ئەو جۆرە مونافەسەیەش زۆر لەبارە. بەڕاستی تاوەکو لەگەڵ خەڵکی ئەوێ نەکەویە قسە نازانی ئەو خەڵکـــە بۆ گەڕاونەتەوە بۆ ئەو دۆخـــەی لـــە 1992 تێیدا ژیـــان و زۆریان ماڵوێرانی و بەدبەختی دیت. لەوێ برادەرێک پێیگوتم، زۆربەی خەڵکی ئێرە بە پێچەوانەی ئێوە کە لە هەولێر دادەنیشن، هیچیان نییە بیدۆڕێنـــن، چونکە ســـەربارى ئەو هەموو ماڵوێرانییە هیچیان دەست نەکەوتووە. بۆیە ئەوەش بۆ ئەوان هەم مەشـــغوڵیەتە و هەم شانسێکە.

لەوێ هاوکێشـــەکە زۆر ئاســـانە، مامم پیاوێکـــی نەخوێندەوارە، وەختی باســـی ئەو مەســـەلەی گۆڕان و یەکێتی دەکرێت، پێدەکەنێ و دەڵێ: "شتەکە زۆر ئاسانە، هەر رووت وەرگێڕی دەبی بە گۆڕان". لە راستیدا پێشـــتر و تائێســـتا ناوچەیـــەک هەیە بە سنوورێکی ئیدارییەوە پێدەگوترێت ناوچەی باڵادەستیی یەکێتی نیشـــتمانی (ئەوە هی ئەمـــڕۆ نییە لە ســـەردەمی شاخیشـــەوە، ناوچـــەی نفـــوزی حیزبە سیاســـییەکانی کوردستان دیار بوو)، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە دەریدەخـــات، ئایا دەتوانـــرێ لەمەودواش بەو ناوچەیـــە بگوترێت، ناوچـــەی نفوزی یەکێتی؟!

---



هێمن عەبدوڵڵا- هۆڵەندا
hemen@live.nl

# خۆزگەم بە خەمەکانیان

هەمیشـــە کە قژم درێژ دەبـــێ، دەچمە لای ئـــەوان. ئارایشـــتگایەکی کـــوردی لە نێوەڕاســـتی ئەو شارەیە کە لە هۆڵەندا لێی دەژیم. لەوێ کوڕێکی خوێنشیرینی لێیە کە بە دیتنی شاگەشـــکە دەبم. ئەو نازانێ قژ ببڕێت. بۆیەش هەمیشـــە بە گەســـکێکەوە لەنێو ئارایشـــتگاکەدا دێت و دەچێ. لەمێژ نییە هاتووە بۆ هۆڵەندا. وەک خۆی دەڵێت: "لە یادی راپەڕیندا دەبێتە ســـێیەم ساڵ کە لێرەم". زۆرجار بە گاڵتەوە پێیدەڵێم: "وەرە دانیشە، هێشتا بۆنی کوردستانت لێدێ.."، ئەویش دێت و دەست دەکات بە قسەکردن.

هیوا لە کوردســـتان وێنەگری تەلەڤزیۆن بـــووە. بۆیـــە ئێســـتاش کە شـــتێکت بۆ دەگێڕێتـــەوە، وەک ئەوە وایـــە دیمەنێکی ڤیدیۆییت بە وردەکارییەکانییەوە پیشانبدات. زۆر ورد، لە گۆشەنیگای جوانەوە پێتدەڵێ کە ئەو پرسەکە چۆن دەبینێ.

لەنێـــوان مـــن و هیـــوادا گفتوگۆیەکی بەردەوام هەیە دەربارەی کۆچکردنی گەنجان بۆ ئەورووپا. هەمیشـــە پێیدەڵێم وا چاکترە بگەڕێیەوە کوردستان، بەڵام ئەو رازی نابێ و وەڵامدەداتەوە: "ئەو ئاســـوودەییەی لێرە هەمە، لەوێ نەمبوو."

دواییـــن جار کـــە یەکدیمـــان دیت، بە پێکەنینـــەوە بۆم باســـکرد کـــە گەنجانی ســـەنگاپوریش لـــە وڵاتی خۆیـــان بێزارن و بەجێیدێڵـــن. کەچـــی ئەو نەحەپەســـا. دەموچاویشی تێکنەنا و تەنیا بە ساردییەوە گوتـــی: "دیارە ئەوانیش لـــە وڵاتی خۆیان ئاسوودە نین". ئەو راستی دەکرد. گەنجانی سەنگاپوریش لە وڵاتی خۆیان ئاسوودە نین، بەڵام ئەوان بۆیە ئاســـوودە نین، چونکە لە "زۆر پێشکەوتن"ی وڵاتەکەیان بێزارن.

بۆ ئەوانەی کە نایزانن: تاوەکو سەرەتای ساڵانی شەستی سەدەی رابردوو سەنگاپور کۆمەڵە دوورگەیەکی دواکەوتووی ســـەر بە ئەندەنووســـیا و مالیزیا بوو. ئێســـتا دوای نزیکـــەی پەنجا ســـاڵ بووەتـــە یەکێک لە خۆشگوزەرانترین وڵاتەکانی جیهان.

سەرچاوەی ئەوروپایی باس لەوە دەکەن کە ســـاڵانە 1000 گەنجی سەنگاپوری واز لـــە وەڵاتینامەی خۆیان دێنـــن و رادەکەنە دەرەوەی وڵات. ئەویـــش بـــۆ ئەوەی، وەک یەکێکیان دەڵێت: "هەناسەیەک بدەن".

خەمی گەنجانی سەنگاپوری لە هەندێک شـــتدا لە خەمی گەنجانی کـــورد دەچێت. ئـــەوان لەوە بێـــزارن کە لـــە وڵاتەکەیاندا ئەو پیرە ســـەرکردانەی ســـەربەخۆییان بۆ وڵات وەرگرت هێشـــتاش بڕیار لەســـەر ورد و درشـــتی ئـــەو شـــتانە دەدەن کە لەوێ روودەدات. بۆیەش نێویان لەو ســـەرکردانە ناوە "باوکـــەکان". نەوەی پیر، کە قۆناخی ســـەختی بەر لە ئازادییان دیتووە، هەمیشە وەبیر ئـــەو گەنجانەی دێننـــەوە کە دەبێ "سووپاسگوزار"ی باوکەکان بن و لە قسەیان دەرنەچـــن. یەکێـــک لەو گەنجانـــە گلەیی ئەوە دەکات کە "تەنانەت بۆ ســـڵاوکردنیش باوکەکان بڕیار دەدەن کە چۆن و کەی خەڵک ســـڵاو لە یەکدی بکەن". ئەو مەبەستی لەو هەڵمەتی راگەیاندنەیە کە حکومەت دەستی پێکردووە تاوەکو خەڵکی سەنگاپور هانبدات سەرلەبەیانییان کاتێک یەکدی دەبینن سڵاو لە یەکتر بکەن.

خەمەکانـــی گەنجانـــی ســـەنگاپور هەندێکجاریـــش جیاوازن لـــەوەی گەنجانی کـــورد. بۆ نمونـــە ئەوان لـــەوە بێزارن کە "باوکەکان" هێندە جەختیان لەسەر گرنگیی خوێندن و پێشکەوتنی تاکەکانی کۆمەڵگە کردووەتەوە کە ئیـــدی وایلێهاتووە ئەوەی خوێندنێکـــی باشـــی نەخوێندبـــێ ناتوانێ ژیانێکی سەربەرزانە بژیت. ئەوان دەڵێن ژیان لای ئێمە هەمووی دووبارە و چاوەڕوانکراوە. "یەکەمجار خوێندنت تەواو دەکەیت. ئینجا بە دیپلۆمەکـــەت کارێک دەدۆزیتەوە. ئینجا ژن دێنیـــت. دواییش خانووێک لە حکومەت دەکڕیت. بۆیەش هەموو شـــتێک روونە کە چیی لێدێت".

هیـــوا کـــە ئـــەو قســـانە دەبیســـتێ زەردەخەنەیەک دەکا و قسەیەک دەکات کە مانایەکی قووڵی هەیە: "ئەگەر لای ئێمەش گەنج تەنیا ئەو خەمانـــەی هەبوایە، قەت نەدەهاتە دەرەوە و نەشدەبوون بە گۆڕان!"، ئینجا هەڵدەســـتێتە سەرپێ و گەسکەکەی هەڵدەگرێتـــەوە تاوەکـــو ژێرپێی یەکێک لە سەرتاشـــەکان خاوێن بکاتەوە. ئاورێکیش لە مـــن دەداتەوە و دەڵێـــت: "خۆزگەم بە خەمەکانیان".

---



هیلال ئیبراهیم
hilalib@yahoo.com

# هەڵبژاردن و بێئاگابوون لە تاعون

ئەوەمانبینی و ئێســـتاش ئەوە دەبینین کە بەهـــۆی هەڵبژاردنەوە هێـــزو گرووپە سیاسییە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان خەریکـــی خەڵـــک و خـــۆ بێزارکردنـــن. ئـــەو جـــۆرە ململانێیانـــە کـــە بەهـــۆی پروپاگەنـــدەی هەڵبژاردنـــەوە هاتوونەتە ئاراوە سەرچاوەکانی شەڕی بەدەستهێنانی دەسەڵاتە. ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەڵام کاتێـــک بۆ بەدەســـتهێنانی دەســـەڵات و کورسی هەموو رێگە ناشرینەکان بەکاربێنن، تەنانەت بەلایانەوە گرنـــگ نەبێت، ئەگەر کوشـــتنیش بگرێتەوە، ئەو هەڵبژاردنە چ دەستکەوتێکە.

ئـــەو دۆخـــە ئیعلامـــی و سیاســـی و ئەمنیەی کە لەســـلێمانی هاتووەتە ئاراوە ترسێنەرە، ئەو هەستە حەماسییە خەریکی بێماناکردن و سووککردنی هەموو شتێکە، تەنانەت وا لەمـــرۆڤ دەکات بێز لە بوونی خۆیشـــی بکاتەوە. مەسەلەکە تەنها بریتی نییە لەباســـکردنی کاروچالاکی پرۆگرام و بەرنامە بەڵکو دۆخەکە ئاراســـتەی دیکەی وەرگرتووەو هەر کەســـێک قســـە دەکات ســـووکایەتی بە بەرامبەرەکەی و قۆناغەکە و دەســـتکەوتەکانی کـــورد دەکات. ئـــەو بیرکردنـــەوەش کە خەریکـــی برەودانە بە هێنانە ئارای ئەو دۆخە ســـەرچاوەکانی و ئایندەی دیارنییە. ئەگەر سەرنج بدەین زۆر لـــە کەناڵ و ناوەندە جیاوازەکان لە ماوەی مانگی رابردوودا ئەوەیان نیشاندا کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەمجارەیان بەهۆی هەڵبژاردنەوە خوێن برێژرێت .لەڕاستیدا بڵاوکردنەوەی ئەم بیرکردنەوەیـــە لە ناوەندەکانی راگەیاندن و دواتر کۆکردنەوەی ئیمزای رۆشـــنبیران و رۆژنامەوانان بـــۆ رووبەڕووبونەوەی هاتنە ئـــارای توندوتیژی جێگـــەی رەخنەیە!. ئەو نووســـەرو رۆژنامەوانانە لەناوەندەکانی خۆیانـــەوە ئەوەیـــان بڵاودەکـــردەوە کە توندوتیـــژی روودەدات، کەچی دواتر هەر خۆیـــان ئیمزا کۆدەکەنـــەوە دژی رووداني توندوتیـــژی. لەبەرئـــەوە هیچ کەســـێک ناتوانـــێ رێگـــە لەتاعون بگرێـــت، کاتێک خۆی خەریکی بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسەکانی بێت. هیچ ناوەند و کەناڵێک نییە بتوانێت کە هەڵەیەکـــی ئەخلاقی کـــرد هەوڵبدات بۆ ســـارێژکردنەوەی برینەکانی. ئەوەمان بیردێت کە لەکاتی ئاشـــتەوایی بەرپرســـە سیاسییەکان لە کۆبونەوە و لێدوانەکانیاندا رۆژنامەوان و نووســـەرانیان تاوانبار دەکرد بـــەوەی رۆڵـــی خراپیان لەشـــەڕی ناوخۆ بینیـــوەو هـــەر ئەوانیـــش بوونەتە هۆی گەرمکردنی جەنگەکە، ئێســـتاش هەروەک جاران لەســـلێمانییەوە ئەو دوو بزووتنەوە کە لەیەک سەرچاوەوە ئاو دەخۆنەوە، یەک بنەمای سیاسیان هەیە و کاربەدەستانیان زیاتر لـــە چارەکـــە ســـەدەیەکە پێکەوە کاردەکـــەن و پێکـــەوە دەجەنگن. کەچی ئێســـتا یەکتری قبوڵ ناکـــەن و دەیانەوێ جارێکی دیکە خەڵکی بکەنەوە بەقوربانی، هەر لەبەرئەوە ئەگەر نووسەران و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان بەشداری بکەن لە گەمەی ئەو هێزە سیاســـیانە ئەوە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و مێژوویی ان دەکەوێتە ئەســـتۆ، ئەگەر شـــتێکیش رووبدات ئـــەوە دەیکەنە تاوانی ئەوان و خۆیانی لێ بێبەری دەکەن.

ئێمـــە رۆژانە لەو بانگەشـــانە بێزارین و هەموولایەک باســـی ئـــەوە دەکەن کە ئەو ململانـــێ و کێشـــە سیاســـیانەی بەهۆی هەڵبژاردنـــەوە دێنە پێشـــەوە شـــتێکی ئاساییین، بەڵام ئەوەی دۆخەکە لەبەرچاوی چاودێران و ناوچەکە و دنیا دەخات، تێکدان و شـــێواندنی رووی راســـتەقینەی گەمەی دیموکراســـییە. هەروەها بوونـــە قوربانی خەڵکە، دروســـتکردنی کەشێکی نالەباری رۆحییە. کاتێک بەهۆی هەڵبژاردنەوە ئیهانە بەخەڵک بکرێت و مەترســـی بکەوێتە سەر ژیانی. دەبێت چۆن ســـەیری ئایندەی ئەم قۆناغە بکەین. چی وامان لێبکات دڵخۆشبین بە ئاوەدانکردنەوەی ئەم وڵاتە. پێویســـتە لەوە تێبگەین لەســـەر ئاســـتی (فیکری، کولتـــوری) لای نەتـــەوە و دەوڵەتانی دنیا ئـــەوە گرنگ نییە لـــەو ململانێیـــەدا کێ دەیباتـــەوە؟ کێ دەیدۆڕێنێت؟ ســـەنگی گرووپەکان بە دڵـــی کێ دەبێت و بە دڵی چ هێزێک نابێت، گرنگ ئەوەیە ئەو خەڵکە چـــۆن مامەڵە و هەڵســـوکەوت لەگەڵ ئەو مافەی خـــۆی دەکات، لەبەرئەوە بۆ کورد ئارامی و ئاسایش و پاک بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیە گرنگە، کاتێکیش خەڵکی بەجدی و بەگرنگییەوە سەیری مەسەلەکان و دۆخە سیاســـییەکە بکات، ئەوکاتە هەر خۆشیان دەتوانن رێگە بگرن لەو شـــتانەی مێژوو و باری ئینسانیان ناشرین دەکات. لەبەرئەوە دەبێت ئـــەم دۆخە رووبەکی هەســـتیاری هەیە و پەیوەستە بە دۆخی کوردەوە وەک بوونەوەر، ئەو چی دەکات و چۆن چۆنیش لەو تاقیکردنەوە و گەمانە ســـەردەکەوێت دەخرێنە بەردەمی؟

هەڵبـــژاردن چانســـێکی دیکەیە کورد بەدەســـتی هێناوە، پێویســـتە رێز لەم حاڵەتـــە بگیرێـــت و بپارێزرێت، نابێت رێگە بدرێت بۆ بەدەســـهێنانی کورسی خوێـــن برێژرێت، کورد ریســـوا بکرێت لەســـەر ئاســـتی دنیا. چونکە هەموو کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق شایەنی ئەوەنین کەســـێک بـــە هۆیانەوە ببێتە قوربانی. رۆژانە ئەو قسانەمان بەرگوێ دەکەوێن کـــە هەموو هێزەکان باســـی بەرگریکردن لە کورد و پاراستنی خاک و ئاوی کوردستان بەتایبەت کەرکووک دەکەن کەچی لەملاوە بەنیازن لە رێگەی بانگەشـــەی هەڵبژاردنەوە توندوتیژی دروستبکەن و ئەخلاق و بیرکردنەوەی کورد ریســـوابکەن، وایپیشـــانبدەن کە کورد ناتوانێت بەشـــێوەیەکی مەدەنی هەڵبژاردنـــەکان بەڕێوەببـــات، کاتێک دۆخێکی نالەبار بێتە کایەوە ئەوە کورد لەبەرچاوی ناوچەکە و دنیا ســـومعەی دەشـــکێت، پێویســـتە لەوە تێبگەین دۆخی سیاســـی ئێمە و دۆخی سیاسی ناوچەکانی دیکـــە جیاوازە، عەرەبەکان وەک نەتـــەوە خاوەنی زیاتر لەبیســـت دەوڵەتن، ئەگەر ئەوان کێشەیەکیان بۆ بێتە پێشەوە و شەڕو ئاژاوە دروستبێت رەنگە سەرســـوڕهێنەر نەبێت، چونکە پێشـــتر لەبەرچاوی دنیا خۆیان تاقی کردووەتەوە چۆنـــن و دەیانەوێ چۆن بژین، بەڵام کورد ئەو بارە سیاســـییە لەبـــارەی بـــۆ دروســـت نەبـــووە کە بەدنیا بڵێت چـــۆن خۆی بینادەکات و دەیەوێـــت چۆنیش خـــۆی بەڕێوەببات و نیشـــتمانەکەی ئـــاوەدان بکاتـــەوە. لەبەرئەوە هەرێمی کوردستان نموونەی تاقیکردنەوەی کوردە، چارەنووسی کورد لەپارچەکانی دیکە و دنیا بەستراوە بە چارەنوسی کوردستانی عێراقەوە. کورد لەم پارچەیە باشـــتر قۆناغەکانی ژیانی سیاسی، کولتوری و فیکری تێپەڕێنێت باشـــتر دەتوانێت بچینە بەردەم دنیاو مێژوو، کاتێـــک خراپتر لەوەی بینیمان بە خۆمان بکەینەوە دوورتر دەکەوینەوە لەچارەنـــووس و ئایندەمـــان. ئەمەش کاریگەری خراپ لەســـەر چارەنووسی کورد دەبێـــت، دەوڵەتان و نەتەوەکانی دیکە رووناکەنەوە ئێمە، لە پارچەکانی دیکە خراپتر لە جاران دەستدەکرێتەوە بـــە جینۆســـایدکردنی فیزیکـــی و کولتوریان. پێویســـتە سەیری نەتەوەو گەلانی دیکە بکەین، جولەکەکان دوای هۆلۆکۆست چیانکرد و دەیانەوێ چۆن تۆڵە بکەنـــەوە، گەلی ژاپۆن لە رێگەی ئـــەو تەکنەلۆجیایەوە کـــە گەورەترین بەدەســـتهاتووەکانی ئەتۆم بوو لەسەر ئەوان تاقیکرایەوە، ئێستا هەر لەرێگەی گەشەی تەکنەلۆجیە دنیا ناچار دەکەن پەنایان بۆ ببەن. کوردیش دوای ئەنفال و هەڵەبجە، لەجیاتی ئەوەی بوونی خۆی لای گەلان و دەوڵەتانی دنیا بسەلمێنێت بیر لە ئازاردان و کوشتن و تۆڵەکردنەوە لەخۆی دەکاتەوە.

---



موسەدەق تۆڤی

# دوو نە یێن ل ترکیا نابیت بێنە بەزاندن

هەرچەنـــد مرۆڤی بـــاوەری ب بەختی نەبیـــت، بەلێ ژ ناچـــاری پێدڤیە بێژین یەک ژ بەدبەختییێـــن گەلێ کوردە کەتیە د نێڤبەرا چوار وەلاتاندا، هەر تشـــتەکێ لێ هەبیت ئازادیا رۆژنامەڤانی و دەربرینێ لێ نینە و ئەگەر چریسکەک ژی هەبیت ژ کوردان ناگریت.

ل ئیرانێ رێک ل کەنالێن ئاســـمانی د هێتەگرتن، مالپەرێن ئینتەرنێتێ دهێنە فیلتەرکرن، بەردەوام چەندین رۆژنامەڤان مێڤانێن زیندانانە، بەلێ دەولەتێ ب خوە چەند کەنالێن ئاسمانیێن ئاراستەکری بۆ وەلاتێن دن هەنە.

ل عیراقا نوو، ئەو عیراقا ژ 2003ڤە کەســـەک نزانیت چـــاوان حوکمداری لێ دهێتەکرن، دەهان و ســـەدان دەزگەهێن راگەهاندنێ هەنە و دبێژن ئەڤ دەزگەهە ئازادن، بەلێ هەر سال چەندین رۆژنامەڤان ل ڤی وەلاتی دهێنە تیرورکرن، لەوما ژی زۆربـــەی میدیایێن عێراقـــی ل دەرڤەی وەلاتی کار دکەن.

ل ســـوریێ نـــە راگەهاندنـــا ئازاد و نـــە ئازادیـــا رۆژنامەڤانی هەیـــە، چەند دەزگەهەکێن دەولەتێنە، میرێ وەلاتی چ گۆت، هەر ئەوە دێ بێژن و بێژنەڤە، ئەو ژی تنێ ب عەرەبی، کورد و وەلاتیێن دن یێن نەعەرەب نەتنێ ژ ئازادیا رۆژنامەڤانی د بـــێ بەهرن، بەلکی ماف نینە ب زمانێ خوە بچووکترین دەزگەهـــێ راگەهاندنێ هەبیت.

ل ترکیا ناهێتە ماندەلکرن ب بەراورد دگەل وەلاتێن دەڤەرێ، ئازادیا دەربڕینێ هەیە، میدیایێن ئـــازاد هەنە، بەلێ نە د هەمـــوو واراندا، نەژی بـــۆ گەلێن کورد و یێـــن دن. ل ڤی وەلاتی هندەک وار هەنە خیچێن ســـۆرن و نابیت کەسەک نێزیک ببیت، دڤێت میدیاکار نێزیکی پرەنسیپێن کەمالیزمێ نەبیت، نە بێژیت چاوان ئەڤ دەولەتە ل سەر کلوخکێن سەرێن کورد و ئەرمەن و لاز و یێن دن هاتە دامەزراندن، خوە نێزیکـــێ جینوســـایدا ئەرمەنان و تەڤکوژیێـــن گەلێ زیلان و دێرســـمێ و ئامەدێ نەکەت، نابیت کەســـەک بێژیت چمـــا گەلێن نە ترک مافـــێ خواندنێ ب زمانـــێ خوە نینە؟ چمـــا زارۆکێن کورد و گەلێن دن هەموو ســـپێدەیان ســـروودا نەتەوەییا ترکان بێژن و بێژنەڤە؟.

مە گۆت میدیایێن ئازاد هەنە بەلێ نە بۆ کـــوردان و مللەتێن دن، چ ژ ئەنجامێ خەباتا گەلێ کـــورد بیت، چ ژ کاریگەریا گورانکارییێن جیهانێ بیت، یان ب مەرەما چوونـــا ترکیا بۆ نـــاڤ یەکێتیا ئەوروپا بیت، ل دەه بیست ســـالێن داویێ ئەڤ دو نە یە سســـت بووینە و سنوورێن وان هاتینـــە بەزاندن، خەلکەک خوە ل خیچا سۆر ددەت، هندەک سنوورێن کەمالیزمێ دشـــکێنیت و هنـــدەک میدیایێن ئازاد ب تایبـــەت رۆژنامە ب زمانـــێ کوردی یێ بەلاڤە دبن.

بەزاندنا ڤان دوو نە یان ب ویستا ئالیێ حوکمـــدارێ ترکیا بیت یـــان بەروڤاژی، خالەکا ئەرێنییە بـــۆ دەولەتێ نەمازە د ڤی دەمیدا پارتا دادو گەشەپێدان AKPیا دەســـەلاتدار خوە ب خـــوەدی پرۆژەکێ ڤەبـــوون بەرەف دیموکراســـیێ درانیت. بەلـــێ ئەڤ خالا ئەرێنی دبیتە نەرێنیەک خـــراب ژبەرکـــو پارتیا دەســـەلاتدار ل ترکیا نەیا راســـتە دگەل پرۆژێ خوەیێ ڤەبوون بەرەف دیموکراســـیێ و نیشـــان پتر دســـەلمینن ئەڤ پرۆژەیـــە پرۆژێ خاپانـــدن و مژوولکرنێیـــە، نـــە پرۆژێ ڤەبوون بەرەف دیموکراســـیێیە،دهەمان دەمـــدا هێژ پارێزڤانێن ڤان دوو نە یان ل ترکیا خوەدی هێز و دەسەلاتن و ناهێلن کەسەک سنوورێ وان ببەزینیت.

ڤان پارێزڤانان بەری چەند رۆژەکان دووبارە هێز و شـــیانێن خوە نیشـــادان برێکا دادگەها تاوانێن گران ل دیاربەکرێ سەرنڤیســـکارێ رۆژناما (ئازادیا وەلات) ئـــۆزان کلنجک تاکـــە رۆژنامـــا رۆژانەیا کـــوردی ل ترکیا 23 ســـال و 3 هەیڤان ب زیندانکرن سزادا، ئەڤە ژی ب گونەها هندێ کو دژی یەک پارچەییا ئاخا ترکیا کار کریە.

گەلۆ سەرنڤیسکارێ ناڤبری دەولەتەک د نێڤ خاکێ ترکیـــا دا راگەهاندیە، یان ئالایەکـــێ دن بلندکریە کـــو ب دژایەتیا یەکێتیا ترکیا بێتە تاوانبارکرن؟ نەخێر تنێ سەرنڤیسکاریا رۆژنامەیەکا کوردی دکەت، رۆژنامـــە ژی داخوازا هندەک مافێن گەلێ کورد دکـــەت و بەرگریێ ژ بەرژەوەندیێن وی دکەت، ئەڤە ژی بەزاندنا ســـنوورێن وان دوو نە یانە یێن د راگەهاندنا ب ناڤ ئازادا ترکیا دا هەین.



wanwilgenburg@gmail.com
ولادیمیر ڤان ویلگنبیرخ

# سلێمانی بووەتە غەزەزەی منداڵە بەردهاوێژەکان

لەجیاتی ئەوەی لە هۆڵەندا لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا دەنگ بدەم، دەچمە کوردستان بۆ نووسینی هەواڵ و ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانی عێراق بۆ (ڕووداو). هەرچەندە پیاو لە هۆڵەنداش بە عێراقەوە خەریک دەبێ، بەڵام چوون بۆ کوردستان و عێراق تامێکی دیکەی هەیە. کاندیدایەکی کورد کە لە هۆڵەندا دەژیت، پێیگوتم: هۆڵەندا بۆمب و چەک و تەقەمەنیی لێ نییە. لێرە ئەو ڕەوشەی لە فەڵەستین هەیە قەت نابینیت.

جگە لەوە پێناچێ لە هۆڵەندا دەنگدەر گەرموگوڕیی هەبێ بۆ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان. زۆرتر لە نیوەی ئەوانەی مافیان هەیە، ناچنە دەنگدان. هەروەها لە عێراقیش بەهۆی پشێوی و نارەزایی بەرامبەر بە حکومەت ئارەزوویەکی کەمتر هەیە بۆ چوونە سەر سندووقەکان. بەڵام پێموایە کورد بەپێچەوانەوە بە گەرموگوڕییەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن. ئەویش بەهۆی ئەو کێبرکێیەی لەنێوان پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن و هەردوو پارتی حکومەتدار (یەکێتی و پارتی) دا بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکانی بەغدا دروستبووە. ئەو کێبرکێیە هێندە گەرم بووە کە تەنانەت ئەو هەوادارانەی گۆڕان کە بوتڵیان گرتبووە بارەگایەکی یەکێتی تەقەیان لێکرا. هەروەها ئەو منداڵانەش کە بەردیان هاویشتبوو، لەلایەن پاسەوانێکی مەلابەختیارەوە تەقەیان لێکرا و لە ئەنجامدا کەسێک گیانی لەدەستدا، وەک لە هەواڵەکان خوێندمەوە.

منداڵە بەردهاوێژەکانی گۆڕان سلێمانییان بەشێوەیەک لە شێوەکان کردووەتە غەزەزەیەکی نوێ.

ئەوەی لە دوورەوە سەیری مەسەلەکە بکات، وا تێدەگات کە لە کوردستان باسی سەرەکیی هەڵبژاردنەکان پرسی بێکاری، گەندەڵی، خزمخزمێنە و ئەو بەڵێنانەن کە پێشتر دراون و وەدینەهێندراون. وەک بۆ نموونە جێبەجێکردنی ماددەی 140 و زیادکردنی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان. لە بەغدا باسی هەرە گەرم پرسی بەشداریی کۆنە بەعسییەکانە. پارتە شیعەکان هەوڵدەدەن بەهۆی بڵاوکردنەوەی ترسەوە سەبارەت بە پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس دەنگ کۆ بکەنەوە. لیستە سوننەکانیش هەڕەشەی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان دەکەن و گلەیی ئەوە دەکەن کە دەچەوسێندرێنەوە.

پارتی دەسەڵاتداری سەرۆکوەزیران مالیکیش هەوڵدەدات "دەستکەوتەکان"ی چەند ساڵی ڕابردووی حکومەتەکەی لە بواری ئاسایشی زۆرتر و وەبەرهێنان و پرسەکانی دیکە بەچاوی خەڵکدا بداتەوە.

لە هۆڵەندا چاوەڕێی ئەوەم دەکرد گفتوگۆکانی کاتی هەڵبژاردن زۆرتر دەربارەی پرسە ئابوورییەکان و کێشەکانی خۆگونجاندنی بیگانەکان بن، بەڵام وەک دەردەکەوێ پرسی دیکە خەڵکیان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردووە.وەک مەسەلەی لێپرسینەوە لە هۆکاری بەشداریکردنی هۆڵەندا لە جەنگی عێراق و ئەفغانستاندا، هەروەها مەسەلەی هەڵواسینی پۆستەرەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بە زمانی بێگانەی وەک تورکی و چینی و عەرەبی. بێگومان لەسەر ئاستی لۆکاڵی پرسەکانی وەک ئاسایش، خوێندن، هەرزانیی نرخی خانووبەرە، ژێرخانی ئابووری و خاوێنیی شەقامەکان گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت.

بەڵام لە هۆڵەندا زۆر شت هەر قسەی لەسەر دەکرێ و هیچی دیکە نا. پارتی کرێکارانی هۆڵەندا کە چەپە و بەشدارە لە حکومەتدا داوای کشاندنەوەی سووپای هۆڵەندا لە ئەفغانستان دەکات، بەڵام پارتی کریستیان دیموکراتەکان ئەوەی ناوێت. بۆیەش دەرەنجامەکەی ئەوەبوو کە لەکاتی نووسینی ئەو وتارەدا کابینەی حکومەت ڕووخا. لە هۆڵەندا حکومەت ئەوەندە لەسەر ئاستی نیشتمانی گەنگەشە ساز دەکات کە پرسە لۆکاڵییەکان لەبیر دەچنەوە. سیاسەتڤانێکی پارتی کرێکاران بەناوی فاتیمە ئێلاتیک پێیوابوو ئەو گەنگەشانەی لە پایەتەختی سیاسیی هۆڵەندا، واتە شاری دەنهاخ، دەکرێن، شەرمهێنەرن. "لەکاتێکدا لە شارەکانی دیکەدا خەڵک خۆیان ماندوو دەکەن تا بژین، لە دەنهاخ سیاسییەکان خەریکی یاریکردنن بە وشەکان!"

یەکێک لەو پرسانەی لەسەر سیاسەتی لۆکاڵیدا لە هۆڵەندا هاتە پێشەوە مەسەلەی بڵاوکردنەوەی پۆستەرەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بوو بە زۆرتر لە زمانێک. وەزیری خۆگونجاندن (ڤان دەر لان) داوای لە پارتە ڕکابەرەکان کرد کە زمانی بێگانە لە بانگەشەکانیاندا بەکارنەهێنن، چونکە بە بڕوای ئەو بەو هۆیەوە بێگانەکان، بە کوردەکانیشەوە، قەت خۆیان ناگونجێنن لەگەڵ کۆمەڵگەی هۆڵەندیدا. ڤان دەر لان گوتی: "من پێموایە ئەو کارە نابێ بکرێت". بەڵام سەرۆکی پارتی کرێکاران لە ئەمستەردام بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە پۆستەرە تورکییەکانی خۆی لاببات. چونکە ئەو دەڵێ زۆربەی پارتەکان زمانی جیاجیا لە هەڵبژاردندا بەکاردێنن. بۆ نموونە دانا میرزا، کە سەر بە لیستێکی نوێیە لە هۆڵەندا بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی و هۆڵەندی بانگەشەی هەڵبژاردن دەکات. بەڵام لە کوردستان ئەو پرسە قەت کێشەی لەسەر نەبووە، چونکە لە شارێکی وەک کەرکووک بە زۆرتر لە زمانێک قسە دەکرێت.

هەرواش بۆمن بینینی هەڵبژاردنەکانی کوردستان زۆر سەرنجڕاکێشترە لەوەی هۆڵەندا. چونکە لێرە هۆڵەندی زۆرتر قسان دەکەن، بەڵام قەت هەوادارانی ئۆپۆزسیۆن لەلایەن سەربازەکانی پارتە حکومەتدارەکانەوە تەقەیان لێناکرێ. لێرە قەت پۆلیسەکان پۆستەری هەڵبژاردن هەڵناواسن، سیاسەتڤانەکان پارە نادەن بە خەڵک تاوەکو دەنگیان بۆ بدەن و یانیش تاوەکو خەڵکی بۆ مەبەستی دیکە پێ بکڕن.

هاوڕێیەکم ئاگادارم دەکاتەوە کە کاتێک گەیشتمە سلێمانی بەشەو لە هوتێلەکەم بمێنمەوە، بەڵام من پێویستم بەوە نییە کە بترسم لەوەی شارێک بەهۆی پێکهەڵپژانی پارتە پێک ناکۆکەکان نائارام بووە. چونکە دەزانم بۆمب ناتەقنەوە. هەروەها ئەو ناکۆکییانەی لەنێوان کورد و عارەب و تورکمانەکاندا هەیە، هەر وەک ئەو ناکۆکییەیە کە لەنێوان هۆڵەندی و موسڵمانەکاندا بەو دواییانە پەیدا بووە.







حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# کەرکووک لە کوێی هەڵبژاردندایە؟!

خەڵکی کەرکووک خەریکە بە خۆیاندا دەچنەوە. خەڵکی کەرکووک و گەرمیان کە هەمیشە سووتەمەنی شۆڕش و شەڕی ناوخۆ و ئەنفال و قڕکردن بوون و ژێرچەپۆکەی بەردەوامی ڕاستەوخۆی هەموو دەسەڵاتەکانی عێراق بوون و هەمیشە یەکەم چەپۆکیان بەرکەوتووە، ئێستا بەرچاویان ڕوونترە و لەوە تێگەیشتوون چۆن چل - پەنجا ساڵە بۆ بەرژەوەندی ئەم سەرکردە و ئەو سەرکردە بەکارهێنراون. خەریکە لەوە حاڵی دەبن کە ناویان، چ وەک کورد و چ وەک حیزبی هەر ئەوەندە هەبووە، یان شەهیدبن تاوەکو شانازی بۆ سەرکردەکان بەدەستبێنن یان پارێزگاری لە بەرژەوەندی سەرکردەکان بکەن و هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش یەک سەرکردە نەبووە وەک مەلا مستەفا بە بێ پێچوپەنا و ملبادان و بڕوبیانوو، بڵێ: کەرکووک یەک کوردیشی تێدا نەمێنێ هەر کوردستانە. یان وەک ئەو بڵێ: ڕەنگە دوای من خەڵک هەبن دەست لە کەرکووک هەڵگرن، بەڵام من ئەوە ناکەم.

کەرکووک لەگەڵ ڕووخانی بەعسدا یەکلایی بووەوە، بەڵام خۆمان بە گێڕانەوەی ئەو تەعریبچییانەی کە کەرکووکیان جێهێشتبوو و بە وەرگرتنیان وەک ئەندام لە حیزبە کوردستانییە دەسەڵاتدارەکاندا بۆ زیادکردنی "جەماوەر!" و "لایەن گر!" و "دەنگ!"، بە ویستی خۆمان لە دەستماندا، ئەوجا لەنێوان دەسەڵاتی بەغدا و خۆماندا خستمانە سەوداوە تاوەکو ململانێی لەسەر بکەین و بەپێی یاسا وەریبگرینەوە! واتە: لەبەر خاتری خاترداران، یەک چۆلەکەی ناو دەستمان بە یەک چۆلەکەی سەر دارەکە گۆڕیەوە! بەڵام لەگەڵ جێگیربوونی دەسەڵاتی بەغدا و گەندەڵبوون و بۆگەنبوون و دەوڵەمەندبوونی کادیرە حیزبییەکانی خۆماندا،لەلایەکەوە خەڵکی کەرکووک و گەرمیان لە بەرگیرکردن لە سیاسەتی حیزبەکان سارد بوونەوە تاوەکو ئەوەی دەنگیان نەدەنێ و لە لایەکی دیکەوە بەغدا وەک خەسڵەتێکی سروشتی لەململانێدا، لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەز بووەوەو ئەو ماددە (140)ەیش هەرس ناکەن کە خۆی لەخۆیدا بەڵگەی دوودڵی سەرانی کوردە لە کوردستانیبوونی کەرکووک، چونکە ئەو ماددەیە، پێچەوانەی ئەو قسەیەیە کە مەلا مستەفا کردی: ئەگەر یەک کوریشی تێدا نەبێ هەر کوردستانە.

ئێستا کەرکووک، تەنانەت بەپێی سستەمی دیموکراتی و ماددەی 140یش کەوتووەتە باری ئەگەر و نەگەرەوە، ئەوەندەی ڕێی تێدەچێ بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان (کە مەحاڵە بەم کەرەسەیە شتی وا ڕووبدات) زیاتر ڕێی تێدەچێ بچێتە سەر بەغدا، چونکە جگە لەوەی عارەب و تورکمان ئەوەیان دەوێ و دەنگ بەو ئاراستە سیاسییە دەدەن، کوردیش کەوتووەتە بارێکەوە، بەلای کەمەوە دوودڵ بێ لە ئاسوودەییەک کە لەسای دوو حیزبی دەسەڵاتداردا هەیبێ، بۆیە ڕێی تێدەچێ ژمارەیەکی زۆری کوردیش دەنگیان بە ئاراستەی بەغدادا بڕوا.

من پێموایە دەنگدانی کورد بۆ ئەوەی کەرکووک بچێتە سەر بەغدا، ئەگەر لە بێزاریشەوە بێ و هۆکاری زەقیشی هەبێ، هی بیرلێکردنەوە نییە و دەچێتە خانەی خیانەتکارییەوە، بەڵام ئەگەر گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستانیش بە هۆی ڕەفتار و هەڵەی حیزبەکانەوە گەیشتبێتە ئاستی مەحاڵ، دەبێ چی بکەین؟ کاتی خۆی کە کورد گەیشتە بەربەست و دووڕییانێکی وەک ئەمە، مەلا مستەفا شەڕی لەدژی بەغدا ڕاگەیاند و بە دەستبەردان لە کەرکووک ڕازی نەبوو. ئەی ئێستا کورد دەبێ چی بکات؟ شەڕ ڕاگەیاندن هی ئەوە نییە بیری لێ بکەینەوە و وازهێنانیش لە کەرکووک بە ئیمزای خۆمان، مەگەر هەر بە بازرگانانی سیاسی بکرێ.

دەبێ ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە باش ئەوە بزانن کە بازاڕیان لە کەرکووک کەسادە و خۆشیان هۆکارەکان باش دەزانن. من دەڵێم زەحمەتە یەکێتی نیشتمانی لە کورسییەک زیاتری دیوانی پارێزگای کەرکووکی بەرکەوێ، کەچی بەرپرسێکی باڵای ئەو حیزبە بە لستێکی کەرکووک دەڵێ: وەرنە لستەکەمانەوە سێ - چوار کورسیتان بۆ مسۆگەر دەکەین! پارتیش دوو کورسی بە زەحمەت دێنێ. من پێموایە گۆڕان بەشی شێری لە بەشە کوردییەکەی کەرکووک پێ دەبڕێ، چونکە شیوعی کوردستانی عێراقیش نەیانزانی دەرد و ئازاری کوردی کەرکووک بقۆزنەوە و دڵسۆزانە و ژیرانە جەماوەرە داماو و هەژار و دەسبڕاوەکەی بە لای خۆیاندا ڕاکێشن. دیارە ئەوان، هەتا کرێکارانی جیهان بۆ یەکگرتن لە سەرەدا وەستابن، کەرکووک مایەی سەرهێشەیان نییە و سەرهێشەش بێ، خەمیان بۆ تەعریبچییە هەژار و بێکارەکان زیاترە! دەبوو ئەوان، هەموو هەژارانی کەرکووک، بە کورد و ناکوردەوە جەماوەریان بێ و دەنگیان بۆ بدا، بەڵام لە سای لیستێکدا وەستاون خۆیان دەزانن لە کەرکووک خۆیان پێ تێر ناکرێ چجای ئەوان.

ماوەتەوە ئەوەی لە دواچرکەساتەکاندا گیانی دڵسۆزی لە دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا ببزوێ - کە نابزوێ - کە ناتوانن کەرکووک بگێڕنەوە سەر کوردستان، کار بۆ ئەوە بکەن کەرکووک نەچێتە سەر بەغدا و هیچ نەبێ بێلایەن و سەربەخۆ بمێنێتەوە. من پێموایە مانەوەی کەرکووک بە دەقی خۆیەوە زۆر لەوە باشترە بە هۆی خەمساردی کۆمۆنستەکان و بێباکی دەسەڵاتی کوردستان و بەهەشتی ئیسلامیەکانەوە لە دەستی کورد بترازێ و بچێتە سەر بەغدا. کارکردن لە کەرکووکدا، لە دەرەوەی بازنەی پارەی پارەداران و یەکگرتنی کرێکاران و بەهەشت و دۆزەخەوەیە.



ئەڤین ئیبراهیم فەتاح

# کەرکووک و ژنی خێر لەخۆ نەدیو

لەپەیامەکەیدا (عالیە ڕەشید ئەمین) پاڵێوراوی لیستی گۆڕان لەکەرکووک، ژمارە چوار، زۆر بەئارامی و ئەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوون دەڵێت:"خێری کەرکووک بۆ هەموو شارەکان بووە، بەڵام بۆ خۆی نەبووە". بۆیە کە بانگەشە بۆ خۆی دەکات، بەناوێکی دیکە کەرکووکییەکان بانگ دەکات! دەڵێت: "ئەی خەڵی شارە خێر لەخۆ نەدیوەکەم!"

بەدەست خۆم نییە، هەر جارێک کە دەیبینم، لە ئاستی ناسکی و ڕاستگۆیی گوتارەکەی دڵم پڕدەبێت، دەمەوێت دەستی عالیەخان بگوشم و بێژم، کەرکووک لە ژنی کورد دەچێت! خێری بۆ هەموو کۆمەڵگەو نەتەوە هەبووە، بەڵام بۆ خۆی هەمیشە خێر لەخۆ نەدیو بووە!

ئایا کامەیان سەختترە: شەڕکردن لەسەر مادەی 140؟ یان لەسەر بە یاسا قەدەخەکردنی خەتەنەی کچان و فرەژنی؟ کامەیان ئاسانترە: ڕێگەی ژنان بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵات؟ یان گێڕانەوەی ناوچە ئاڵۆزکراوەکان بۆ باوەشی کوردستان؟ ئاخر هەردووکیان پێویستیان بەگوشاری درەکییە، کامەیان پیرۆزترە: شەرەفی بنەماڵەکان؟ یان شەرەفی نەتەوە؟ کامەیان لەپێشترە: پرسی کوشتنی نیوەی کۆمەڵ بەدەستی نیوەکەی دیکە؟ یان دامەزراندنی دەوڵەت بۆ گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە جیهان؟ هەر بۆ زانیاریش گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لەسەر گۆی زەوی هەمان نەتەوەیە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەژنکوژ ناسراوە! تۆ بڵێی ئەو نەتەوەیە بتوانێت بەبێ ژن ببێتە دەوڵەت؟ یان ئەم پرسیارە هەڵەیە و بابەتەکە پەیوەندی بەهێزی پیاوانەی نێودەوڵەتییەوە هەیە!

توێژینەوەکانی سەبارەت بە ژنی کورد ئێژن: "یەکێک لە گرفتەکانی سەرنەکەوتنی بزووتنەوەکانی ژنی کورد بەدرێژایی مێژوو، ئەوەیە ڕێکخراوەکانی ژنان لەڕۆژی دامەزراندنیانەوە یان سێبەری بزووتنەوەی نەتەوەیی یان ئایدیۆلۆژیایی بوون"! ئاخر، هەردوو جۆرە بزووتنەوەکە لەوەتەی هەن ژن وەک کارتی سیاسی بەکاردێنن نەک وەک پرسی نەتەوەیی. ئەم دوو جۆرە بزووتنەوەیە لە حیزبە کوردییەکاندا خۆیان بەرجەستە دەکەن لەڕاستیدا، دەرکردنی نێوبانگی نەتەوەیەک بەژنکوژ پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە، بۆیە بەگوشاری دەرەکی یاسای کوشتنی ناموسپارێزی هاتە گۆڕین! ئەوکات، گوشارێکی دەرەکی بەکوردی گوت: بارودۆخی ژن لەکۆمەڵگەکەتان، خەڵک هان نادات بۆ ئەوەی پاڵپشتی پرسە ڕەواکەتان بکات. ڕوونیکردەوە، کە ئەوان جینۆسایدیان کردوون، ئێوە خۆتان خەریکی فێمۆسایدن! مێینەکانی خۆتان دەکوژن بەتەنیا لەبەرئەوەی مێینەیەو کردووتانەتە نوێنەری شەرەفی خێزان و نەتەوەکەتان. ئەگەر نەتەوەیەک نازناوی فێمۆسایدی هەبێت،چۆن چۆنی دەنگدەدات بە ژن و دەیگەیەنێتە دەسەڵات؟ بەڕاستی بەلامەوە سەیرە!

عالیە ڕەشید ئەمین، هەموو تواناو کەسایەتی و بەرهەمەکانی ژیانی خۆی خستووەتە مەترسیەوە کە خۆی پاڵاوتووە بۆ پەرلەمانی عێراق. مەترسییەکە لەدوو خاڵدایە: یەکەم، گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات وای لەخەڵکی کردووە باوەڕیان لاواز بێت و بەئاسانی دەنگ نەدەن. دووەم، ئەوەیە ژنە! ژنی ئێمەش زۆر هوشیار نییە دەنگ بەژن بدات. لەگەڵ ئەمانەشدا، عالیە زۆر ئازایانە ستراتیژی ریسک هەڵدەبژێرێت و خۆی دەپاڵێوێت! من ئەو ژنە وەک هاوڕێ ناناسم، بەڵام وەک ژنێکی ئازادو لێهاتووی نەترس نێوبانگیم بیستووە. خۆپاڵاوتنی ئەمجارەشی بەڵگەی قسەکانمانن.

بابەتی خۆپاڵاوتنی عالیە لەهەموو ئەوەی ناوی لەخۆ ناوە بزووتنەوەی گۆڕان جیاوازە. عالیە کەسایەتییەکی مێینەی بێلایەنی ئاشتیخوازو مۆدێرنخوازە. ئەگەر دەرچێت بۆ پەرلەمانی عێراق دووچاری دوو شەڕی سەخت دەبێتەوە: نەتەوەو ژن. شەڕەکە بۆیە زۆر سەختە چونکە تاهەنووکە تیۆری و پراکتیکی نەتەوەیی، توندوتیژی بۆ ژن بەرهەمهێناوە. بەڵام کاری سەخت بەخاوەنی دەکرێت و عالیە ئەو نیازەی هەیە، ئەگینا خۆی بۆ نمایشکردن نەپاڵاوتووە. ئەگەر لەکەرکووک بام، بیرم لەهیچ لایەن و کەسێکی دیکە نەدەکردەوە، دەنگم دەدا بەعالیەی کەرکووکی خێر لەخۆ نەدیو.



کاوە ئەمین - سوێد
kawe35@hotmail.com

# ئەی کوردی هەندەران؟

## ئەوجارە هەموویان قەبارەی خۆیان دەزانن

### ئەی کوردی هەندەران

چەند ڕۆژێکە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق دەستی پێکردووە، هەر کاندیدەو دێتە سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان بەڕاست و چەپ بەڵێندەدا. ئەوەی من دەمەوێت باسی بکەم، چۆنایەتی بانگەشەی هەڵبژاردن و مەترسییەکانێتی بۆسەر ئەو پرۆسەیەی کە پێیدەوترێت "پرۆسەی دیموکراتیی کوردستان". پێش ڕووخانی بەعس لێرە و لەوێ باسی ئەوە دەکرا کە بکرێتە مۆدیلێک بۆ هەموو عێراق. دەسەڵاتی کوردی، واتە پارتی و یەکێتی، هەژدە ساڵ بوو هیچ حسابێکیان بۆ ئەو ڕەخنانە نەدەکرد کە خەڵکانی خەمخۆری کورد لێیان دەگرتن، ئەویش بۆ چاککردن نەک ڕووخاندن، هەڵبەت خەڵکانێکیش هەبوون کە ئێستایشی لەگەڵدا بێت خواخوای ئەوەیانە نەک دەسەڵاتی کوردی بەڵکو کورد خۆیشی وەکو نەتەوە تەفروتونا ببێت. هەڵبژاردنی هاوینی ڕابردوو بە هەموو کەموکوڕییەکانیشییەوە بەشێکی شتەکانی بن بەڕەی هێنایە سەر بەڕە و مرۆڤ دەتوانێ سەنگ و قورسایی پارتە کوردییەکان بەگشتی بزانێت، بەڵام هەڵبژاردنی ئەم جارە وەکو ئاوێنەیەکە کە هەر هێزە و بەتەواوی دەموچاوی خۆیی تێدا دەبینێتەوەو هەموو چرچ و لۆچەکان دەردەکەون، جا یان دەبێت هەرچی زووترە خۆیان بگۆڕن بەرەو باشە، نەک وەک هەندێک بەرپرس چۆن بە بۆیاخی ڕەش هەرچی تاڵی سپی قژیانە ڕەش دەکەنەوە، بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە، ئاخر هەموو شتێکی تەزوویر ناشیرینە. بۆیە دەبێ بڵێین تەنها شتێکی باش کە پەرلەمانی عێراق لەبەرژەوەندی کورد کردوویەتی ئەوەیە کە هەڵبژاردن بە لیستی کراوەیە نەک وەک ئەوەی ڕابردووی کوردستان داخراو.

دوای ئەم هەڵبژاردنە ڕووی ئەو هاوپەیمانێتییەی پارتی و یەکێتییش دەردەکەوێت هەروەک چۆن هاوپەیمانێتی چوار حیزبە عیلمانی و ئیسلامییە کوردییەکە دەرکەوت، هەر کە کورسییەکانیان بەشکرد ئیدی هەرکەسەو بە غەنیمەتی خۆیەوە گەڕایەوە ماڵی خۆی.

ئەوەی ئێستا دەیبینین بەتایبەتی لەسلێمانی ململانێیەکە کەوتووەتە نێوان یەکێتی و گۆڕانەوە، پارتی کەوتووەتە قۆناخی سڕبوونەوە لەو شارەدا و هیچ دەنگێک لەخۆیەوە ناهێنێت، ئەوەش زیاتر ئەوەمان نیشاندەدات کە جوگرافیای سیاسی پارتە کوردییەکانیش لەم هەڵبژاردنەدا بەرەو تۆخبوونەوە دەچێت.

پارت ولایەنە کوردییەکان بەحکوومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە گرنگی بە کوردانی هەندەران نادەن و تەنانەت لەکاتی هەڵبژاردنەکانیشدا هیچ لایەنێک باس لە ماف و ئەرکی کوردانی تاراوگە ناکات و دەیشیانەوێت دەنگەکانیان بەدەستبێنن. ئێستا ژمارەیەک لەو کوردانەی کە تەنها بە هەست بیرناکەنەوە و خۆیان بە کوردستانی و هاووڵاتی ئەو وڵاتانەی لێی دەژین دەزانن، دەپرسن خێرە ئێمە بۆمان نەبێت بۆ پەرلەمانی کوردستان دەنگ بدەین، بەڵام بۆ پەرلەمانی عێراق دەنگ بدەین؟ لێرەش وەکو کوردستان هیچ دێبات و گەنگەشەیەکی سیاسی دروست نەبووەو نابێت، هەر لایەنە بۆخۆی لێرەو لەوێ نوزیەکی لێوە دێت، ئەو هەموو دەستگا و ڕێکخراوە کوردییانەش کە زۆربەیان بەرگی سیاسییان پۆشیوە هیچ دەورێکیان نییە بۆ کۆکردنەوەی لایەنە دژبەرەکان تاوەکو دەنگدەران بتوانن بەراورد لەنێوان هەڵوێستە سیاسی و نیشتیمانییەکانیان بکەن، واتە کورت و کورمانجی لێرەیش وەکو کوردستان بەرژەوەندییە نەتەوەیی و کوردستانییەکان سەنگی مەحەک نین بۆ یەکلایی کردنەوەی دەنگەکان، کوردمان هەیە لەم وڵاتە لە پارتێکی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی ئەوروپادا ئەندامە کەچی خۆی پێ نەتەوەیی عەیارە بیستوچوارە، کوردی کۆمۆنیستی واشمان هەیە کە لێرە لای سوێدییەکان بۆ نموونە هەموو جیهان بە موڵکی خۆی دەزانێت، بەڵام لە بەعسییەک عێراقیترە و بە ناوهێنانی کوردستان وەکو وڵاتێک، قوشقی دەبێت. ئیسلامیشمان هەیە کە پانتۆڵەکەی تا ناو قەدیەتی و سەلەفییە، بەڵام بە پارەی سۆسیال دەچێت بۆ حەج، بەڕاستی ئێمە خەڵکێکی جیاواز نین؟!

گرنگترین شت لەم هەڵبژاردنەدا بەلای منەوە یەکلایی کردنەوەی جەماوەری لایەنەکانە، دەنا ئەگەر کورد لەو ڕەوشە شێواوەی عێراقدا نەیتوانیبێ مافەکانی خۆی وەربگرێت و کەرکووک کە بووتە وەرەقەیەکی قومار بۆیان، بگەڕێننەوە ژێر دەسەڵاتی خۆماڵی ئەوا ئەستەمە بتوانن لەداهاتووشدا بەو ڕەوتارە سیاسییەی کە هەیانە ئەوە بکەن، کورد کاتێک قوڕی بۆخۆی گرتەوە وەک چۆن لە سەرەتایی دامەزراندنی سووپای عێراقدا کورد دەستی سەرەکی بوو ئەوهایش لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە هەمان کاری کردوئێستا دەیانەوێ بەعسییە "باشەکان" بگەڕێنەوە تاوەکو مفاوەزاتیان لەگەڵ بکەین!.

Reklam

ZAGROS

Frequency:10722
Symbol Rate:29900
Polarity: H
FEC: 3\4

بینەرانی بەڕێز ئاگاداردەکەین کە
فریکوێنسی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس
لەسەر مانگی دەستکردی هۆت بێرڈ گۆڕاوە،
ئێستاش دەتوانن لەسەر ئەو فریکوێنسیە
نوێیە پەخشی زاگرۆس ببینن.


ژمارەی نوێی لۆمۆند دیپلۆماتیک رۆژی سێشەممە بخوێنەوە




Reklam

کورد لە بەغدا پێویستی بە پەرلەمانتاری ئیسلامخواز و میللەت پەروەرە

دەنگ بدە بە
لیستی کۆمەڵی ئیسلامی
٣٥٢
ناظم عبدالله رشید
خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە فیکری ئیسلامیدا
ژمارە ( ٢ ) سلێمانی


# Rûdaw


خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو
سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
نوێنەری ئەورووپا : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
دیزاینەران : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997
ناونیشان: هەولێرـ بەرامبەر نیوستی Tel: 0750 488 56 96 rudaw@rudaw.net www.rudaw.net



Reklam

شەریعەتی ئیسلام هاندەرمە بۆ
پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی میللەتەکەم و هێنانەدی تەواوی مافەکانی

دەنگ بدە به

عەبدولستار مەجید

لیستی کۆمەڵی ئیسلامی
بازنەی هەولێر
٣٥٢
ژمارە ٢

دەنگت ئەمانەتەو شایەتییە



Reklam

HOMA company

کۆمپانیای هوما بۆ دابەشکردن و بلاوکردنەوەی
هەمو گۆڤارێکی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان

Exclusive Agent (Cedars International Traiding) تاکە بریکاری

مژدە مژدە...

تایم
نیوزویک
ایکونومست
بزنس ویک
مید
ok
رۆتانا
مجلە مجلە
PC
مجلات ازیاء
خانوادە
اس ام اس
محـک
هۆتیا
....

مژدە .... مژدە
بۆ هەموو نووسەران و رۆشنبیران و مامۆستایان و بازرگانان و دکتۆرەکان و رۆناکبیران و هاوولاتیان, جارێکی تر کۆمپانیای هوما بەشی دابەشکردن و بلاوکردنەوە هەلدەستێ بە هێنانی هەموو گۆڤار و رۆژنامەیەك بە زمانی (( عەرەبی, انگلیزی , فارسی , کوردی, تورکی)) بە شێوەی ((بەشداربوون)) و ئامادەین بە زووترین کات بۆتان بنێرین بۆ ئەم شوێنەی کە مەبەستانە (کۆمپانیاکان, کونسلخانەکان, دامودەزگاکان, مالەکان, زانکۆکان, هەموو شارو شارۆچکەکان) بە زووترین کات لە رێکای بەرێوبەرایەتی پۆستەی هەولێر.

| بەغداد ئاژانسی (العین) بۆ راگەیاندن | سلێمانی: | کەرکوک: | دهۆك : | هەولێر : |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 0770 444 6855 | 0770 644 4007 | 0770 130 2585 | 0750 411 2413 | 0750 430 1612 |
| 0770 444 4330 | 0770 644 2022 | 0770 145 5917 | 0770 910 3868 | 0750 449 6264 |
| | 0770 644 4008 | | | 0750 483 6800 |
| | | | | 0750 483 6900 |

email: homa_co@yahoo.com